# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا     لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

### سەرپەرشتیارانی پرۆژە

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# ژولیا کریستیڤا

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

**بەشی چوارەم**

68

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# ژولیا کریستیڤا

وەرگێڕانی : کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 192 )



# ژولیا کریستیڤا

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نویَ، کە ئەمرۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نویَ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نویَ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرییارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمرۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# بایۆگرافیای جولیا کرسیتیڤا

ئا: د. لوقمان ڕەئوف

- نووسەر و زمانەوان و دەروونشیکار و فەلسەفەکاری فەرەنسی بەڕەچەڵەک بولگاری لە (1941/6/24) لە شاری (سلیفن)ی بولگاریا لەدایکبووە.

- باوکی ژمێریاری کڵێسا بووە، بۆیە لەگەڵ خوشکەکەی دەچێتە خوێندنگەی (فرنکوفی)ی مەسیحییەکان.

- دواتر دەچێتە زانکۆی (جۆفیا).

- دامەزرێنەری خەڵاتی (سمیۆن دی بوفوار)ـە.

- لەساڵی 1969 یەکەمین کتێب بەناوی (سیمیۆتیکا) بڵاوکردەووە و لە کایەی رۆشنبیری و ڕاڤەی رەخنەییە ناوبانگێکی نێودەوڵەتیی پەیداکرد.

-لەبواری زمانەوانی، دەقناوێزان، سیمیۆلۆژیا، تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبی و دەروونشیکاریدا خاوەنی چەندین کاری جیاوازە.

- یەکێکە لە کارەکاتەرە دیارەکانی پاش بونیادگەری.

- لە ساڵی 1965 دەچێتە فەرەنسا و رەگەزنامەی فەرەنسی وەردەگرێت.

_ هەر لە فەرەنسا سەرقاڵی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوە دەبێت.

- له ئێستادا مامۆستایه له زانکۆی پاریس دیدرۆ پاریس.
- ئەندامی کۆمەڵەی دەروونشیکارەکانە.
- له چەند زانکۆیەکی ئەمریکی و کەنەدی و ئەوروپی دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە.
- چەندین خەڵاتی وەرگرتووە: لەساڵی 2004 یەکەم خەڵاتی (هولبیرگ)ی وەرگرت.
- ساڵی 2006 خەڵاتی (هانا ئاریت)ی وەرگرت.
- ساڵی 2008 (ڤاسلاڤ هاڤیل)ی وەگرت
- ساڵی 2008 خەڵاتی (سینۆن دی) بۆ ئازادی ژن ڕاگەیاند.
- خاوەنی زیاتر له (35) کتێبە.
- ساڵی 1967 شودەکات بە (فلیپ)ی ڕۆماننوس.
- ساڵی 1970 له زانکۆی کۆلۆمبیا دەستدەکات بە وانەوتنەوە.
- پەیوەندیی بە گۆڤاری (تێل کێل)ەوە دەکات، کە (soller) دایمەزراندبوو.
- ساڵی 1979 بڕوانامەی باڵا، له دەروونشیکاریدا بەدەستدەهێنێت.
- ساڵی 1977 کتێبی (لەبارەی ژنی چینییەوە) دەنووسێت.

- سالّی 1970 دەچێتە چین.
- سالّی 2004 کتێبێکی لەسەر دەروونشیکاری و مۆدێرنە نووسی، بەهۆیەوە سالّی 2006 خەڵاتی باشترین شیکردنەوەی دەروونیی وەرگرت، بەهۆی باشترین کتێبی ئەو سالّەوە.

# نازیزم و ستالینیزم:
# دوو ئایدیۆلۆژیای لێکچوو

## گفتوگۆ لەگەڵ «ژولیا کریستیڤا»

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

«ژولیا کریستیڤا»، خانمە لێکۆڵەر و رەخنەگر و دەرووشیکارێکی بەناوبانگە، لە بولگاریا لەدایکبووە و خاوەنی زیاتر لە سی کتێبە، لەوانە: (بلیمەتیی ژنانە، 1999-2000). ئەم کتێبە سێ بەشە دەربارەی هەریەکە لە «هانا ئارێنت و میلانی کلاین و کۆلیت». ئەم خانمە لە فەرەنسا خوێندوویەتی، خاوەنی دکتۆرای فەخرییە لە زانکۆی هارڤارد، نیو سکوڵ فۆر سۆشیال ریزێرشن، تۆرنتۆ و سۆفیا. زۆر تێکۆشاوە لەپێناو جیاوازیی ڕەگەزیدا، لە کتێبەکانیدا هەوڵیداوە زۆر بە پتەوی مارکسیزم و فینۆمینۆلۆژیا و دەرونشیکاری و تیۆری ئەدەب تێکەڵبکات. یەکێک لە بەرهەمە دیارەکانی بەم ناونیشانەیە: «شۆڕش لە زمانی شیعریدا». کریستیڤا لە دیسەمبەری 2006دا خەڵاتی «هانا ئارێنت»ی بۆ فیکری سیاسی بەدەستهێنا. ئەم گفتوگۆیە ڕۆژنامەی «لیبراسیۆن»ی فەرەنسیی لەگەڵیدا ئەنجامیانداوە، تێیدا شرۆڤەی فەلسەفەی پووچێتی خراپە و تۆتالیتاریزممان بۆ دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئایدیاکانی «ئارێنت».

*** خانمە فەیلەسوفێک، نوسەرێک، دەرونشیکارێک، بەم دواییانە خەلاتی «هانا ئارێنت»ی بۆ فیکری سیاسی وەرگرت.**

–هەستدەکەم «هانا ئارێنت» ماوەیەکی زۆرە لەگەڵمدایە، هەر لەو کاتەوەی کە بایەخم بە فەلسەفە و سیاسەت و ژن داوە. ئەوە حیکایەتێکی درێژە. لەوەیش زیاتر، تەنانەت بە بێ ئەوەی بیر لەوەیش بکەمەوە لەبارەیەوە بنووسم، من هەر وەک هاوڕێیەکی ژیان سەیرم کردووە. ئەو حەزی لەوە بوو قەسیدەکەی شیللەری شاعیری ئەڵمانی بنووسێتەوە، چونکە دەیووت ئەو لەوێوە هاتووە، ڕێک وەکو من لە ڕیشەیەکی بەڵکانییەوە، ئەمەیش تێکەڵەیەک بوو لە مەسیحییەت و یەهودییەت. زۆرباش ئاگاداری ئەوەم سنوورەکان، وڵاتەکان، بەشەکان، شوناسەکانی تێدەپەڕاندووە. ئەو کەسێکی کۆزمۆپۆلیتان بوو. لێرەدا ئارێنت خۆی بەهیچ کۆمەڵەیەکی یەهودییەوە نەدەناساند، بەڵام نکوڵی لە هیچ کۆمەڵەیەکیش نەدەکرد. بنچینەکانی نەژاد و نەریتە کولتورییەکانی خۆی فەرامۆش نەدەکرد، بەڵام وەک شتانێکی ڕەها پێیانەوە پابەند نەبوو، لێرەدا بەدەمیانەوە دەچوو، بە بێ ئەوەی پێیانەوە بلکێت. ئەمە ئەو شتەیە کە لەم جیهانەی وا تێیدا دەژین، وەک شتێکی هەنووکی دێتە پێش چاوی من: تەنیا غەریبەکان بوونیان هەیە، لە دەرەنجامدا هیچ شتێکی غەریب (نامۆ) بوونی نییە.

## کۆمەڵگە مرۆییەکان:

**٭ هانا ئارێنت چەمکی «تۆتالیتاریزم»ی داهێنا و وەسفی «ئیمپراتۆریەتی خراپە»ی کردووە، ئایا لەگەڵ پەرەسەندنی توندڕەوی و دەرماگیریی ئایینیدا، فیکری ئەو بە زەرور دەزانیت؟**

– هەمیشە پێمانوابووە پەیامەکەی هانا ئارێنت، پەیوەندیدار بووە بە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی ئەورووپاوە، کاتێک هەردوو ئاراستە تۆتالیتارییەکەی نازیزم و ستالینیزم دەستیاندایە تێکشکاندنی توانای بیرکردنەوەی و فیکر، ئینجا دۆکترینی دژە سامی، تۆتالیتاریزم، ستالینیزم، کۆمۆنیزم، نازیزم و پۆپۆلیزمیان سەپاند. هەر ئەم دژایەتییەی فیکر لە کینەدۆزیی بەرامبەر بە ژیاندا دەرکەوتەوە. هانا ئارێنت لەگەڵ «سەتحییەتی ژیانی مرۆیی»دا نەبوو. بەلای ئەوەوە خراپە ڕیشەی هەیە. دوو کەسی وەکو هیتلەر و ستالین و ئایدیلۆژیاکەیان بڕیاریان لەوە دەدا، کە ژیان «شایەنی» هەندێک کەس {یان گروپ} نییە، بۆیە دەبێت بمرن. لەم کۆنتێکستەدا دەکرێت پاکتاو بکرێن و کەسیش قسە نەکات. ئەو لە کاتێکدا ئەمەی وت کە خەڵکی بڕوایان بە بوونی حزب هەبوو لەنێوان هەردوو ئایدیۆلۆژیای نازیزم و ستالینیزمدا. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەم دوو

ئایدیۆلۆژیایە چەندە لە یەکتری دەچن، بە تایبەتیش لەسەر ئاستی خاپوورکردنی فیکر و ژیانی مرۆیی. ئەمە بۆ مێژووی کولتور زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی دیاردەکە تەنیا تایبەت نییە بە ساڵانی 1930-1940، ئەگەرچی ئەو قۆناغەیش ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەوەی گرنگە سەرنجدانە لەو مێژووە و بینینی ڕەهەندەکانە، کەواتە فیکری ئارێنت ئێستاییە، مێژوو دووبارە نابێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا کەڵکەڵەی ئەوتۆ لای مرۆڤ هەن کە کینەی خود و ئەویتریش بەردەوام کەڵەکە و پتەوتردەکەن. ئەم کەڵکەڵەیە فۆڕمی دیاریکردنی فیکر و ژیان وەردەگرێت. لەم کۆنتێکستە هاوچەرخەماندا، هۆکارە ئابووری و سیاسی و مێژووییەکان هەرچییەک بن، هەرچەندەی ستەم هەبێت، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئایینەکان لە هەستانەوەدان، ئەمەیش ئەو حاڵەتەیە کە لە ئیسلامدا دەیبینین و پێیدەڵێین فەندەمێنتالیزم، هەمان ئەو شتەی کە کار بۆ بەرتەسککردنەوەی پانتاییە مرۆییەکان دەکات. ئارێنت ئا ئەمەی بینیووە و بە ناوی ژیانەوە دژی تۆتالیتاریم خەباتی کردووە، بە ناوی «هێزێکی بەرگەنەگیراو»ەوە لەپێناو ژیاندا. بەلای ئارێنتەوە «بژیت» واتای ئەوەیە بەناو «شادی»ی فیکر و حوکمداندا ڕۆبچیت.

*** پێتوایە لای هانا ئارێنت بەزەرورەت «بۆچوون» پێگەیەکی هەبێت؟**

-بەڵێ، مەسەلەکە پەیوەستە بە گەڕانەوەی سەنگ و قورسایی بۆ تاکەکەس. پێموایە لەمڕۆدا ئێمە «بۆچوون»مان شێواندووە، بەڵام لە هەمانکاتدا هانا ئارێنت دەیوت بۆچوون تاکە بەرەنگاریکەری توندوتیژییە. دیموکراسییەتی گریکی و ئاگۆرای ڕۆما لەنێو ئەودا نیشتەجێبوون، واتە پانتایی گشتی کە دەکرێت هەر تاکەکەسیک تێیدا دەربکەوێت. «دەرکەوتن» لە یەک کاتدا فیکر و حوکم دادەمەزرێنێت. ئەو پێیوابوو ئەمە زۆر بلیمەتانەیە، چونکە بیری لەوە کردەوە کە جوامێریی گەورە بەوە دادەمەزرێت، کە هەرکەسێک دەربارەی ئەوە قسە بکات کە بەشێوەیەکی تاقانە و دەگمەن تێیدا ژیاوە، بەمەیش هانی ئەوانیتر بدات بۆ سیاسەت و چوون بەرەو خۆ-وەدیهێنان (تەحقیقی زات). ئەم «دەرکەوتنە لە سیاسەتدا» لای ئارێنت زۆر جددی و نەوعی بوو. لەم ئایدیایەوە، لەم ئایدیای «دەرکەوتن»ەوە، گرەوێکی سیاسی کرد، نەک گرەوێکی ئایینی یان شیعری، بەڵام لە هەمانکاتدا غەمی ئێجگار قووڵی ئەوەی هەبوو، کە تێمانبگەیەنێت

ئایینی و شیعری بە تەواوەتی لەنێو نەچوون و ئێمە دەتوانین لە سیاسەتدا بیانبینینەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە شتێکی وەکو خەونە و هەندێ نوسەر ڕەخنەی ئەوەی لێگرت کە ئایدیالیزمە، بەڵام زۆر بە وردی وتی: لەم بانگەدا بۆ تاکایەتی و لەخۆتێپەڕاندن بەرەو وەدیهێنانی خود، ڕەگەزگەلێکی بەربەری هەیە کە بەرەنگار دەبنەوە، پێش هەموو شتێک لەبەرئەوەی بانگە بۆ تاک، بۆ کەس، بۆ دەرچوون لە کۆمەڵە سیاسییە، ئابورییە، نەتەوەییەکان، یان گروپ و شوناسەکانی دیکە، چونکە هەموو بۆچوونەکانی تاکەکەس لە کۆمەڵەکانی کاریگەری و دەسەڵاتدا دەستپێدەکات و دیاریدەکرێت و کۆتایی پێدێت، ئینجا وەک دەبینیت، کاتێک ئەم تاکەکەسە بیر لە وتنی ئەو شتە دەکاتەوە کە لەو دیوی خۆیەوەیە، داهێنان لە دڵی توندوتیژیدا دەکات: »من دژم، من تاکەکەسم، جگە لە من کەس بونی نییە... بەڵام ئارەزووەکان دروست دەکەم و لەگەڵ ئەوانیتردا بەشی دەکەم«. پانتایی گشتی بۆتە جۆرێک لە تێکەڵە لەنێوان تاکەکەسی گەورە و دابەشبوونی گەورەدا. ئا ئەمەیش دیسان منی ڕاگرت، چونکە لە جیهانی هاوچەرخدا کە

ئارێنت تێیدا نەژیاوە و لە ساڵی 1975دا مردووە، خەڵکانێکی سەرزیندوو دەبینین، یان چاوەڕوانی هەلێک دەکەن، تاوەکو لە لاوازیی خۆیان بێنە دەرەوە، قسە بکەن و پرسیار بکەن. ڕەنگە ئەمە هیچ دالێکی نەبێت، بەڵام ڕیزیکە، غەمی بانگکردنی داهێنانە دیاریکراوەکانە. دەبێت سیاسییەکان گوێیەکانیان بکەنەوە و ببیستن و بە دڵنیاییشەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بەڵام مەسەلەکە پەیوەستە بەو سنوورە جیاکەرەوەیەی ئێستای نێوان بەرژەوەندی گشتی و دەرکەوتنی تاکەکەسی. ئەگەر لەمڕۆدا لە جێگای ئارێنت بوومایە دەموت لەم سەردەمەدا ئامرازەکانی پەیوەندیگیری نواندنەوەیەکی روون و ئاشکرای ئاگۆرای گریکییە، بەڵام سیاسییەکانمان نازانن چۆن بوار بۆ داهێنانگەریی بکەنەوە.

## ئایکۆنەی فێمێنیزم

***تۆش وەکو ئەو فێمینیزم ڕەتدەکەیتەوە؟**

-ئەو ساڵانێک، بەتایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بووە ئایکۆنەی فێمینیستانە، من هەموو ئەم شتانەدا لە خۆمدل نابینم. بەلای منەوە فێمینیزم زۆر هاوکاربووە بۆ ئازادیی ژن، بەڵام خۆی لەنێو

هەموو ئەو بزووتنەوە ڕزگارییانەدا قەتیسکردووە کە دواتر بوونە تۆتالیتاریست. پێشنیاریان بۆ کردم کتێبێک دەربارەی ژنان بنووسم، ئەو کاتە بڕیارمدا کتێبێک دەربارەی سەرکێشی و ڕیسە تاکەکەسییەکانی ژنان بنووسم، چونکە پێموایە ئەم کولتورە ئەوروپییە لەسەر ئەو ئایدیایە بەندە کە ئازادی بە بێ مەعریفەی تاکەکەس، بە بێ یەکترناسینی شار، بوونی نییە. وێڕای ئەوەیش ئەوە یەکێک بوو لە غەمەکانی ئارێنت. ئەو دەڵێت ناوەندی سیاسەت وا لە دەرکەوتنی تاکەکەس لە فرە پەیوەستیدا. ئەو چارەنووسی پیاو و ژن، بەبێ پلەبەندی، لە دڵی دیموکراسییەتی بۆچوونەکاندا دەبینێت. بڕیارمدا کتێبەکە دەربارەی بلیمەتی ژنانە بێت، جۆرێک لە بانگهێشت بوو، چونکە عادەتەن بلیمەتەکان نێرینەن. بیرم لەوە کردەوە، کە پێویستە ژنێک بدۆزمەوە جەوهەری ململانێی مێژوویی ژیانی سیاسی و ڕیسکی فیکر لە سەدەی بیستەمدا بەرجەستە بکاتەوە: هانا ئارێنت خۆی بەسەرمدا سەپاند. هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو کە بەشی یەکەمی «بلیمەتیی ژنانە: هانا ئارێنت یان کردە وەک لەدایکبوون و غەریبایەتی»م بۆ ئەو تەرخانکرد. سەدەی بیستەم سەدەی ململانێ بوو لەنێوان ژیان و مردندا، کە ئەو بە بەرهەمەکانی بەنێویدا تێپەڕیوە.

## فۆرمەکانی تۆتالیتاریزم

***بۆچی بڕیارتدا خەڵاتی هانا ئارێنت بدەیت بەو کۆمەڵەیەی وا هاوکاری ئەو ژنە ئەفغانییانە دەکات، کە دووچاری ئازاری سوتان بوون؟**

-کاتێک خەریکی ئامادەکردنی دەقەکەم بووم بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، بە ڕێکەوت لەو زانکۆیەی کە وانەی تێدا دەڵێمەوە، فیلمێکم بینی. مەبەستم لە «نیو سکوڵ فۆر سۆشیال ریزێرشن»ە لە نیویۆرک، کە لە بیستەکاندا لەلایەن چەپە توندڕەوەکانەوە دروستکراوە. ئەم زانکۆیە لە ماوەی جەنگدا پێشوازی لە لیڤی شتراوس کردووە، ئینجا پێشوازی لە هانا ئارێنت کردووە، دوای ئەوەی ئەوروپای بەجێهێشت، هەلووەت ئارێنت لە ئۆردوگای گێرس لە فەرەنسا دەستبەسەرکرابوو، دواتر لەوێ هەڵهات. جا کاتێک ئەم فیلمە فەرەنسییە دیکۆمێنتارییەم بینی، کە ژیانی ئەو ژنە ئەفغانییانە دەگێڕێتەوە وا بەدەست ئازاری سوتاوییەوە دەناڵێنن، پرسیاری ئەوەم کرد چۆن دەتوانین فیکری هانا ئارێنت تازە بکەینەوە و بیکەینەوە فیکرێکی هاوچەرخ. ژنانێک کە پەچە دەپۆشن و نابینرێن، قوربانی چەندین جۆری توندوتیژین و بە تایبەتییش توندوتیژیی خێزانین و مافی ئەوەیشیان

نییە لای خەڵکی سکاڵای حاڵی خۆیان بکەن. کە فیکری سیاسی فریایان ناکەوێت، ئەوا ڕێگایەکی دیکەیان نییە، جگە لە بەخۆداکردنی بەنزین و داگیرسانی شقارتەکان، تاوەکو خۆیانی پێبسوتێنن. فیلمەکە بە ڕوونی خێزانەکانی ژن و مێردەکان پیشان دەدات کە دیمەنەکە دەبینن، بەڵام بێباکن و ناخیان ناجوڵێت. جاوربار هەندێکیان دەیانبەن بۆ نەخۆشخانە، هەڵبەت ئەگەر نەخۆشخانەیەک هەبێت، لەوێ هەوڵدەدەن بە موسەکینات و ئەنتی بایۆتیکەکان چارەسەریان بکەن. کاتێک گەڕامەوە بۆ فەرەنسا، لەڕێگەی هاوڕێیانەوە لە کۆمەڵەی مارسیلیا «هوکانی تیرا»، کە بە هاوکاری ئەمریکییەکان دامەزراوە، نەخۆکشخانەیەکم لە «حیرات»، لە ئەفغانسان، دۆزییەوە کە سوتاوییە زۆرەکان چارەسەردەکات و گرنگی بەو نەخۆشانە دەدات، کە کەم ئەندام بوون، بەڵام بە زیندوویی ماون. پێویستە بەردەوام بین لە هاوکاریکردنی ئەو ژنانە و پیشەیەکیان فێر بکەین، پێویستە ڕووپێوییەکی سۆسیۆ-پەروەردەیی خۆیان و ژینکە کۆمەڵایەتییەکەیان بکەین و کاری سیاسی بکەین بۆ تێکەڵبوونیان. لە دڵی خۆمدا وتم دەبێت ئەم خەڵاتە ببەخشم بەم ژنانە، چونکە بە بڕوای من

ئەمانە جومگەی بەیەکگەیشتنی غەمی هانا ئارێنت بۆ ڕێزگرتن لە تاکەکەس لە سیاسەتدا و یادی سەد و پەنجا ساڵەی فرۆید، کە ئێجگار دوورە لە ئارێنتەوە، پێکدەهێنن. ئارێنت ڕقی لە دەرونشیکاری بوو. پێموایە ئەم ڕقەی ئەو هۆکاری تایبەتی و کەسییانەی هەبوو، هۆیەکی سەرەکییش ئەوەبوو کەو بە تەواوەتی ئاشنای نەبوو. بەلای ئەوەوە، دەرونشیکاری جۆرە گوتارێک بوو، کە مرۆڤ دەخاتە چوارچێوەی وێنەکانەوە. بە بێ ئەوەی پێوانەی ڕەهەندی شیعری بکات. ئەم بۆچوونەیش لەگەڵ فیکری ئەودا گونجاو بوو. ئەم جووڵە سیاسییە ئامانجی ئەوەیە تاکەکەسەکان، نێرینەکان و بەتایبەتییش مێینەکان، لە «مافی دەرکەوتن» بەهرەمەند ببن.

# پۆستمۆدێرنیزم

ژولیا کریستیڤا
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

چەمکی «پۆستمۆدێرنیزم» زۆر بە کەمی لەنێو دیبەیتە فەرەنسییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بۆیە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی چاپە ئەمریکییەکە، نیشانەی پرسیار خراوەتە سەر ناونیشانی وتارەکەی کریستیڤا. وێڕای ئەمەیش بەکارهێنانی چەمکی «پۆستمۆدێرنیتی» لە پەیوەندیدا بە تیۆرە فێمینیستییەکانەوە بەزۆری بۆ خۆی کێشەیەکە. کریج ئۆینز ساڵی 1983 دەڵێت «غیابی ئەو مشتومڕانەی کە تاوتوێی جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەکەن» و «کەمی ڕێژەی ژنان لەو دیبەیتانەدا کە لەبارەی مۆدێرنیتی و پۆستمۆدێرنێتییەوە کراون، وەها دینێت بە زەینماندا کە پۆستمۆدێرنیتی داهێنانێکی تری پیاوانە، ئینجا بە جۆرێکیش داڕێژراوە کە ژنان نەگرێتەوە» (Foster, (ed) 1985, p61). میگان مۆریس ئەم گوزارەیە دەبینێت و سەیری کۆمێنتی نوسەرەکانی دیکەیش دەکات لەسەر هەمان بابەت، وەڵامی ئەم بۆچوونە دەداتەوە و لە (دەزگیرانی چەتەکان) (1988)دا لیستێکی شەش لاپەڕەیی لە بەرهەمە ژنانەکان ڕیز دەکات، کە لە چوارچێوەی هەمان بابەتی پۆستمۆدێرنیستیدا بوون، لەم لیستەیشدا بەرهەمەکانی کریستیڤا و شوێنکەوتوانی دیکەی تیۆری فێمینیزمی فەرەنسی، حیساب کراوە.

هۆکاری دانانی کریستیڤا لەم لیستەدا بە تەواوەتی ڕووننییە. ئاماژەکانی ئەو بۆ ئەدیبە مۆدێرنیستەکانی وەکو (پاوەند، سیلین، مایاکۆڤسکی، مالارمێ)، لەم وتارەی ئێستا و بەرهەمەکانی دیکەیشیدا، هەورەها سەرسوڕمانی ئەو بە دۆزینەوە تاکەکەسییەکان لە ئەدەبی مۆدێرنیزمدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە دەستەجەمعییەکانی میدیای چڕوپڕ، ئەوە بە بیرماندا دەهێنێت کە کریستیڤا هەڵوێستێکی نەرێنی هەبووە بەرامبەر پۆستمۆدێرنیزم. لەلایەکی دیکەیشەوە، ئاماژە زۆرەکانی بۆ ئەدیبە پیاوەکان و قسەوباسەکانی دواتریشی دەربارەی فۆرمەکانی چالاکیی سیاسی، بووە مایەی ئەوەی کە پرسیار بخرێتە سەر ڕۆڵی ئەو لە تیۆری فێمینیزمدا.

دەتوانین بڵێین پاساوەکانی هەڵوێستی کریستیڤا وا لە ئارەزووە گومانگەرییەکەیدا بەرامبەر نەزم و سیستەم و دابەشکارییەکان کە لێکەوتەی پێکەوەسازان و تەبایی گشتیین، ئینجا وا لە تیۆرە هەڵوەشاندنەوەگەراییە دەروونییە سیمۆتیکییەکەیدا دەربارەی زمان و شوناس، ئەمە ئەو شتە نوێیەیە کە بەشدارییەکەی ئەو خستوویەتییە سەر پۆستمۆدێرنیزم، ئینجا کاردانەوەی بەرامبەر زیادکردنی «نیشانەی پرسیار» بۆ ناونیشانی

وتارەکەی، ئەوەبوو کە وتی نوسینی پۆستمۆدێرنیتی «سنورەکانی مەدلول»یش دەگرێتەوە، بۆیە نوسینی پۆستمۆدێرنیتی، بە بێ ئەوەی پاساوە ئاینی و سیاسییەکان بیپارێزن، هەنگاوی زیاتر دەنێت و نوسینەکانی سەرەتا پاڵپشت دەکات. خۆ ئەگەر کریستیڤا پێیوابێت هونەر توانیوویەتی ئەو شتە دەربخاتەوە کە «نانوێنرێتەوە« (the ubrepresentable)، ئەوا واتاکەی ئەوەیە، هەر وەک لەنێو کارەکانی تریشدا ئاماژەی بۆ کردووە، خۆی لەوە دەپارێزێت دۆخی ژن بخاتە نێو چوارچێوەی «ئەوەی نانوێنرێتەوە«، واتە خۆی لەوە بەدوور دەگرێت بیخاتە نێو هەڵوێستی «ئەویتر»ەوە، کە بەلای پۆستمۆدێرنیزمەوە ئایدیاڵە، ئینجا بۆچوونی ئەو پەیوەستە بە بابەتگەلێکەوە، کە بە شێوەیەکی ڕەخنەیی، لە چەندین جێگای تری دیبەیت دەربارەی پۆسمتۆدێرنیزمدا، ئاوڕی لێدراوەتەوە.

**(دەقەکە):**

دەتوانین پرسیارەکە بەم جۆرە دابڕێژینەوە: یەکەم: چۆن دەشێت لە سەدەی بیستەمدا دەبارەی شتێک بنوسین؟ دووەم: چۆن دەتوانین دەربارەی

ئەم نوسینانە بدوێین؟ ئەم شێوازی داڕشتنەوەی پرسیارە ئەوەمان لێدەخوازێت، ئەو خاسیەتە تایبەتیانەی سەدەی بیستەم ڕوونبکەینەوە، کە کاریگەرییان لەسەر چالاکیی ئەدەبی هەبوو. لەسەر ئەم بنەمایە، هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یەکەمجار دەگۆڕێت بە لێکۆڵینەوەیەکی مەعریفی، ئینجا دەگۆڕێت بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی مێژوویی. من لێرەدا سەرنجی خۆم لەسەر ئەم دوولایەنەی لێکۆڵینەوەکە چڕ دەکەمەوە.

یەکەم: ئەو زانستانەی کە لە توانا ڕەمزییەکان (زمانناسی، سیمیۆلۆژیا، دەروونشیکاری، مرۆڤناسی) دەکۆڵنەوە و لێکۆڵینەوە دەمارناسی و بایۆلۆژییەکانیش، ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە دانانی زمان لەنێو چوارچێوەی ئەزموونی مرۆڤایەتیدا کارکردێکی یەکلاکەرەوەیە، بەڵام لاوازیشە.

زمان فاکتەرێکی دیاریکەری یەکلاکەرەوەیە، لەبەرئەوەی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕەمزین. کەشفکردنی نائاگایی، رووی ڕاستەقینەمان پیشاندەدات، نەک لەبەرئەوەی جەبرییەتی سێکسی وەک بەڵگەنەویست و شتێکی بێچەندوچوون وەردەگرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوە دەردەخات، کە سێکس دەچیتە خانەی نائاگاییەوە، ئینجا

نائاگایی نەزمێکە کە لەسەر بنەمای سیستەمی زمان دامەزراوە. ئەوە گرنگە کە میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکان لە میانەی ئەنترپۆپۆلۆژیای بونیادگەرییەوە روونبکرێنەوە، نەک بەو هۆیەی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ژن کەرەستەی ئاڵوگۆڕە، بەڵکو بەو هۆیەوە کە دەریدەخات تاکەکەسەکان هیچ نین، جگە لە گۆڕاوە زوو تێپەڕەکان لە ماشێنێکدا کە قبوڵکردن و رەتکردنەوە، نەرێنی و ئەرێنی، شەیدایی و دوژمنکاری دووبارەدەکاتەوە و کۆنترۆڵی بونیادی دەنگییانەی زمان دەکات، ئەمەیش لە ڕوانگەی نەرگسییەتی ئەنترۆپۆلۆژییەوە شتێکی ڕەتکراوەیە و قبوڵناکرێت.

زمان هەبوویەکی فشۆڵە، چونکە هەر زمانێک تەنیا بەشێکی چکۆلەیە لە کۆی ئەزموونی ڕەمزی، وەک ئامرازی وردبینیی زمانییانە بە پاڵ هەمەجۆرییەکانی گفتوگۆوە دەربارەی پەیوەندیی زمانییانەی ئەو زمانە. دروستکردنی مەترسی لەسەر کۆگای بایۆلۆژی غەریزەیی ئاگاییانە تەنیا لە شریتی ناسکی زماندا کورتنابێتەوە، بەڵکو خودی دیاردەی ڕەمزییش دەگرێتەوە، لەبەرئەمە چەند نیشانەیەکی جەستەیی و چەپاندن و غەمی لێوە دەردەکەوێت، لەمانەیشدا ئەو شتەی کە ئیمکانی ئەوەی نییە

بگۆڕێت بۆ ڕەمزی، یان بچێتە پانتایی ڕەمزییەوە، فۆرمی نوسین وەردەگرێت، ئەم فۆڕمەیش لەسەر بنەمای گۆڕاوێکە کە لە بۆشایی تایبەت بەخۆیدا، واتە لە چوارچێوەی رەمزدا تۆمارناکرێت، جا لەبەرئەمە هەرگیزیش تۆمارناکرێت، کەواتە یان هاوار دەکات، یان دەخنکێت.

هەروەها زمان لە دۆخی خۆیدا، وەک ئامرازێکی ڕاستەقینەی پەیوەندی، هەبوویەکی لاوازە، بۆیە لەلایەن ئەو زانستانەوە کراوەتە بابەتی لێکۆڵینەوە کە لۆژیکی سەدەی نۆزدەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە. کاتێک کۆگای بایۆلۆژی نەزمی ڕەمزیی تووشی مەترسی دەکات، ئەوا هەبووی قسەکەر خۆی ئاشکرادەکات و دەتوانێت ئەوە پێکبهێنێت کە لە زماندا ناتوانرێت دەرببڕدرێت و بنوێنرێتەوە، کەواتە لەم دۆخەدا ئایا ئێمە لە حاڵەتی خولقاندنی هەڵگەڕاوەی زمانەکان و نەزمی زمانی و گوزارشتە بێ سنوورەکاندا نین، کە هەوڵدەدات بە زیندوویی بمێنێتەوە و هەبوویەکی ئێستاتیکی تەواوکارانەمان پێبدات؟!

خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کە زانستە مرۆڤایەتییەکان، زمان وەک ئامرازی بەزاندنی قەڵغانی واقیعیی عەقڵانییەت بەکاردەهێنن، ئەوا

ئـەوەش ڕاسـتـە، کـە ئـەم لێکۆڵینەوە مەعریفییە، تایبەتمەندی سـەردەمـی ئێستامانە، کـە هاوەڵی یەکێک لە گەورەترین هەوڵەکانە بۆ بەفراوانکردنی «سنووری مەدلول»، واتە بەفراوانکردنی بازنەی ئەزموونی مرۆیی لە میانەی دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕەگەزە هەرە تایبەتییەکەیەوە، کە ئەویش زمانە.

با بڵێین پۆستمۆدێرنیتی ئەو ئەدەبە تۆماکراوەیە بە ئامانجی بەرفراوانکردنی بازنەی مەدلول، ئینجا بەفراوانکردنی چوارچێوەی مرۆیی، پاشان ناو لە مومارەسەی کردەیی نوسین دەنێم «ئەزموونی سنوور». خۆ ئەگەر شێوازە نوسینەکەی «جۆرج باتای» بەکاربهێنین، ئەوا دەڵێین سنووری زمان نەزمی پەیوەندی، سنوورەکانی بوونی سوبێکتیڤ و سێکسی، سنوورەکانی مۆرکی کۆمەڵایەتییە. نوسین وەک ئەزموونی سنورەکان کردەیەکی تاقانەیە، ئەمەیش بـەراورد بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە وەزیفەکەی تەنیا کۆکردنەوەی نەزمی نیشانەکان و ڕەمزەکان، تەنانەت نیشانە و ڕەمزە نائاگایانەکانیشە. ئەم تاقانەییە تا قووڵایی ئەو ئامرازانە دەڕوات، کە پێکهێنەری ئەزموونی مرۆیین وەک ئەزموونێکی ترانسێندنتاڵ، هـەروەهـا تـا سوبێکتی یەکەمی نەرگسی تەمومژاوی درێژ دەبێتەوە، واتە قۆناغێک

کە تێیدا سوبێکت سەرهەڵدەدات، بۆئەوەی ڕووبەڕووی سوبێکتێکی دیکە ببێتەوە. نوسین وەک ئەزموونی سنوورەکان، بە ئەڵتەرناتیڤی گەڕانەوە بۆ ئەم میکانیزمە تایبەتیەی تاقانەیی دادەنرێت، کە خاسییەتی شڵەژانی عەقڵانی یان تێکچوونی پەیوەندییە بە واقیعەوە (psychosis)، لەبەرئەوە نوسین سەیرترین و نامۆترین کێبەرکێکاری دەروونشیکارییە. هەر لە سەردەمی فرۆیدەوە ئەوە ڕوونبوویەوە دەروونشیکاری جێگای ئەو ئەدەبەی گرتۆتەوە، کە بەهۆی خەیاڵەوە بەرهەمدێت و لە چواچێوەیدا قەتیسدەبێت. ئەگەرچی دەروونشیکاری ماوەیەکی کەمە و زۆر بە ئاستەم دەرکی بەوە کردووە، کە ئەدەب وەک ئەزموونی سنوورەکان، دەروونشیکاری لە تێکچوونی عەقڵی و هەموو ئاماکامەکانی ئەم تێکچوونە بێبەش کردووە.

خاڵی دووەم، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە مێژووی سەدەی بیستەم، لەچوارچێوەی لێکدژیی نێوان دەوڵەت و ئەخلاق یان ئاییندا، زنجیرەیەک ڕووداوی کتوپڕ و لە ناکاوی لەگەڵدا بوو. هەر لە سەردەمی جیاکردنەوەی سیاسەت و ئایینەوە لە سەدەی نۆزدەدا، دوو دەرەنجام لە دوو بواری جیاوازدا

دەرکـەوتـن. یەکەمیان لـە بـواری سیاسەتدا، کە عەقڵانییەتی ئابووریی زۆر بە توندی و وردی ڕێکـخـرابـوو و تـرۆپـکـەکـەیـشـی سـەنـتـراڵـیـزمـی تەکنۆکراتی بـوو، ئەویتریان لە بـواری ئەخلاقدا بـوو، کە کەلێنێک دەرکـەوت و وەک بەرەنجامی نوقسانیەکی گەورە لە دامەزراوەکاندا (خودا پەنامان بدات) دەبینرا، بگرە وەک بەرهەمی نوقسانی ئەو زمانانە دەبینرا، کە دەتوانین بەهۆیانەوە گوزارشت لەو مەحالێتی و مەترسییە بکەین کە لەم دۆخەدا هەبوو. دوو کاردانەوەی شیمانەیی و چاوەڕاونکراو بۆ ئەم دوو بەرەنجامە هەبوو. ئەوانیش: یان ئەوەتا دەوڵەت دەرک بە جیاوکە ئەخلاقییەکان دەکات و تێهەڵکێشیان دەکات بە عەقڵانییەتە ئابورییەکەی، کە ئەمەیش بووە مایەی تۆتالیتاریزمی فاشیزم و ستالینیزم، یاخود دەوڵەت واز لەم گەمەیە دەهێنێت و ڕۆلی خۆی بەشێوەیەکی ناڕستەوخۆ، لە ڕێگەی لیبرالیزمی تەکنۆکراتییەوە دەگێڕێت، ئەمەیش دەبێتە مایەی زیاترکردنی مومارەسە ئێستاتیکییەکان لەسەر ئەو ئاستەی کە بۆ ئێمە گرنگە.

بۆ نموونە لە ئەوروپا، ئەدەب شوێن و پێگەی خۆی داگیرکرد، کە پێگەیەکی تەقلیدی بوو، وەک ڕێنماییکەرێکی متمانەپێکراو، یـان ڕەخنەگری

سیاسی، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا، خۆی لە بەردەم تۆتالیتاریزمدا بینییەوە. لێرەدا لەبارەی پاوەند و سیلین و مایاکۆڤسکییەوە دەدوێم. ئەم ئەدیبانە لە بەرهەمەکانیاندا لە هەردوو حاڵەتی واتا و سوبێکتڤیزم نزیک بوونەتەوە، بۆئەوەی پەرەیانپێبدەن و پاکژیانبکەنەوە و بیانخەنە نێو ژیانەوە، ئینجا دیوەکانی دیکەی بەرهەمەکانیاندا، رێکەوتی ئەو شتە دەکەن، کە ناوی دەنێم «تەڵزگەی پۆزەتیڤ»، واتە ئارەزوویەکی شێلگیرانە بۆ بینینی رۆحێکی دیاریکراو، واتە ئەو رۆحە پۆزەتیڤە ئیسپاتییە کۆکەرەوە هۆمۆژینییەی کە لە هەر ئایدیۆلۆژیا، یان تەنانەت هەر دەزگایەکی وەکو دەوڵەت و حزبدا هەیە، پاشان ئەوان ئەم ئارەزووە بە شێوەیەکی دژەبەرانە دەقۆزنەوە. ئەم هاوسەنگییە دژیەکەیش لەبەردەم ئەزموونی مردن، یان زیندووبوونەوەدا، کە نوسینە، یان باشتر بڵێین نوسینە وەک ئەزموونی سنورەکان، گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێتە قورساییەک، کە دەکەوێتە سەریان. کاتێک ئەدیبە بلیمەتە هۆشیارەکان، لەڕێگەی وانەکانی مێژووەوە، فریووە سیاسییەکان ڕەتدەکەنەوە، ئەوا زۆرجار ئایین ڕۆڵی ئەوە دەبینێت کە هۆشداری و عەقڵانیکردن و ئارامی

دەبەخشێت، یان ئایین چالاکییە سەرکێشانە پاساو نەدراوەکەیان پاساو دەدات. بەم جۆرە سۆلژینتسین (Solzhenitsyn) لە دژە جەمسەری سیلیندا ڕادەوەستێت.

پرسیارەکە ئەوەیە، داخۆ ئەم نوسینە ناچوونییەکە، هەر لە مالارمێ و جۆیسەوە، کە هەردووکیان پێکەوە ئەم جۆرە ڕادیکالێزمە هاوچەرخەی نوسین دەنوێننەوە و لە شارستانێتی و سەردەمەکانی دیکەی میراتی سۆفیگەریدا هاوشێوەی هەیە، لە فۆڕم و ئابووریدا گۆڕاوە یان نا. ئەگەر ئارتۆ و پورۆز وەک دوو نموونە وەربگرین، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەم نوسینە، لەوانەی پێش خۆی زیاتر ڕووبەڕووی ئەو نا-ڕەمزییەتە دەبێتەوە کە تایبەتمەندی حاڵەتی پەشۆکانی عەقڵییە، یان تایبەتمەندی پێکەوەگونجانی لۆژیکی و دەنگییە، کە واتا پووچەڵدەکاتەوە و چەندهێندەی دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە داوا دەکات گاڵتەی پێبکەین یان لێیهەڵبێین. ئەگەر ڕۆشنایی سەرنجمان بخەینە سەر باتای، یان بیخەینە سەر دژەکەی، واتە «سیلین»، دەبینین ئەم نوسینەی کە ئەزموونکردنی سنوورەکانە، یەکەمجار تووشی شێواندن دەبێت ، دواتریش جارێکی دیکە ڕادەپەڕێت و دژ بە لێواری

تیژی ئەو «کۆمیدیا»یەوە دەوەستێتەوە، کە هیگڵ بە بنەمای پەیوەندیی نێوان سوبێکت و ئامانجی باڵا، یان ڕۆحی هاوبەشی دادەنێت و گوزارشت لە لێکدژییەکی توند دەکات لەنێوانیاندا، بەر لە دەرکەوتنی ئەو ئایینەی کە مژدەی داوە. «دزێوی» لای هەر یەکە لە باتای و سیلین دەبێتە کۆمیدیای ڕەش. پێناچێت هیچ باڵابوونێک مومکین بێت تەنیا لە میانەی گەمەکردنێکی گاڵتەجاڕانەوە نەبیت بە زمان، ئەمەیش لە خۆیدا تەنیا بە جۆرێک لە خۆکردێتی هەڕەمەکی دەتوانێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت.

نوسینە پۆست-ئاییندەگەرییەکان و پۆست-سوریالیستییەکانیش سەر بەم ئاراستانەن، هەر هەموویشیان جۆرێک لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سەرەکیی لە ستایلدا پیشان دەدەنـەوە، واتـە ئەو شتەی کە دەتوانین وا تەفسیری بکەین دەرخستن و کەشفکردنی پەیوەندییە وەهمییەکەیە -واتـە پەیوەندی بە دایکـەوە-، لە ڕێگەی ئـەو زمانەوە کە لە لایەنە هەرە ڕادیکاڵ و کێشەئامێزەکانی ئەم پەیوەندییەیە. ئـەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش-ڕەمزی، بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی سەرواکان (قافییە)و ڕەگــەزدۆزی، ئەمەیش ئـەو شتەیە کە دژ بە واتا دەوەستێتەوە یان دایدەڕێژێتەوە. ئایا

ئەمە ئەو شتە نییە کە تەنانەت دوای دەرکەوتنی «رۆبەرت ویڵسن» و «جۆرن کیدج»یش لە سەر تەختەی شانۆ گوێمان لێی دەبێت؟ بەتاڵکردنەوەی زمان و پێچلێدان بە دەوریدا و شانۆی ئاماژەکان و دەنگەکان و ڕەنگەکان، ئەو کۆڵەکانەن کە ئەم ململانێ ڕاستەوخۆیە دژ بە پەشۆکانی عەقڵی، پشتیان پێدەبەستێت. سەیر نییە کە هەندێ لە هەوڵە فێمینیستییەکان لە نوسیندا، بەهۆی ئەم کەلێنانەوە لە واتادا، بانگەشەی ژنانەبوون دەکەن. ئەم هەوڵە فێمینیستیانە، کە بە ئاراستەی ئەزموونەکانی مالارمێ و جوێسدا دەجوڵێن، هیچ چۆنییەتی و تازەگەرییەکی ستایلیستانە، ئینجا ئەدەبیانەیشیان تێدا نییە، بەڵام ئەوە دەردەخەن کە ژنیش دەتوانێت هەوڵبدات، گوزارشت لە گفتوگۆ جەستەییەکەی خۆی لەگەڵ دایکدا بکات.

سەرەڕای ئەوەیش، نوسینی پۆستمۆدێرنیستی، وەک لە Tel Quel و بەتایبەتیش لە نوسینەکانی سۆیلەرزدا دەردەکەوێت، دەبێتە مایەی بایەخدان و گرنگیدانێکی نوێ و زیاتر بە دەلالەت (significance)، لە بەرامبەر ئایدیای داهێنان دەربارەی واتا لە سەدەی نۆزدەدا. نوسینی پۆستمۆدێرنیستی دووبارە شیعری گۆرانی و

داستان لەو شتەدا کەشفدەکاتەوە کە بە پرۆژەی دانتێ دادەنرا و لەنێو خۆیدا ئەزموونی فۆڕماڵی پێشینەکانی لەخۆ گرتبوو. ئەم نوسینانە، لە میانەی دیبەیتی بەردەوام لەگەڵ ڕووداو و لەگەڵ سیاسەت و لەگەڵ تەڵزگە سیاسی و سێکسی و شیزۆییەکاندا، هەم تلیاکی بوون و هەم پێوانەی بوونیشن. بۆ نموونە بەراوردی (Gulag) لای شۆلزینتسین و (Paradise) لای سۆیلەرز بکە.

نوسین مەعریفەیەکی پراکتیکییە لە چوارچێوەی خەیاڵ یان تەکنیکی خەیاڵدا. هەمیشەیش بەم شێوەیە دەوروژێنرێت و لاسایی دەکرێتەوە. نوسین لە چوارچێوەی ئارەزووی خەیاڵیدا، دەتوانێت ببێتە ئەزموونێکی دەستەجەمعی، ئیدی بەشدارییدەکات لە پێکهێنانی دەستەیەک، یان کۆمەڵێکدا وەک رەگەزێکی ناسک یان، بە جۆرێک لە جۆرەکان، وەک ڕەگەزێکی ئانارشیستی.

کاتێک خەیاڵ بەرەوڕووی نوسینی سنوورییانە دەبێتەوە، ئەوا دەگاتە خاڵێک کە تێیدا لە کۆمەڵگە و کۆمەڵ و گروپ دەڕواتە دەرەوە. ئەم نوسینە، بەو ڕەمزانەی کە ناکرێت لە خەیاڵدا کورتبکرێنەوە، گوزارشت لە ئەزموونی ئەوانیتریش دەکات. بۆ نموونە ئەزموونی دوژمنایەتی (شەرەنگێزی) هەیە

لەگەڵ دوا ئامانجەکانی و گوزارشتەکانیدا. خۆ ئەگەر شەرەنگێزی لەپێش و لە پاش زمانەوە بوونی هەبێت، ئەوا تاکە شتێک کە دەتوانین دەبارەی ئەمە بیڵێین پەیوەستە بەو بەشەی شەرەنگێزییەوە (یان بەو پاڵنەرەی مەرگەوە) کە شتەکان لێک جودا دەکاتەوە، تاوەکو ناوی تایبەتیان لێ بنێت، واتە ئەو بەشەی کە ڕەمزەکان دروستدەکات و دەردەخات. بەم جۆرە، نوسینی پۆستمۆدێرنیتی ئەم ئاڵوگۆڕکارییە لەنێوان ڕەمزەکان و مەرگدا دەردەخات، بە ناوەڕۆکەکان و ڕەوانبێژییەکانییەوە، بە خەیاڵەکانی و بە ستایلە زمانییەکەیەوە، بە دەستێوەردانە سیاسییەکەیەوە کە لە دزێوی و پێکەنیندا نوقمبووە.

لەم ئاستەی تایبەتمەندی و تاقانەییدا، گوزارشتە زمانییەکان ڕووبەڕوومان دەبنەوە، کە بە جۆرێکی وەها زیاد دەکەن لە کۆنترۆل دەردەچن، لەگەڵ ئەو ڕیسکەی کە ببنە کاریگەرییەکی فەرامۆشکراوی گەورە بەڵام نادیار، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا کە بەشیوەیەکی گشتی بەرەو دژەکەی دەڕوات، واتە بەرەو یەکگرتن و هۆمۆژینییەت. هەڵبەت ئاشکرایە ئیمە نموونەکانی کۆزێت یان باوکە گۆریۆ، یان ژولیان سۆریلمان لە نوسیندا نییە. ستافی پشتەوەی خەیاڵی تەموژاوی گۆڕاوە و بۆتە شاشەی

تەلەفزیۆن. نوسین ئا لەو کاتەوە بۆتە ڕابەرێک کە لە دەشتێکی نادیاردا پێشەنگایەتی کاروان دەکات. بێکێت بە شایەتحاڵییە گاڵتەجاڕ و شەیتانییەکەی خۆیەوە بە باشترین نموونە دادەنرێت. نوسین بە گومانەکەیەوە لە نائاگاییدا، کە لە بازنەیەکی بەرفراواندا بەرهەمدەهێنرێت و، بە دوودڵییەکەیەوە لە خەیاڵگەرییە هەواییەکەیدا لای هەموو تاکەکەسێک، وننابێت. وێرای وەسوەسەکانی، ناوچە هەرە تاریکەکانیش دەبەزینێت کە ترس و غەم و تەحەدای ڕوونی شەفەییانەی تێدا دروستدەبن. ئەم جۆرە هەوڵە بۆ کەشفکردنی سنوورەکانی واتا، بەم شێوازەی کە هیچ جۆرە پارێزگارییەکی لێناکرێت و پاساو نادرێت، لە مێژووی پێشتری مرۆڤایەتیدا ڕووینەداوە. مەبەستیشم لێرەدا بە بێ هیچ پاساوێکی ئایینی یان سۆفیگەری یان پاساوی تر.

ئایا جۆرێک لەم زمانە گوزارشتگەرییانە بەسەر ئەوانیتردا زاڵ دەبێت؟ چ زمانێکیان زاڵ دەبێت؟ من گرەو دەکەم لەسەر هەرە نزیکەکەیان و هەرە هەمەجۆرەکەیان و هەرە لەپێوانە دەرچووەکەیان و هەرە یاخیبووەکەیان لە دەربڕین، بەڵام ئەوەی لە دەربڕین دەخزێت، ئەوەی لە نواندنەوە یاخییە چییە؟ ئەو شتەیە کە بەشێک نییە لە هیچ زمانێک خۆی،

وەک ڕیتم و مۆسیقا و بۆنی غەریزی، ئەو شتەیە کە تەحەمول و حەوسەڵە ناکرێت، وەک شتێکی ترسناک و ئاستنزم بواری ئەوە نییە لە ڕێگەی واتاوە بیری لێ بکەیتەوە. نوسینی مۆدێرن دەزانێت چۆن، (بە گوزارشتی دیدرۆ) «مۆرکی مۆسیقی بدات لەوەی» کە لە سەردەمەکەی ئێمەدا ترسناک و ئاستنزمە، سەردەمی ماسکەرە و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان. سەردەمی ئەم مۆسیقا ئاستنزمەی کە دەتوانین تێیدا بژین بە بێ ئەوەی چاومان دابخەین و گوێمان بخنین. ئەمە فۆڕمی مۆدێرنی جیاواز لە حەقیقەتە.

سەرچاوە:

-مجموعة مؤلفين: الحداثة وما بعد الحداثة، إعداد و تقديم: بيتر بروكر، ترجمة: عبدالوهاب علوب، منشورات المجمع الثقافي، ابوظبي، الطبع الأولى، 1995، ص309-318.

# ژنان یەکەمین غەریبەن
# لە مێژووی ڕۆژئاوادا
## گفتوگۆ لەگەڵ «ژولیا کریستیڤا»

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

***تاڕادەیەک، شتێک لە بەرهەمەکانتدا هەیە، کە ئاماژە بۆ ئەنارشیزم دەکات، چونکە بەرەنگاری هەموو دەسەڵاتە دامودەزگاییەکانی سەردەمی ئەمڕۆمان دەبێتەوە، مەبەستم لە بەرەنگارییە بەڕووی: دەوڵەتە-نەتەوەکان، یان نەتەوە-دەوڵەتدا. دوای ئەم سەرنجە دەپرسم: دەتوانین تا چ ڕادەیەک باوەڕ و متمانەمان بە ئایدیای «مافەکانی مرۆڤ» هەبێت؟**

–من زۆر پەیوەستم بە ئایدیای «ئەنارشیزم»ەوە، ئەو ئایدیایەیشم لە چەندین کتێبدا دەربارەی شعر تاوتوێکردووە، ئایدیاکە یاخیبوونە لە ستەم و چەوساندنەوە، بەڵام دژ بە دەسەڵات یان یاسا نییە. هەرگیز خەیاڵی ژیانێکی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیم نەکردووە، بە بێ بوونی هەندێک پەیوەندیی لەگەڵ یاسادا. مەسەلەکە هەڵوەشاندنەوەی یاسا نییە، بەڵکو پەیوەستکردنەوەی یاسایە بە تێگەیشتنێکی فراوانمانەوە بۆ ئەزموونی مرۆیی، مەبەستم ئەوەیە پەیوەستی بکەینەوە بەو شتانەوە، کە زانستە مرۆڤایەتییەکان و مێژوو پێمانی دەڵێن، ئەوەیش لەپێناو ئەوەی یاسا کەمتر ئەبستراکت بێت.

با بابەتەکە وردتر دیاریبکەم: لە وڵاتێکی کۆمۆنیستیدا لەدایکبووم (بولگاریا)، شوێنێک کە تێیدا نە یاسا و نە «مافی مرۆڤ»یش بوونی نەبوو، لەبەرئەمە هەرگیز وەها بیرم نەکردۆتەوە، کە

خەباتکردن لەپێناو ئازادیدا ئیمکانی ئەوەی تێدایە دەستبەرداری «مافی مرۆڤ» ببێت، بۆ من بە پێچەوانەوەیە، دەبێت مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ یاسادا تەبا و گونجاو بن. من هەمیشە مافەکانی مرۆڤ دەخەمە بەرامبەر هێزی دەوڵەتی چەوسێنەرەوە. یاسا و مافەکانی مرۆڤ لێکدژی ئەم جۆرە دەوڵەتەن.

***لەو کتێبەکەتدا کە بەم دواییانە بە ناونیشانی «لەخۆمان غەریب» چاپ بوو، لەبارەی غەریبەکان (Estrangers)ەوە دەدوێیت، کتێبەکە دەربارەی نەتەوەیەکە کە پێویستی بە غەریبەکان هەیە، لەبەرئەوەی غەریبەکان هەمیشە وەک ڕەگەزێکی دەرەکی وێناکراون، ویستراوە غەریبەکان لە دەرەوە بن. بەپێی ئەوەی من تێدەگەم، ناوەڕۆکی ئایدیاکەی تۆ دەربارەی غەریبەکان ئەوەیە کە دەبێت درک بەوە بکەین، هەر یەکێک لە ئێمە لە ناو خۆیدا غەریبەیە. ڕاست بۆی چووم؟**

– ئەم کتێبە لە سەروەختی ئێستادا چەند لایەنێکی هەیە، ئەوروپا لەلایەن غەریبەکانەوە خراوەتە ژێر فشارێکی زۆرەوە. بۆ نموونە فەرەنسا ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرانی لەخۆی گرتووە، بەتایبەتیش ئەوانەی لە وڵاتەکانی باکوری ئەفریقاوە هاتوون،

بەڵام ئەو کۆچبەرانەی ڕوویان لە ئینگلتەرا کردووە لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون.

ئەوروپا وا هەستدەکات لەلایەن ئەم وڵاتانەوە لەژێر هەڕەشەدایە، ئینجا مەسەلەیەک هەیە کە کۆمەڵگەی ئەوروپی وروژاندوویەتی، ئەمەیش ئەندامانی نەتەوەی ئەوروپی (وڵاتە ئەوروپییەکان) پاڵدەنێت بەرەو کێبەرکێیەک کە کەسانێکی زۆر پێیانوایە تەحەمولناکرێت. ئینگلیزەکان ناتوانن بەرگەی کێبەرکێ لەگەڵ فەرەنسییەکان یان ئەڵمانییەکاندا بگرن. فەرەنسییەکانیش ڕۆحیان لەوە چووە ئەڵمانیا کێبەرکێیان لەگەڵ بکات.

ئێستا ڕەهەندێکی دیکە باسدەکەم: ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لەوێ دۆخی مەعنەوی و ئابوری لەڕادەبەدەر مەترسیدارە، لەبەرئەوە ئەم خەڵکانەی ئەوێ فشار لەسەر سنوورەکانمان دروستدەکەن. من لەوە دڵنیانیم کە خەڵکی لە ڕۆژئاوا هەر بە ڕاستی دەرک بەو سەختی و ناڕەحەتییانە بکەن، کە ڕووبەڕوومان بۆتەوە و سیاسییەکانیش زیاتر و زیاتر قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام تا ئێستا کەسی ئاسایی لە فەرەنسا، یان ئینگلتەرا لێی هۆشیار و ئاگادارن.

کـەواتـە «غـەریـبـە« چـەنـد لایـەنـێکـی هـەیـە، ئەو ڕەگـەزەیـە لـەم ڕۆژگـارەی ئەمڕۆماندا ئەم کێشە سیاسییانەی وروژانـــدووە. دەشـێت ئەم کێشانە لـەلایـەن سیاسییەکان، ئابوریناسەکان، پارێزەرەکانەوە، هەروەها بەگوێرەی یاسادانان و کەمکردنەوەی بێکاری و..هتد چارەسە بکرێن. لە ڕووی لاوەکییەوە ئەمە مەسەلەی قبوولکردنی «غەریبەکان»ـە لە وڵاتەکانماندا، بەڵام پێش هەموو شتێک ئەسڵی مەسەلەکە مەسەلەی هاوکاریکردن و هەماهەنگییە لەگەڵیاندا، بەتایبەتیش لە وڵاتە تایبەتییەکانی خۆیاندا، چونکە ئەوروپا ناتوانێت جێی هەموو ئـەم کەسانە بکاتەوە و هەموویان قبووڵبکات. ئاخر ئەمەیش سنوورێکی هەیە. دەبێت هەندێک لـە سامانەکانمان بەوانیتر ببەخشین، بۆئـەوەی بەشێوەیەکی باشتر بژین، بـەڵام چ لە ئەوروپا بەخێرهاتنی هاتووەکان بکەین، یاخود لە وڵاتانی خۆیاندا هاوکارییان بکەین، ئەوا هێشتایش دەبـێـت هـەمـوومـان ڕووبـــەڕووی مـەسـەلـەی «غەریبە« ببینەوە، چونکە ئەمە شتێکی زەروریيە، یان ئـەو شتەیە کە دەمـەوێت وەک جۆرێک لە

تیڕامانی کەسییانە و تایبەت، لەمیانەی ئایین یان دەروونشیکاریی، یان هەر بە سادەیی لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ دەروونداـ پێناسەی بکەم.

ئەمە بە واتـای کردنی ئەم پرسیارەیە: بۆچی غەریبەکان زۆر تووشی نیگەرانیم دەکەن؟ ڕەنگە شتێکی شاز لە ناو مندا هەبێت، یان کێشەیەکی بێچارەسەر لەنێو مندا بێت، یان ڕەنگە دەردێکی بێدەرمان لە ناخمدا بێت کە تووشی ئێش و ئازارم دەکات، جا لەبری چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەنێو خۆمدا، دەیهێنم بەسەر «غەریبە«کەدا، «غەریبە« وەک شتێک بۆ قوربانی و وەک ئاماژەیەکی روون بۆ هەموو کێشەکانی ئێمەی ئینگلیز و فەرەنسی و ئەڵمانییەکان.

ئـەم جـۆرە وردە شیکارییە خودییە کەسییە، لـە واقیـعدا واتـای دامـەزرانـدنـی ئاشتییە لەگەڵ شەیتانەکانی نـاو خۆماندا، لەگەڵ دۆزەخـەکـەی نـاوەوەمـانـدا. ئـەم شیکارییە سوبێکتییە دەشێت بمانوەستێنێت لـەوەی لۆمەی «غەریبە« بکەین. دەرهەق بە هەموو کێشەکانمان، دەکرێت لیکتێگەیشتن و هاوکاریکردنی دوولایەنە دروستببێت، ئەمەیش بەشداری لە مافەکانی مرۆڤدا دەکات

*** چۆن ئەم ئایدیایەی «غەریبە»، یان بیرۆکەی «لە خۆ غەریببوون» دەبەستیتەوە بە تیۆرەکانی ئاگایی ڕەگەزییەوە؟ بۆچوونێک هەیە کە بۆ وەسفکردنی پەرەسەندنی «فێمێنیزم» لە سەدەی بیستەمدا، زۆر بەکاردەهێنرێت، کە دەڵێت قۆناغی یەکەمی ئەم پەرەسەندنە دەربارەی شوناسی ژنان لەگەڵ پیاواندا بوو، قۆناغی دووەم دەربارەی شوناسی ژنان بوو دژ بە شوناسی پیاوان، بەڵام قۆناغی سێیەم کە ئەم سەردەمەی خۆمانە، ڕەواندنەوەی گومانە دەربارەی خودی ئایدیای شوناس، کەواتە ئایا ئەم بیرۆکەیەی «لەخۆ غەریب»ە پەیوەستە بە جیاوازیی ڕەگەزییەوە؟**

بەڵێ، ئەمە زۆر ڕاستە. کتێبەکەم بە مێژووی پەیوەندییەکان لەگەڵ «غەریبە« لە کولتووره ڕۆژئاواییەکانماندا دەستپێدەکات، کە پێموایە ئەوەی شایەنی سەرنج و گرنگیپێدانە ئەوەیە کە ژنانن یەکەمین «غەریبە« باسکراوەکانن لە مێژووی ڕۆژاوادا. ژنەکانی دانیایدس Daniaids لە ئەفسانە گریکییەکاندا و لە بەرهەمەکانی ئەسخیلۆسدا، ئەو ژنانەن کە لە دەرەوە دەگەنە وڵاتی گریک.

ئەو پرسیارەی لێرەدا ناچارین بیکەین ئەوەیە: داخۆ لەلایەن شاری گریکییەوە چۆن

پێشوازی لە «غەریبەکان» کراوە؟ وایدەبینم مەسەلەی «غەریبە« پەیوەستە بە جیاوازیی ڕەگەزییەوە. ئێمە، پیاوان و ژنان، بوونەوەری جیاوازین. ئێمە، ژنانی نەوەی من، دوای ساڵی 1927 پەرەماندا بە بزووتنەوەیەکی ژنانە کە یەکەم و پێش هەموو شتێک ئاوازیی جیاوازیی دەخوێند.

بۆ نموونە بەلای «سیمۆن دی بۆژوار»ەوە، مەسەلەکە وا لە دەرخستنی شوناس یان یەکسانیی ژنان لەگەڵ پیاواندا، هەر یەکێک لە تاکەکەسەکان دەتوانن بزانن بۆچی لەپێناو یەکسانی و لەپێناو مافی یەکسان و..هتد، خەباتیان کردووە، بەڵام بەلای نەوەیەکی دیکەوە، مەسەلەکە ئاڵۆزترە، لێرەدا ئەمە واتای بەرپاکردنی خەبات نییە لەپێناو یەکسانیدا. وێرای ئەوە مەسەلەکە داننانە بە جیاوازیدا، ئینجا بەرەوڕووبوونەوەی «غەریبەیی» strangeness و ژیان لەگەڵیدا، نەک وەک دوو پارتیزانی بەگژیەکداچوو، نەک لەسەر بنەمای کینە، بەڵکو وەک دوو بوونەوەری سەربەخۆ لەیەکتر، لەگەڵ ڕێزگرتن لەویتری «غەریبە»دا.

*** تۆ باست لەوە کرد کە سیمۆن دی بوڤوار بیرۆکەی یەکسانی لەسەردا بوو، بەڵام لەگەڵ پاڵ ئەوەیشدا تیۆری ژنانەی هەبوو وەک حاڵەتی بوونی ئەویتر، نەک بوونێکی دیارینەکراو، لە کاتێکدا کە دەبێت نێرینەیی ئەویتری جگە لەم ئەویترە بێت، بەلای منەوە ئەمە تاڕادەیەک هاوشێوەی ئایدیاکەی تۆیە کە پێماندەڵێت غەریبە کەسیکی دیارینەکراوە.**

– ئەوە ڕاستە، منیش وەکو هەموو کەسەکانی دیکەی نەوەکەی سەردەمی خۆم بە قووڵی لەژێر کاریگەری «سیمۆن دی بوڤوار»دا بووم، ئەگەرچی جیاوازی گەورە لەنێوانمادا هەبوو، بەتایبەتیش لە مەسەلەی پەیوەندیمان لەگەڵ فێمینیزمدا. پێموایە جیاوازییە سەرەکییەکە وا لە جەختکردنەوە و دووپاتکردنەوەی مەسەلەی دایکایەتی Motherhodدا. بە بڕوای من لە ئێستادا تاڕادەیەک دەشێت داوای شوناسی ژنانە بکرێت، بەڵام کێشەی «دایکایەتی» فەرامۆشبکرێت و نەکرێتە پرسێکی بنچینەیی.

ڕەنگە ئەوە بەهۆی ئەوە بێت کە «مەنعی سکپڕی» لەو وەختەدا زۆر سەرەتایی بوو و کەرەستەکانی ئەمڕۆ لە ئارادا نەبوون، ڕەنگە ژنانیش لە ڕووی

سێکسییەوە کەمتر ئازاد بووبن، بەڵام سیمۆن دی بوڤوار، وەک جۆریک لە کۆیلایەتی یان لەمپەری بەردەم ژنان سەیری دایکایەتی دەکرد.

بەڵام ڕوانگەی دەروونشیکاری، هەروەها ڕوانگەی زۆرینە ئەوەیە کە دایکایەتی پاڵنەرە بۆ کەشفکردنی دەروون و بەشداریکردنێکی بێ وێنە لە شارستانیەتدا. ئەمە جیاوازییە جەوهەرییەکەیە لەگەڵ تیۆرەکانی «سیمۆن دی بوڤوار»دا.

***وا دێتە بەرچاو، گرنگیدانی تۆ بە ژنان وەک دایکان، پەیوەستە بە بایەخدانتەوە بە دەروونشیکاری. چۆن وەک خانمێک دەستتکرد بە مەشقکردن لەسەر دەروونشیکاری، هەر ئەوەی کە ئێستا وەک دەروونشیکارێک بۆتە کاری خۆت؟**

- من لەبەر هەندێک هۆکاری مەعریفی بایەخمدا بە دەروونشیکاری، هەڵبەت هۆکاریی کەسییانە و تایبەتییش هەبوو. من لە زماندا، لە بواری «دۆخەکان-سنوور»دا خەریکی لێکۆڵینەوە بووم، بۆ نموونە دۆخی منداڵان بەر لەوەی بتوانن قسە بکەن، یان زمانی پەشۆکاوە عەقڵییەکان psychotics، گەیشتمە ئەو بڕوایەی، مامەڵەی زمانناسییانەی پەتی لەگەڵ ئەم دیاردانەدا زۆر گونجاو نییە.

لای هەر کەسێک کە قسەدەکات، هەروەها لای من لە وەختی تێبینیکردندا، ڕەگەزێکی زۆر سوبێکتیڤ بۆ ئەم کارە هەیە. بەم جۆرە هەستمکرد پێویستم بە مامەڵەی دەروونشیکارانە هەیە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لەم «زمان-سنوور»ە تێبگەم، هەروەها بۆئەوەی لە دەروونشیکارییشدا ببمە کەسێکی کارامە. هەر بەم شێوەیە دەبوو دەروونشیکاریی بۆ خۆیشم بکرێت و ملکەچی ڕاهێنانی شیکارییەکەی خۆم ببم.

بەم جۆرە هێدی هێدی دەستبەرداری کارەکەم لەگەڵ/ دەربارەی منداڵان بووم، ئێستا تەنیا لەگەڵ گەورەکاندا کاردەکەم، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان هەیە، واتە پیرەکان، ڕاستەوخۆ لەسەر قەرەوێڵەی شیکارییەکە دیوێکی منداڵانە پیشاندەدەن، لەبەرئەوە هەر سووربووم لەگەڵ منداڵاندا کاربکەم، ئەو منداڵانەی کە ئێمەی بە تەمەنین. من بیست ساڵە خەریکی ئەم کارەم.

**٭تۆ بایەخ بە قۆناغێکی زۆر زووی پەرەسەندنی منداڵ دەدەیت، واتە قۆناغی پێش-ئۆدیپی، قۆناغی پێش-زمانی. سیگمۆند فرۆید وەها لەبارەی ژنانەوە دواوە کە کیشوەرێکی دەروونشیکاریی تارین، بەڵام ئێستا زۆربەی دەروونشیکارەکان ئەوە دەردەخەن، کە ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵ کیشوەرە تاریکە ڕاستەقینەکەیە، ئەم ماوەیەیش پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی هەیە بە مەسەلەی مێینەییەوە.**

– بەرلەوەی خوو بدەمە دەروونشیکاری، پێموابوو چەند بەشێکی زمان بەسەر زمانی شیعریدا زاڵدەبن، کە لە «زایەڵەکانی منداڵان»یشدا هەیە. زمانی شیعریی زمانێکی میوزیکییە، بە زۆرییش واتا بەسەر مۆسیقادا باڵادەست دەبێت. بۆ نموونە لای «مالارمێ» زۆرجار لە زمان تێدەگەین، بەڵام لە واتا تێناگەین.

ئەم باڵادەستییەی نێو زمان یارمەتیدام تێبینی ئەوە بکەم، کە دروستکردنەوەی زایەڵە منداڵییەکان لە زمانی منداڵیدا واتای دوو شتە. قۆناغی پێش–ئۆدیپی کە مەسەلەی نەرگسییەت لەخۆ دەگرێت: نائارامیی سنوورەکانی «ئیگۆ»، توانا خەمۆکییەکان، بەڵام ئەمە ئەو ماوەیەیشە کە منداڵ، پشت بە دایکی دەبەستێت، بەم جۆرە زمانی شیعری موزیکیبوونی پێش–زمان دەردەخات، لەبەرئەوەی بەڵگەیە لەسەر نەرگسییەتە فشۆڵەکەی و، لەسەر پەیوەندیی نێوان دایک و منداڵ.

ئەمە لەسەرجەم ئەو بۆچوونانەدا ڕوون و ئاشکرایە، کە شاعیرەکان بانگەشەی بۆ دەکەن دەربارەی ئەوەی مێینە و دایکانەین و هەندێجار هۆسێکسواڵین. بۆ نموونە سەیری ڕۆماننووسی ئێرلەندایی «جەمیس جوێس» J. Joyce بکە،

لە ڕۆمانی «یولیسیێس» و ڕۆمانی «فینگس»دا دەکەوێتە نێو سیحری وێنەی مێینەی مۆنۆلۆگی «مۆلی» (Mouly)یەوە. ئەم نموونانە ئەوە دەسەلمێنن، کە من دەربارەی لایەنەکانی قسەکردنی منداڵ، کە لە گۆرانی دەچێت، وتوومە. ئەو لایەنانەی کە فۆڕمی وشە هەڵکۆڵراوەکان وەردەگرن. هەندێک لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ سەرقاڵە بە ڕێڕەوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەم «زمانە بەراییەوە» (Language archaic) یەوە، قۆناغی پێش-ئۆدیپی و پاشکۆیەتی دایکایەتی.

***زۆرێک لە بەرهەمەکانی سەرەتای کارکردنت ،دەربارەی تیۆر و سنوورەکانی زمانن، وا دەردەکەوێت کە بیرۆکە سەرەکییەکە هەر لە پێشەوە گریمانەی بوونی تاکەکەسێکی قسەکەر دەکات، تۆ تێرمی سیمیۆتیکت بۆ وەسفکردنی شتێک بەکارهێناوە، کە توندوتیژی لەسەر مومارەسە کراوە، لە پێناو ئەوەی ئیمکانی دروستبوونی تاکەکەسی قسەکەر بڕەخسێنێت. ئایا هەوڵتداوە بە شاراوەیی ئاماژە بەوە بکەیت، کە ئەو تیۆرە زمانییە ئەکادیمییە ئۆرسۆدۆکسییە، هەڵە بوو، یان تەنیا وەک پێویست ئاگایی بەرامبەر گریمانە بنچینەیی و سەرەتاییەکانی خۆی نەبوو؟**

– پێموانییە تیۆرە زمانناسییە نوێیەکان هەڵەبووبن، بەڵام سەر بە نەریتێکی مەعریفیین، ئەمانە دەستکەوتی زۆریان هەبووە، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ ئەو مەبەست و خولیا سوبێکتیڤانەدا دانامەزرێنن، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە دەروونشیکاریدا، یان لە هەردووکیاندا، بایەخی بەرچاویان هەیە. ئەمەیش وا دەخوازێت هەر لە پێشەوە جیاکاری لەنێوان سوبێکت و ئوبێکت، لەنێوان تۆکمەیی و ئاگایی قسەکەردا بکەین. لە ناکۆکی حاڵەتە نەخۆشییەکاندا، یان کاتێک کۆدی کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی توانەوەدایە، ئەم حاڵەتە دەبینین. کەواتە من نموونەیەکی نەخشەکێشراوم خستەڕوو بۆ پێکەوەگونجانی ئەم دۆخە دینامیکییانە، کە لەوێدا واتا هەمیشە و هەر لە پێشەوە، پێدراو نییە.

ئەمە ئەو شتەیە کە ناوی دەنێم دەلالەتکردن significance، یان سیمیۆلۆژیا کە پەیوەندیدارە بە گۆکردنی منداڵەوە بەر لە پێکهاتنی ڕستە syntax، یان پێش ئەو شتەی کە ناوی دەنیم «ڕەمزی». هەموو ئەمانە پێکەوە دینامیکییەتی زمان پێکدەهێنن، بۆ نموونە ئەم دینامیکییەتە لە هەندێ حاڵەتی زمانی شیعری «جەیمس جوێس»دا بە ڕوونی دیارە، بەڵام لە کاری ئەدیبە کلاسیکییەکانیشدا ئاشکرایە،

دەتوانیت گوێت لە نەغمەکانی ڕستەکانی «بالزاک» بێت، ئەگەر گوێی لی بگریت.

ئـەم دینامیکییەتە، وێـڕای سـەرکوتکردنـەکـەی، دەبینین لە گوتارە فێرکارییەکان، گوتارە زانستی و سیاسییەکانیشدا کاردەکات، کە زیاتر و زیاتر بەسەر عاتیفە و پاڵنەردا باڵادەست دەبن. بەم جۆرە دەتوانیت «تویژینەوەناسیی ڕەمزەکانی گوتار» (hupology of discourse)، لەسەر بنەمای ئایدیا سیمیۆلۆژییەکان، لەسەر بنەمای ئایدیا ڕەمزییەکان کە واتـای زمانی ڕاشکاو و یەکلاکەرەوەیە، لەسەر بنەمای تواناکانی گۆڕان، دابمەزرێنیت. توێژینەوە زمانناسییەکان هەڵە نین، بەڵام بابەتێکی دیاریکراو و مێژوویەکی تایبەتییان هەیە.

***ماوەیـەک لـە ژیـانـی پیشەیی تـۆدا لـە سـەرەتـای شەستەکاندا هەیە، ئەو کاتەی کە نەک تەنیا مارکسیست بوویت، بەڵکو ماویستیش بوویت، هەروەها چەند دەقێکی جیاوازت هەیە، کە هی ئەو سەردەمەن، لەوانەدا زمانی ماتریالیزمی دیالەکتیکی بەکاردەهێنێت و وەسفی وڵاتی «چین» دەکەیت وەک هەڕەشەکەرێک لە هەر سوبێکتیڤیزمێکی ڕۆژئـاوایـی بـاوەڕدار بە یەک خـودا، زۆریـش دەگەڕێیتەوە بۆ «ماوتسی تۆنگ» و «لینین». ئێستا خۆت چۆن ئەو دەقانەت دەخوێنیتەوە؟**

–وەک ئارکیۆلۆژیستێک دەیانخوێنمەوە کە بەدوای یۆتۆپیادا دەگەڕێت، ئەو دەقانە یۆتۆپیایان نیشاندەدا، یۆتۆپیایش گوزارشتبوو لە نەرێنیبوونی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین، نەک گوزارشت بن لە کۆمەڵگەیەکی پۆزەتیڤ. هەرگیز نەمانویستووە دۆکترینی ماویزم و لینینیزم لە فەرەنسا یان ئینگلتەرا یان هەر جێیەکی دیکە دابمەزرێنین، ئەمە هەڵە تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە دەیانویست بزووتنە ماویسییەکان «لایەنیکەم بزووتنەوەکەی ئیمە لە فەرەنسا» وەک بزووتنەوەی دۆگمایی پیشانبدەن.

بەڵام بەلای ئێمەوە، ئەوە شێوازی پرسیارخستنەسەر نەریتی ڕۆژئاوایی بوو. ئەوەی زیاتر سەرنجی منی بەرەو چین برد، تاویزم و ڕۆڵی ژنان بوو، پەیوەندیی نووسین بوو بە ئاماژەکانەوە، دەنگ بوو لە دەربڕینی زمانی چینیدا. ئەم ئایدیایانە ئاڵۆز و ناڕوون دەهاتنەپێش چاو، بەڵام تەحەدای هەندێک لەو ئایدیایانەی ڕۆژئاوایان دەکرد، کە هەر لە پێشەوە دروستکرابوون. وەک بینیشمان، پێش سوکراتییەکان و ماویستەکانی سەردەمە کۆنەکان پێوەی پەیوەستبوون. مەبەستمان لە «ماویزم»

ئەمە بوو، کەواتە ئێستا ئەمە چۆن دەبینم؟

نایابن، هەرگیز ڕەتیان ناکەمەوە، دەمەوێت جارێکی دیکەیش هەمان کار بکەمەوە، بەڵام شتێک هەبوو کە لەو کاتەدا فەرامۆشمانکردبوو، هەر ئەو شتەی کە تا ئێستایش دەمەوێت ئەنجامیبدەم. ئەم گرنگیدانە بە شێوازی نا-ڕۆژئاوایی وەک شێوازێکی پرسیارخستنە سەر کولتووری مەسیحی، ڕێگایەکی زۆر باشە، بەڵام وەک پێویست هەوڵدەدەین لە کولتووری مەسیحی خۆیشی تێبگەین، بەتایبەتی پەیوەندی ئەم کولتوورە لەگەڵ پرسیاری «ئەویتر»دا. بۆ نموونە، هەردوو کتێبەکەم «حیکایەتەکانی عەشق» و «لە خۆمان غەریب»، هەوڵدەدەن دابەشکارییەکە دووبارە بکەنەوە لە ڕوانگەی باوەڕنەبوون بەو نەریتە تیۆلۆژییەی بە میرات بۆمانماوەتەوە، کە دەبێت هەوڵبدەین لێیشی تێبگەین.

خولیایەکی مارکسی هەیە، کە وا لە هیگڵ دەکات لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە تیۆلۆژیا ڕاست بکەینەوە و لەسەر پێی خۆی بیوەستێنین. تیۆلۆژیا لە ڕووی مەعریفییەوە دەربارەی ئەزموونی مرۆیی زۆر دەوڵەمەندە. ئێستا دەکرێت تیۆلۆژیا بە هاوکاری دەروونشیکاری و

زماناسی کار بکات. زەرورەتی ڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی نەریتە تایبەتییەکانمان، خوێندنەوەی بە هاوسۆزییەوە، تێگەیشتن لە مەودایەکی دوورەوە لەم نەریتە تیۆلۆژییە، لەنێو ئەم جۆرە خەریکبوونە بە کولتوورە نارۆژئاواییەکانەوە پۆلێن دەکەم.

***یەکێک لەو شتە زۆروزەبەندە نایابانەی کە لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەتدا هەیە، ئەوەیە تەنیا یۆتۆپیایی نییە، بەڵکو واتای خەونێکی ئومێدبەخشیشی تێدایە و خۆیشت پێداگری لەسەر ئەوە دەکەیت، کە پێویستمان بەم ئومێدەیە. لە کۆتایی کتێبەکەتدا «شۆڕش لە زمانی شیعریدا» مەرجەعییەتێک هەیە بۆ ژیان لە کۆتایی قۆناغی 2000 ساڵدا، واتە ئەو قۆناغەی کە گواستنەوە لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداریی، ڕووداوێکی ڕواڵەتی چکۆلە دەنوێنێتەوە؛ لە کتێبی «حیکایەتەکانی عەشق»دا باس لەوە دەکەیت ئەو قەیرانەی تێیدا دەژین قەیرانێکی هەمیشەییە. داخۆ ئەم جموجوڵەی تۆ ئومێدی سیاسیی شەستەکانی سەدەی بیستی گەیاندووە بە شتێکی جیاواز؟**

– پێموایە بە شێوەیەکی ڕوونتر مەسەلەکە بۆتە مەسەلەیەکی جدی تر، من لەم ئایدیایەدا لەگەڵ تۆدا هاوڕام، کە ئەم قەیرانە قووڵتر دەبێتەوە. لەبارەی ئەم بابەتەوە زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوی قسەم کردووە،

نایشزانم ئاخۆ کەشفگەرییەکی خەونبینانەبووە یان نا. بەم دوواییانە ڕۆمانێکم بڵاوکردەوە بە ناوی «پیرەمێرد و گورگەکان»، سەرەتاکەی ئەوەیە، کە دەتوانم بڵێیم کوشتنی باوکمە لە نەخۆشخانەیەکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، بەهۆی ناکارامەیی پزیشکی و گوێپێنەدانەوە.

هەوڵمدا لەمیانەی ئەم شۆکە کەسییە تایبەتییەوە، بەرهەمێک دابهێنم، کە وەک میتافۆڕێک بێت بۆ ئەزموونی هەمووومان وەک گشتێک. جیهانەکەمانم —ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات- وەک جمکی قەیرانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی وێناکردووە، وەک گشتێک و وەک خاڵی لە بەها، پڕ لە ڕق و کینە، کە نازانێت بۆ کوێ دەڕوات، تەنیا دەزانێت ستالین و هیتلەری ناوێت.

تاکە بەهای پۆزەتیڤ ئەو بەهایا کۆنینانەیە، کە لە ئاینداریییەوە داتاشراون و لەگەڵ داواکارییەکانی سەربەخۆیی ڕەگەزیدا ناگونجێن. خەڵکی، زوو بێت یان درەنگ، خۆیان لە دۆخی بەریەککەوتن لەگەڵ ئەم دیاردانەدا دەبیننەوە. بەم جۆرە، بەها ئاینییەکان پێویستن، بەڵام هاوکات تەحەمولکردن و پێرەوکردنیشیان سەختە. وێنەیەکی تەواو ڕەشم کێشاوە. من خەمی قۆناغی گواستنەوەمە، نە هیچ ڕۆشناییەک دەبینم و نە هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤیش.

سەرچاوە:

-جوليا كريستيفا: الغرباء الأوائل في التأريخ الغربي هم النساء، 15 اغسطس 2009، نور الله، العرب اون لاين. Nourallah.com

# ئیرۆتیزم لەنێوان جەستە و واتادا

ژولیا کریستیڤا
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

بۆچی کەنیسەی کاتۆلیکی هاوسەرگیری لە ڕاهیبەکان قەدەغە دەکات؟ بۆچی هەندێک تەوژمی ئیسلامی، حیجاب پۆشین لەسەر ژنان فەرزدەکەن؟ چۆن دەتوانین ئەم هەموو ترسە لە ئـارەزوو و ئەم هەموو نکوڵیکردنە لە جەستە تەفسیربکەین؟ ئایا خودا دژ بە سێکسە؟ خودایی ناکۆکە لەگەڵ جەستەییدا؟ ئـەو هەڵوێستە بەهـێزە دۆگماییە کـامـەیـە، کـە دەربـــارەی مـەسـەلـە سێکسییەکان، چەندین لایەنگر و هاوبەشی پێکەوە کردۆتەوە؟ بەدڵنیاییەوە هەموو ئایینەکان بایەخیان بە سێکس داوە، بـەڵام لە شێوازی تەئویل و لێکدانەوەیاندا جیاوازن، چونکە هەموویشیان ترس لە سێکس لە دڵی پێڕەوکارانیاندا ناچێنن، هەرهەموویان هاوڕا نین لەسەر ڕەتکردنەوەی چێژ، هەموویان ژن بە سەرچاوەی فەوزا یان تەنیا ئامرازیک بۆ وەچە خستنەوە تەماشا ناکەن.

لەم وتارەدا، خانمە بیرمەندی فەرەنسی بە ڕەگەز بولگاری «ژولیا کریستیڤا» هەوڵدەدات مێژووی پەیوەندی نێوان سێکسوالیتی و سیستەمە ئایینییە جیاوازەکان، کە بوون و مێژووی مرۆیی لە قاڵب دەدەن، دیاریبکات. کریستیڤا پێیوایە نابێت پرسی

سێکسوالیتی لە شێوە خام و پەتییەکەیدا تەفسیر بکرێت، ئەو دژ بە هەوڵی هەندێک بایۆلۆژیست و یاساناسە، کە دەیانەوێت تەفسیرێکی بایۆلۆژی یان یاسایی ڕووت بۆ دیاردە مرۆییەکان بکەن، لەوانەیش مەسەلەی سێکسوالیتی، بەمەیش ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان فەرامۆشدەکەن... هەروەها واتاکان و ڕەمزە کولتووری و ئایینییەکان، کە لە پرۆسێسێکی دورودرێژیی زەمەنیدا دروست بوون، ناکرێت بە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشانەی دەقە ئاینییەکان تەفسیر بکرێن، بەڵکو دەبێت دەقە ئاینییەکان تەئویل بکرێن و ئەو گۆڕانە ڕیشەییانە لەبەرچاو بگیرێن، کە لە پەیوەندیی نێوان پیاو-ژندا ڕوویانداوە، ئەو گۆڕانانەی کە بە شێوازی جیاواز ڕەنگدانەوەیان لەسەر سروت و ڕیتواڵە ئاینییە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگاکان هەبووە. بە بڕوای کریستیڤا، «ڕەفتاری سێکسی» و «واتا ئاینییەکان»، لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی ئەزەلیدا ئامێزانی یەکتری دەبن، بە جۆرێک کە ناتوانین لە یەکتری جیایانبکەینەوە. لەکاتێکدا دامەزراوە ئاینییەکان هەر لە کۆنەوە بەشێوازی جیاواز چاودێر و دیسپلینکەری سێکسوالیتی بوون،

ڕێوشوێنەکانیشیان یان بەتووندی سێکسیان قەدەغەکردووە و سەرکوتیان کردووە، یانیش ڕێیان بە ڕیتواڵە پۆرنۆییەکان داوە لە پەرستگاکاندا. (و. عەرەبی).

**(دەقەکە):**

لە ڕاستیدا مرۆڤ وەکو ئاژەڵێکی قسەکەر، ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بە تایبەتی بوونەوەرێکی ئیرۆتیکییە. ئایینەکان ئەم شتە دەزانن، لەبەرئەوە ئیرۆتیکا، لە باشترین و خراپترین حاڵەتدا، دەکەنە بابەت و ماهییەتی خۆیان. ئاخۆ بەم ڕێگایەیە کە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی ئەخلاق بە مەبەستی سەرکوتکردنی سیکس، پێکدێن؟ ئایا ئەوانە لە ئیرۆتیکادا شارەزا و فرەژنن؟ لە کاتێکدا کە بزانین فرەژنی لە ڕیتواڵەکانیدا دەردەکەوێتەوە، خۆی خزاندۆتە نێو کتێبی سۆفییەکانەوە و لە ڕێگای هونەرە ستایشکەرەکانییەوە، لەگەڵ و دژ بە دۆگماتیزمەکان، نائاگایی شوێنکەوتوانی تێردەکات. داخۆ ئەمە سەرچاوەیەکی دەروونی و نێوان-کولتوورییە بۆ پرسێک لە زەمەنێکی پەشۆکاوی شارستانێتیدا؟

دوای ئەوەی «سێکسوالیتی»یەک کە کەوتبووە ژێر هەژموونی بایۆلۆژیا و یاساناسییەوە، کە تا ئاستی ئەستێرەبوون بەرزکرابوویەوە و ماسکی قوربانی و ئاستنزمیی پۆشیبوو، مۆدێرنیستەکانی ماندوو و شپرزەکرد، ئیدی ئەوان لە رۆژئاوا و دەرەوەی ڕۆژئاوا، هێرشیان دەستپێکردووە، بۆئەوەی ڕۆحانییەتە «تایبەتکراوەکان»یش بهێننە پێشبڕکێی بازاڕەوە. کە دەسەڵاتە ئاینییە باڵادەستەکان لەسەر سوبێکت، لە دەستی فەندەمێنتالیستەکاندا کۆدەبنەوە، لەوێدا دەبینین «قاعیدە« لێبووردەترە بەرامبەر «جوانچاکەکان»، «ئەوانیتر»، هۆمۆکان، ژنان...هتد. داخۆ ئەمە ئەفیونێکی نوێی گەلانە؟

زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵگە هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ لێکپچڕانی ڕەگەکانی ئەم «نەریت»ە و لە پیرۆزداماڵینی مرۆڤی ئایینی (homo religious)، هەر لە نیاندەرتاڵەوە تاوەکو مرۆڤی مۆدێرن، بەڵام هیچ شتێکیان لەو فریووە کاڵ نەکردەوە کە بواری ئایینی مومارسەی دەکات، بواری ئایینی وەک ئەو یەکتربڕەی کە تێیدا «ئارەزوو» و «قەدەغەکراوەکان» بە یەکتری دەگەن.

کتوپڕ، لە میانەی قۆناغێکی مرۆیی پێش مێژووییدا، جۆش و کوڵی سێکسی کەوتەبەر زەبری «چەپاندنی ئەسڵی»ەوە (فرۆید)، بەرهەمهێنانەوەی مرۆییش لە فۆڕمی هۆز (عشائر) و خێزاندا لەقاڵبدرا: لەئەشکەوتەکاندا وڕێنەی شامانییەکان دەبینینەوە، لەسەر ڕووی دیوارەکانیش ڕێسا سەرەتاییەکانی خزمایەتی، کە هاوکاتە لەگەڵ زینای مەحرەمەکاندا، نەخشێنران و هێشتایش ماونەتەوە: ئەم دووانە دوو رووی یەک دراون، بە جۆرێک کە یەکێکیان بە بێ ئەویتریان بوونی نییە. سێکسوالیتی کە لە جەوهەردا ناکۆمەڵایەتی بوو، دواتر لە لایەن خوداییەوە دەست بەسەر هەموو شێوازەکانیدا گیرا: سێکسوالیتی بووە شتێکی پیرۆز. تەنانەت لەژێر چەتری چێژی ڕەشیشدا، شەرم، وەک پلەی سفری ژیانی دەروونی، هەروەها مەرگیش، بوونە شتانێک لە پاڵ ئەم بوارە ترسێنەر و بەخوداییکراوەوە، لەمەیشدا ئەو هێمایەی بەخۆیەوە هێشتەوە کە ئاوازی پیرۆزیی تێدا بوو. مرۆڤی لاسکۆکس (Lascaux)، شۆڤییە (Chauvet) یان پێچ مێرل (Pech-Merl) هەست بە پەشیمانی ناکەن، بەڵکو ئەم هەستە بە وێنە دەکێشن، بە گرێی نۆیودس (noeuds) و بە «دەستە نەرێنییەکان» دەری دەبڕنەوە،

یان بەوە دەری دەبڕنەوە کە لەجیاتی ئارەزووی سێکسی خوو بدەنە پێشبڕکێی ئەسپەکان، یان ئاراستەی ماموٚسەکان (mamouths)ی بکەن، یان بیدەنە پاڵ ئەم زێ مێینە گەورەیەی، کە سەری گای بیسوٚن بەرزی دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە سەرکێشیی شوٚڤییەدا هەیە (لە 32000 ساڵ پ. ز). داماڵراو لە کوٚمەڵگەیەک کە بەو شێوازە ژیانە دەژی وا لە سەر ڕووی دیوارەکان جێیدەهێلێت، ئەم مروٚڤە نهێنیی دوٚخە ئەسڵییەکەی نیگار دەکات، گوٚرانی دەڵێت، سەما دەکات و نیگار دەکێشێت، بوٚ ئەوەی خوٚی بکاتە ئاژەڵێک و ژنێک. وەک تیرێز داڤیلا (Thérèse dAvila) ئاماژەی بوٚ دەکات «دەمرێت لە پێناو ئەوەی نەمرێت». وێڕای مەشقە ڕوٚحییەکانی ئیگناس دی لوٚیوٚلا (Ignace de Loyola)، کە پەیوەستە بە ئازارەکانی مەسیحەوە لە ڕێگەی تەوزیفکردنی هەستەوەرەکانەوە.

**• سەلمێنراوێکی ئەنتروٚپوٚلوٚژی:**

وەک هەوڵێکی بێوچان بوٚ ئاراستەکردنی سێکس لەنێوان مومارەسەی ئارەزوو و وەچەخستنەوەدا، فەزای ساختەبازانەی دەروونیی مروٚڤی عاقڵ و ئایینی (کە هەرگیز هەست بە ئاسوودەیی

ناکات) لەگەڵ مەحاڵ (مەرگ، جیاوازی ڕەگەزیی) دا تێکەڵدەبێت و بە درێژایی سەردەمە ئاینییەکان خۆی ڕاستدەکاتەوە و دەمێنێتەوە.

دەروونشیکاری لە ئیرۆتیکادا سەلمێنراوێکی ئەنترۆپۆلۆژی ساغدەکاتەوە: پێویستبوون بە ئایین، هاوتا لەگەڵ پێویستبوون بە مەعریفە. جۆرج باتای (1897-Georges Bataille) (1962) لە کتێبی ئیرۆتیزم (1957) (Erotisme) دا جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە، بەڵام ئەم دوو پێویستییە لە سایەی مرۆڤایەتی پۆست-تۆتالیتاریم و پۆست-ئەتۆمیزمدا، دەبن بە هەوا و با دەیانبات کە هەر لە پێشەوە لە نکوڵیکردنی ئەو ئیرۆتیزمەوە گلاون ،کە ئیرۆتیکا لە سێکسی لیبراڵی و سەرپێی و کورتخایەندا کورتدەکاتەوە. بخوێننەوە، گوێبگرن، ببینین: بەرزنرخاندنی پاڵنەرەکان (یان هەڵچوونە سێکسییەکان) ئەوەیە کە ئیرۆتیکا پێکدێنێت، تەنیا پاکژکردنەوەی فانتازیاکان لە وردەکاریی ڕەمز و نیشانەکان چێژ بەرەو باڵابوون دەبات. ئەوە ئەو حەقیقەتەیە کە لە ئەزموونی ئاییندا کار دەکات و لێی جیادەبێتەوە، هەر لە نیگارەکانی پێش مێژووەوە لەسەر دیوارەکان هەتا دەگات بە سرودە نوێژییەکانی باخ (Bach)، لە سەری

فڵچەکەی پیکاسۆوە تا دەگات بە قەرەویڵەکەی فرۆید (Freud). ئەمەیش بە پاڵ ئەو ئاستنزمی و پیسییەوە کە لە وەختی پیدۆفیلیا (دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵ) یان لە سزای سەنگەساردا پەخشدەبنەوە، ئەمەیش تەنیا بەوە تەفسیرناکرێت، بڵێین بەهۆی سەرکوتکاریی دامەزراوەکانەوەیە، بەڵکو ئەو سنوور و هەڵە شاراوانە کەشفدەکات کە لە پێکەوەژیانی خودایی لەگەڵ سێکسدا هەیە.

عەلمانییەت لەسەر هەقە کە سەرزەنشتی سنووربەزاندنە سەرکوتکاریی و تاریکبڕواییەکانی ئایینەکان دەکات، سەرکۆنەی ئارەزووی جیاکاری لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا، زێدەڕەویی لە هاوسۆزی لەگەڵ ئارەزووی «باوک»، خرۆشاندن، فریودان، گێچەڵپێکردن (تەحەروش)، یان چەوساندنەوەی ژنان یان دایک دەکات. ئەو زەمەنەی کە ئەم ململانێیەی تێدا دەگوزەرێت، ململانێیەکی تر دەکاتە ئەڵتەرناتیڤ، هێندەیش دڵڕەقانە نییە و نەفەسێکی قووڵیشی هەیە: «قڵپکردنەوەی بەهاکان» (نیچە)، تێکشکێنەری نەریتەکان، لە ڕێگەی گەیشتن بە جەوهەری ئەم فریودانە ئیرۆتیکییەوە، کە نەریتەکان، دروستی دەکەن و وزەی پێدەبەخشن.

بە دڵنیاییەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی پاشماوەی

بەهێزیان لە ڕەچەڵەکی ئەمیسییەوە لێ ماوەتەوە، بە خودا ژنانەکانەوە شادی دەگێڕن، ئەم ڕیتواڵە لە هیندۆییزم و تەنتەریزم (tantrisme)دا هەیە، کە تێیدا دووالیزمی جەمسەرییانەی گەردوونی لە ڕیتواڵی گاڵتەوگەپ (orgy)ی لینگا-یۆنی (linga-yoni)دا بەرجەستە دەبنەوە، هەر بەو جۆرەی کە یین و یانگ (yin-yang) لە ئایینی تاوییدا ڕێ بە ئەنجامدانی ڕیتواڵی هاوسەرگیری خوداکان دەدەن. ئەم ڕێبازەی دواییان دزەی کردۆتە نێو کۆنفۆشیۆنیزمیشەوە، هەروەها کۆمەڵگەی «بێ باوک یان مێرد»یش هەن، بۆ نموونە خێڵەکانی (NA) لە چینی ئێستا. لە کاتێکدا کە ڕاستی باڵا، براهما، لە سروشتێکی بێلایەنە (نە نێرە و نە مێ)، بەڵام بودیزم، کە ئامۆژگاریی دەستگرتن بە زوهدەوە دەکات و ئارەزوو لە پێڕەوکارانی قەدەغە دەکات و وەک سەرچاوەی ئازار لێیدەڕوانێت، لە ژیان و عەشق جیادەبێتەوە و لە قووڵاییەدا کینەدۆزە بەرامبەر ژنان (misogyne). لە بودیزمدا مومارەسەکردن و ڕێکخستنی ئیرۆتیکای سێکسی لە هەموو حاڵەتێکدا تایبەتمەندیی پیاوانە.

ئەزەلی خۆیشی وەکو نێرینە، یان باوک دەردەکەوێت، بەڵام لە سەرەتای تەوراتدا، خودا نێرینە

و مێینە بەرجەستەدەکات: حیکمەت وەک ڕەهەندی مێینەیی و دایکانە، عـەرش و هۆگریێتی خواوەند (یەهوە)، خودای تەورات، دەپارێزێت، یەکگرتنی ئادەم لەگەڵیدا (demouth) جۆرێک لە دووڕەگی (دوو ڕەگەزی) بە مرۆڤی یەکەم دەبەخشێت (لەکاتێکدا حەوا «ژیان» دەخزێتە نێو دەسەڵاتێکی چەوسێنەری پاشا تەوراتییەکانەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی بزووتنەوە ژنانەکان دەکات). ئادەمی زەمینی (adamah) هەر بەخێرایی دەبینێت کە ژنێکی هەیە لە پەراسوویەوە خولقێنراوە، بۆئەوەی ببێتە هاودەمی و بەرەو هەڵەی ببات: حەوای دیالۆگۆکە، وێڕای ئەوەی یارمەتیدەر و هاودەم و بەرامبەرێکی پێویستە، بەڵام تەنیا چاڵێکە. بەهۆی خەتەنەکردنەوە، خواوەند تەنیا شیرەخۆرەی نێرینە هەڵدەبژێرێت، بـەڵام کچەکان و ژنەکان لە پشتی پـەردەکـانـەوە یـان لە حــەرەم و حەوشـەی پەرستگاکاندا دەمێننەوە. ئەم ناهاوسەنگییە لە لایەن گرێبەستی هاوسەرگیرییەوە ئەوەندە دیسپلینکراو و لەقاڵبدراوە کە سێکسواڵێتی هەتا ئاستی ڕۆحانییەت بـەرزدەکاتـەوە، یەکگرتن لەگەڵ خـوادا بە شێوەی یەکگرتنی نێوان ژن و مێردەکانە. بە لە ئامێزگرتنی ئەم ئیرۆتیکا موبارەکە، ژن و مێردی یەهودی لە بـەردەم گۆڕانی ئـارەزووە وەچەخستنەوەییەکاندا

ڕێگا بۆ عەشقی خوێندنەوە و تەفسیرکردن دەکەنەوە: لە مەنفاوە بۆ مەنفا، «مەعریفەی خود» لێکجووت دەبێت لەگەڵ «قسەکردن بۆ خود» و «سێکسکردن»، بەڵام ڕۆحانییەتێک کە زیاتر لە نێو لۆژیکی ئیزۆتریکادایە و لە ڕووی ڕەگەزییەوە تایبەتمەندکراوە بە سرودی سرودە پیرۆزەکان (Cantique des cantiques)، لە زمانی ژنێکەوە خۆی کەشفدەکات: لاسولامیت (La Sulamite).

**• وشە و جەستە:**

مەسیحییەکان کە تانەی ئەوەیان لێدەدرێت گوایە «گەلێکن عاشقی جەستەن»، بە جۆرێکی تر درێژە بە شیکاریی ئەم گرێ ئیرۆتیکییە دەدەن، کە لە ئامادەیی هاوبەشی «جەستە« و «واتا» لای بوونەوەرە قسەکەرەکان دەردەکەوێتەوە: وشە بۆتە جەستە، ئەوە »بەلای گریکییەکانەوە سکاندالە و بەلای یەهودییەکانیشەوە شێتییە«. بە ڕێگایەکی باشتر لە هەر ئایینێک، مەسیحییەت ئەو خۆشەویستییە دەردەخات کە هەتا مردن لەنێوان باوک (خودا) و کوڕ (مەسیح)دایە، بۆئەوەی بەرەو سەرکەوتنی تیۆلۆژیی و بڵندبوونی هونەریی ببات، هەر ئەم سەرکەوتن و بڵندبوونەیش سەربەرزی ئەویان دروستکردووە.

ئارەزووی مەسیحی زاڵدەبێت، بەڵام تەنیا هەناوی دایکانەی مریەم بە پیرۆزیی دەمێنێتەوە، لە سایەی ئەم پاکیزەییەدا هاوسەرگیریی مەسیحی وەک لەمپەر و چارەسەرێک دژ بە خەتای جەستە دادەنرێت، بەڵام بۆ یەکەمجار لەگەڵ قەشە پۆلس (Saint Paul)دا دان بە یەکسانیدا دەنرێت، کە ئەوە بە ژن ڕەوا دەبینێت مافی ئەوتۆی لەسەر جەستەی مێرد هەبێت کە زیاترە لەوەی پیاو مافی لەسەر جەستەی ژن هەیبێت، بەڵام قەشە جیرۆم (saint Gérôme) و قەشە ئەنسلیم (Saint Anselme)، کە هەردووکیان ستۆیسیزمی کریسیپ (Crysippe) و سینیکا (Sénèque) پەیامبەخشیان بوون، بڕیارێکیان دەرکرد، کە بە درێژایی چەندین سەدە کاریگەریی جێهێشت، ئەویش دەڵێت: »هیچ شتێک لەوە شەرماوەرتر نییە کە بکەویتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە، بە هەمان شێوەی ئەو ئارەزووەی کە لە کاتی زینادا هەمانە«. دژ بەم ڕۆحانییەتەی کە لە جەستە جیاکراوەتەوە و، بە پشتبەستن بە یەکێتیی پیرۆزی نێوان وشە و جەستە –وەک یەکێتییەکی گرنگ و داپۆشراو، کە بە بەردەوامی لە سەر دەستی هەندێک سۆفی بڵند دەکرێت و تازە دەکرێتەوە، لە چوارچێوەی ڕەتکردنەوەی ناوەکیی دۆگماتیزمە فەرمییەکاندا،

بە تێپەڕین بە هەڵهاتنی سەردەمی ڕێنسانس و تەقینەوەی هونەری بارۆکیدا، توانای ڕزگارکردنی ژنان لە قەتیسکردن و لێپێچینەوە ڕەخسا، دواتریش لەگەڵ سەدەی ڕۆشنگەریدا قەڵەمبازێکی بەهێزیدا و بەردەوام بوو.

دەرکەوتنی ئیرۆتیکای مێینەیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، قەیرانی دامەزراوە ئاینییەکان قووڵتردەکاتەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی کەشوێنکەوتەی ئایینە یەکتاپەرستییەکانن، ئەمە لە جەوهەردا هەر وەک سەرچاوەیەکی هەڕەشەکردن لە بنچینەکانی هەموو ئایینەکان دەمێنێتەوە، لەمەیشەوە کاردانەوەی فەندەمێنتالیزم گەشەدەکات. لە ڕوانگەی قورئانەوە ئالۆش (شەهوەت)ی سێکسی خەڵاتێکە لەلایەن خوداوە، بێگومان ئەمە بەلای «محەمەد»یشەوە هەر وابووە، ئینجا بۆ پیاوە فرەژنەکانی دوای خۆی، هەروەها لەنێو ئیرۆتیکایەکی ناکۆتادا کە شەقڵی خۆی لە شیعری مەزنی سۆفیگەرییانەی عەرەبی داوە، بە هەمان شێوە بووە، بەڵام ئەمە بە ئافرەتان نەدراوە، چونکە حیجابیان بەسەردا دەسەپێنرێت، وەک ڕێزێک بۆ مەلا و باوک و برا و خێزان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئازادی (ژنان) مەترسیدارە و هەمیشە کێشە دروستدەکات، ئەوا زۆرینەی خەڵکی

–به ژنانیشەوە– وا بە باشتر دەزانن ڕوخساریان بشارنەوە، بە واتا حەقیقی و مەجازییەکەی وشەکە، تاوەکو خەون بەوەوە ببینن، کە ئارامشێکی وەهمی و کاتی دەتوانێت ڕۆڵیان لە کردەی وەچەخستنەوە و پارێزگاریکردن لە جۆردا بۆ دیاریبکات.

• **باڵادەستی پیرۆز بەسەر هەردوو ڕەگەزەکەدا:**

به پێچەوانەی ئەوەوە، هێزی خودای تاک (Un) و سێیینە (trinitaire)، دژ بە کەڵکەڵە فەندەمێنتالییەکان، لەوەدا دەردەکەوێتەوە سوبێکت لەنێو مرۆڤدا بونیادبنرێت، لەبەرئەوەی پیاو و ژنیش، لە ڕێگەی نوێژەوە، بەم باوکایەتییە ڕەمزییەوە بەستراونەتەوە کە لە تەورات و ئینجیلدا یاسا و عەشق دەستەبەر دەکات، بۆیە هەردوو ڕەگەزەکە بۆ ئەوە بانگدەکرێن، کە هەردووکیان ببنە یەک کەس: ئەوە هاوبەندییەکی هەستبزوێنە بۆ گەڕان بە دوای گەردوونێتی و مافەکاندا. لێرەدا دەبێت سەرنج لەوە بدەین مافەکانی کەس، کە لەنێو چوارچێوەی سێکیولاریزمدان، لەمرۆدا وەک تاکە نموونەی گەردوونی دەخرێنەڕوو، کە دەتوانێت ئەو فرە کولتورییەی هاتۆتە ئاراوە، ڕێکبخات.

داخۆ ئەو باوکایەتییە رەمزییەی کە ئەم جیاکارییە دروستدەکات، زەرورەتێکی بونیادییە، یاخود

یەکسانکردنەوەیەکی گواستنەوەیی (انتقالی) سەرخانە خزمایەتییەکانە لە سەوەختی دووبارە پێکهێنانەوەدا؟ ئیرۆتیزمی نێرانە لەمڕۆدا هەوڵدەدات بۆ دووبارە خەلقکردنەوەی سەرلەنوێی باوکایەتی ڕەمزی، جا یان لەگەڵ شەپۆلی پۆرنۆگرافی یان هۆمۆخێزان (homoparentalité) یان دوور لەم شەپۆلە. بزووتنەوەی پۆست-فێمێنیزم خۆی سەرقاڵە بەم مەسەلەیەوە و هەژموونی چووک (phallocrate) ڕەتدەکاتەوە، بەڵام وا دەردەکەوێت کە جیاوازی ئەفسونگەری نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، لەسەر یەکسانی ڕووکەشانەی پیاو-ژن، بە باشتر دەزانێت. لە مەودای ئەم ماوە زەمەنییە هاوچەرخەدا هەندێک لە پسپۆرەکان پرسیاردەکەن: بۆچی «ئیسلام» سوبێکتەکان دروست ناکات، بەڵکو تەنیا کۆمەڵەکان (communautés) دروست دەکات؟ ڕەنگە بە پاساوی پاراستنی ڕووتیی پیرۆزی ژنانە (sacro-sainte)، چێژ و داهێنانی ژنانە لەنێو یەکگرتنی جەستە-واتادا ئەو شتە بێت کە لێیدەترسین، تامەزرۆین بۆی، دەستبەسەری دەکەین و ستەمی لێدەکەین.

سێکیولاریزم تەنیا بەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی تەحەدای ئایینەکان ببێتەوە کە دان بە باڵادەستی ئایینیدا بنێت لەسەر هەردوو ڕەگەزەکە و بیری لێبکاتەوە. هەر لەبەرئەمەیش دووبارە نووسینەوەی ڕۆمانی ئیرۆتیکی بەرپرسیارێتییەکە بە ئەستۆی ئێمەوە.

**پەراوێزەکان:**

* Sessualité لە بنچینەدا «sex(sens)ualité» بووە، ئەمەیش وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ڕەگەز sex و sens واتا، ئەم دوو شەیە لە یەک چەمکدا لێکدراون، بۆئەوەی جەخت لەسەر وابەستەیی و یەکێتییەکەیان بکرێتەوە. ویستوومانە بە سێکس(واتا) والێتی وەریبگێڕین، کە لای کریستیڤا دەلالەتە لەوەی کە مەحاڵە لە سێکس بکۆڵیتەوە بە بێ ئامادەیی سەرجەم فۆڕمەکانی تەئویل، کە لەکۆنتێکستێکی شارستاندیی دیاریکراودا واتای جیاوازی پێدەدات.

** Nékév: وشەیەکی عیبرییە ئاماژە بۆ مێینە دەکات، هەروەها واتای چاڵ، کەلێن، کونیشی هەیە. لە فرمانی nakavەوە داتاشراوە، واتە دەیکات بە کون، بە نیشانەیەک دەیسمێت، واتای ئەوەیە کە مێینە هەڵدەکۆڵرێت و بانگ دەکات، بەڵام نێرینە (zakhar) یادیدێتەوە. ژن بانگدەکات و پیاویش ئەم بانگەی بیردێتەوە. کریستیڤا گریمانەی ئەوە دەکات، کە ژن لە کەلەپووری یەهودیدا، هەروەها لە دەقە ئایینییە مەسحیی و ئیسلامییەکانیشدا، لە پێگەیەکی نزمتر لە پیاودایە، تەنیا تەواوکەری کەسایەتی پیاوە.

**سەرچاوە:**

-جوليا كريستيفا: الشبقية بين الجسد و المعنى، ترجمة: فـؤاد أعـرب، 10 اكتوبر 2015. nomene.blogspot.com.

# دزێوی و دەسەڵاتەکانی

ژولیا کریستیڤا
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

لە شەوێکدا کە وێنەکان دیارنامێنن و دەنگە خەمناکەکان دەیلەرێننەوە، لە هەموو دۆخێکدا لەنێو چەندەها لەشی وشکدا، کە بە بەردەوامی یەک ئارەزوویان تێدا نیشتەجێیە و ناوملێناوە «ئاستنزمی لەسەر رووپەڕ»، نەخش و نیگاری ئەوانەم لەسەر ئەو ڕووپەڕە کێشا، کە توانای ئەوەیان پێبەخشیم، چۆن بەو بەتاڵییەی کە لەنێویاندایە بێمە خوارەوە. من بە نەناسراوێکدا دەڕۆم ،کە هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە، خەیاڵی خۆی لە «ئامانجی زانستی» ڕووتکردۆتەوە، تاوەکو دوای تارمایی ئایینەکان بکەوێت. ئەو ئاستنزمییەم بینی کە -دواجار- بەدزێوییەوە تەواوی دەسەڵاتەکانی خۆی لەڕێگەی ئەدەبەوە سادە دەکاتەوە.

ئەگەر لە گۆشەی ڕوانینەکە نزیک ببینەوە، ئەوا ئەدەب، بە پۆتێنشیەل و شیمانەیی، شێوازێکی ئەو کارەساتەیە، کە وا دەردەکەوێت لە هەموو ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییدا، ڕەگی لە قووڵایی هێڵی فشۆڵ «ئاستی هەرە نزم»دایە، کە شوناسەکانی تێدا نییە و بێ «سوبێکت/ئۆبێکت»ە، یان تەنیا شوناسە دووهێندە و لەرزۆک و ناهۆمۆژین و ئاژەڵی و بەڕموزنبوو و گۆڕاو و بۆگەنەکان بوونی هەیە.

لە دواجاردا کارەکەی سیلین، کە لە مۆدێرنەوە توانای سەرسەختییەکی تێکشکێنەر، یان باشتر بڵێین سەرسەختییەکی هەڵوەشێنەر وەردەگرێت و، لـەو کارامەییە کلاسیکییە پاڵەوانییانەیە کە هاوڕێیە لەگەڵ ئاسۆ پۆپۆلیستی یان عەوامییەکاندا، هـەر وەکـو نموونەکانی دیکە هیچ نییە، جگە لە نموونەیەکی «ئاستنزمی».

بۆدلێر یان (لۆتریامۆنت) یان کافکا، یان باتای، یـان سـارتـەر (هـێـڵـنـج)، یـان نـووسـراو و کتێبی مۆدێرنیستەکانی دیکە دەیانتوانی بە ڕێگای خۆیان بەشداریی لەو ناونانەدا بکەن ، کە تا دۆزخ لێوەی دابەزیم، واتە ناونانی ئەو شوناسەی کە دەلالەت قبووڵدەکات، بەڵام ڕەنگە سیلین نموونەیەکی تایبەت، ئینجا ئاسانییش بێت، لەبەرئەوەی زبرییەکەی کە بەرهەمی تراژیدیا جیهانییەکانی جەنگی دووەمی جیهان بووە، هیچ فەزایەکی لەنێو خولگەی ئاستنزمیدا نەبواردووە، هیچ شتێکی ئەخلاقی و سیاسی و ئایینی و ئێستاتیکی لەبیرنەکردووە و جێی نەهێشتووە، بە تایبەتیش هیچ شتێکی کەسییانە و نەریتییانەی نەبواردووە. ئەگەرچی سیلین لەو ڕێگەیەوە یەکێک لە حاڵە هەرە دوورەکانمان پیشاندەدات، کە دەشێت بیگەینێ، ئـەوا توانای ئـەو هـەرێمە بۆگەنەیشمان

بۆ کەشفدەکات، کە دەتوانێت بە ئاشکرا و شاراوە کاریگەری لەسەر هەموو شتێک دابنێت، ئەمەیش لای کەسی ئەخلاقگەرا هاوتا و هاومانای عەدەمییەتە. ئەم نووسینە هەوڵدەدات پێوەری سوبێکتیڤ (کە پێموایە پێوەرێکی یونیڤێرساڵیشە) کەشفبکات کە ئەو دزێوییە و دەلالەتەکەی و دەسەڵاتەکەی پشتی پێدەبەستێت. من پێموایە ئەدەب دەرکەوتە و دەلالەتێکی تایبەتی ئەو هەرێمەیە، هەوڵدەدەم ئەوە دەربخەم، کە ئەو ئەدەبە —یان ئەدەب بەشێوەیەگی گشتی- کۆدڕێژکردنێکی تەواوی قووڵترین و مەترسیدارترین ئازارەکانمان و دەردەسەرییەکانمانە، ئەم بۆچوونەیشم پێچەوانەی ئەو بۆچوونە گشتییەیە کە دەیکاتە پەراوێزێکی چکۆلەی کولتوورەکەمان، ئینجا دوای ئەمە دەسەڵاتە شەوانەییەکەی دێت، هێزە تاریکەکەی ئەم جۆرە ئەدەبە، «تاریکایی مـەزن»ی ئەنجێل دو فۆینۆوا (Angèle de Folignojja) دێـت و گومانێک بەرهەمدێنێت کە هەمیشە تێیدایە: »»ئەدەبی خراپە« (هـەمـان ئـەدەبی جـۆرج بـاتـای) مۆمێکی پیرۆزی هەڵگرتووە و پشت بە جادووگەرەکان دەبەستێت، کە لە هەموو ئاسۆکانی خراپەوە هاتوون بۆ لای، ئەم مۆمە (باتای) ئەگەرچی لای ئێمە ئاوابووە، کەچی

ناهێڵێت مێشکمان ئاسوودەبێت. ئەدەب کە پێگەی خۆی داگیردەکات و لە ئاکامی ئەمەیشەوە دەسەڵاتە پیرۆزەکانی دەگرێتەدەست، ڕەنگە بۆهەر هەوڵێکی شێلگیرانە، بووبێتە ناوجەرگەی «ئاستنزمی». ئەدەب ناوجەرگەی ئاستنزمییە و خاڵیکردنەوەیەتی لەڕێگەی وشەی شێواوەوە.

ئەم حاڵەتی نادڵنیاییە، کە پێیدەڵێم «ئاستنزمی» لە دایک –دایکایەتییەوە دێت، بەڵام وێرای ئەمەیش هەر گونجاوە بۆ ڕێنماییکردنی نوسینی ئەدەبی دەربارەی جەنگە سەرەکییەکە، کە پێویستە لەسەر نووسەر (پیاو بێت یان ژن)، بەرپاییبکات، بە بێ ئەوەی سیفەتی شێتی بداتە پاڵ لایەنەکەی بەرامبەر، یان پاڵ ئەویتر (ڕەگەزی بەرامبەر)، کە خۆی بە توندی پێوەی بەستراوە.

ئایا کە ئێمە دەنوسین، جگە لە ئاستنزمی شتێکی ترمان هەیە بمانخاتە حاڵەتی پاکژبوونەوەی نادیارەوە؟ هیچ شتێک بوونی نییە (جگە لە ئەدەب)، بەڵام بزووتنەوەیەکی فێمینیسانە هەیە، کە دەیەوێت لە دەسەڵاتەکەیدا بمێنێتەوە –کە دوایین ئایدیۆلۆژیای داخوازیکەری دەسەڵاتە– بۆئەوەی گاڵتە بە ئەتککراوێک بکات، ئەم کارەیش لەبەردەم هونەرمەندێکدا دەکات، کە تێکشکێنەری نەرگسییەتە

و شکێنەری هەموو شوناسێکی وەهمییە، لەوانەیش شوناسی ڕەگەزی. خۆ ڕەنگە ئەو هونەرمەندە خۆیشی ئاگای لەم هێزەی خۆی نەبووبێت.

**سەرەڕای ئەوەیش، لەم زەمەنەدا کە نیشانەکانی شوومی و قەیرانی بەدبەختیی تێدا دیارە، پێداگری لەسەر سیفەتی دزێوی چ سوودێکی هەیە؟**

ئەوانەی کە ڕێڕەوی شیکاریی نوسین و ئەزموونی ئازاراوی و خەمناک بەرەو دڕاندنی پەردەی نهێنیی بە کۆمەڵ دەیبردن، کە لە پشتی ئەم پەردەیەوە خودئەڤینی و شەیدایی بۆ ئەویتر شاردراونەتەوە، دەیانەویست تەماشای چاڵی ئەو «ئاستنزمی»یە بکەن، کە کۆت و بەندیکردبوون، ئا ئەمانە دەیانتوانی بە جۆرێک ئەم نوسینە بخوێننەوە کە جیاواز بێت لەو جۆرە خوێندنەوەیەی دەیکاتە مومارەسەیەکی فیکری، چونکە بە کورتی: «ئاستنزمی» دیووەکەی دیکە و ڕواڵەتی ئەودیووی کۆدە ئایینی و ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژییەکانە، کە مەستکردنی تاکەکان و ئارامیی ڕێژەیی کۆمەڵگاکانیان لەسەرەوە بەرهەمدەهێنرێت. ئەو کۆدانە پاکژکردنەوە و چەپاندنن، بەڵام گەڕانەوەی چەپێنراوەکان بۆمان دەبێتە «کارەسات»، کە تێیدا هیچ ڕێگەیەکمان بۆ هەڵهاتن لە کرژییە ترایدییەکانی شۆکە ئایینییەکان نییە.

تاکە جیاوازییمان کە لەم دوو جۆرە ئەدەبەوە بەرهەمدێت، ئەوەیە کە ئێمە نامانەوێت و ئارەزووی ناکەین ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ «شتە نزمەکان» ببینین. کێ دەیەوێت ببێت بە پێغەمبەر؟ باوەڕمان بە «دالی ڕێنماییکار» لەدەستداوە. پێشبینی و خۆگێلکردنمان پێباشترە: پلاندانان، بەڵێندان بە چارەسەرکردن و شیفادان و ڕازاندنەوە، مومارەسەی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی، یان دەستکەوتنی هونەر لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیاوە.

**زۆر بە کورتی لێتان دەپرسم، کێ قبوڵی ئەوە دەکات پێیبوترێت ئاستنزم (ڕسوا) یان خۆی وا بەخۆی بڵێت، بە خۆی بڵێت کە ئوبێکتی ئاستنزمییە یان ئاستنزمی ئوبێکتەکەیەتی؟**

هیچ شتێک دەروونشیکار بەوە ناچارناکات کە جێگای سۆفی بگرێتەوە، هێشتایش وا دەردەکەوێت مرۆڤەکان کەمتر دەتوانن لەگەڵ ئەو نەزمانەدا ڕاوین و بگونجێن، کە تایبەتن بە دەروونشیکاری، لەبەرئەوەی ئەو فەسادە بنەڕەتییەی کە تێیدایە بەرەو چاککردنەوەی ئەو گۆڕانە ئاراستەی دەکات، کە لە وەختی پرۆسەی بەرهەمهێنانی حاڵەتە وردە-پارانۆییدییەکاندا بەسەریدا دێت، ئەمە ئەگەر بێتوو تەنیا و تەنیا لە حاڵەتەکانی لاوازیی عەقڵیی

تاكڕەهەندیدا كورت نەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، دەشێت دەروونشیكار- ئەگەر بێتو پەیوەست بێت بەو تاكە شوێنەوە وا بۆی تەرخانكراوە، كە بەتاڵییە، واتە شتێك كە لە میتافیزیكا چاوەڕوان ناكرێت- دەتوانێت گوێبگرێت و گوێیشی لێ بگیرێت كاتێك گوتارێك بەرهەمدەهێنێت دەربارەی خاسیەتی ئەو دزێوییە یان ئەو ئەفسوونەی كە پێشبینیی نوقسانییەك لای سوبێكتی قسەكەر دەكات، بەڵام دەبێت پێیوانەبیت وەك بڵێی ئەمە قەیرانی نەرگسییەتە لە سنوورەكانی پانتایی مێیینەییدا، كە بەگرێكی گاڵتەجاڕانە بانگەشە ئایینی و سیاسییەكانی ڕووناككردۆتەوە كەهەوڵدەدەن واتایەك بدەن بە سەركێشییە مرۆییەكان. لەبەرامبەر ئاستنزمیدا دەلالەت تەنیا دەلالەتێكی هەڵوەشێنراو و ڕەتكراوە و سەرزەنشتكراوی هەیە: كۆمیدیایەكی «خوداییە«، «مرۆییە«، یان «دووپاتەوەبوو»ە، كەواتە كۆمیدیا و خورافەت تەنیا لە مەحاڵی هاتوو، یان بنجبڕەوە شایەنی وەدیهاتنن، بەڵام ئەوەتا لێرەدا بابەتێكی ئەرێنی (و ئیسپاتیی) هەیە.

بەو پێیەی كە دەروونشیكار -كە بە قەد تووتییەكەی رایمۆند ڕۆسێل پەیوەستە بە دەلالەتەكەیەوە- تەئویل دەكات، ئەوا بە دڵنیاییەوە

یەکێکە لە شایەتحاڵەتە دەگمەنەکان لەسەر ئەوەی کە ئێمە لەسەر دەمی گڕکان سەمادەکەین. ئەگەر دەیەویت لەم دۆخەوە چێژە داڕزاوەکەی وەربگرێت، ئەوا با وەری بگرێت، بەڵام بەو مەرجەی وەک پیاو یان ژنێکی بێ سیفەت و بێ خاسییەت لۆژیکی وەسواسی و کینە قووڵە شاراوەکانمان بتەقینێتەوە. ئایا دەکرێت دزێوی وێنابکرێت بە بێ بەهرەمەندبوون لە دەسەڵاتەکەی؟ ئایا دەتوانین دزێوی پیشانبدەینەوە، بە بێ ئەوەی بیکەینە بەری خۆمان؟ رەنگە ئەمە ڕوونەدات، بەڵام گەر ئەمە بزانین، زانینێک کە پڕیەتی لە بەسەهووداچوون و لادان، زانینێکی دزێوانە، ئەوا دەیەوێت یەکەمین بەرچاوڕوونی-سەرلێشێواندن Demystification ی گەورەی دەسەڵات (دەسەڵاتە ئایینی، ئەخلاقی، سیاسی و نەریتییەکان) تێپەڕێنێت، کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیویەتی و بە زەرورەت لە ناوەندی دۆخی تەواکاریی ئایینیدا، وەک دزێوییەکی پیرۆز کە دزێوی یەکخستنی یەهودی-مەسیحییە، بەرهەمهاتووە. لەهەمانکاتدا با ئەوانیتریش ڕەوتی خۆیان بەردەوامیی پێبدەن بەرەو پەرستراوەکان و حەقیقەتەکانی سەرجەم ئەو پۆلانەی کە بە ئیمان پڕچەکن، ئەمەیش تەنیا ئیمانێکی ڕاستەقینەیە

بە جەنگەکانی داهـاتـوو، ئـەو جەنگانەی کـە بێ ئەملاوئەولا جەنگی پیرۆزن...

کـاتـێـک دزێــوی دەکــەمــە خـۆراکـیـی بنکی پانتاییەکانی خوارەوە، کە ئەو شارستانییانەی کار بۆ دوورخستنەوەی دەکەن، لەگەڵ یەکتردا یەکسان و ڕێکدەکاتەوە: بە پاکژکردنەوە و ڕێکخستن و وێناکردنی بە مەبەستی بونیادنانی سوبێکت و ئاراستەکردنی، ئایا بەم کارە دەمەوێت کەنارێکی ئـارام بۆ تێرامان بـدۆزمـەوە؟ پێموایە ئـەم کارە ئومێدبڕ و چەپاندن و بەتاڵکردنەوەیە.... ئەوە بە شیمانەیی تاکە دۆخێکە، کە هاوسەنگییەک لەگەڵ ئاستنزمیدا دروستدەکات، بەڵام ئەوەی کە ماوەتەوە -شوێنەوار و شێوەگیرییەکەی- هیچ نییە جگە لە ئەدەب: واتە ترۆپکی ئەو خاڵەی کە ئاستنزمی بەهۆی تەقاندناندنەوەیەکی قەشەنگەوە کە لەخۆیدا نوقممان دەکات، دەسڕێتەوە و دادەڕمێت... و »هەموو شتێک بوونی خۆی لەدەستدەدات« (سیلین).

**سەرچاوە:**

-جولیا کریستیفا: سلطات البشاعة، ترجمة: عزیز نعمان، 10 اکتوبر 2015. nomene.blogspot.com

# له خۆمان غەریب:
# ئومێدی تاك

## گفتوگۆ لەگەڵ «ژولیا کریستیڤا»

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

ژولیا کریستیڤا مامۆستای زمانناسییە لە زانکۆی پاریسی حەوت. لە بولگاریا لە دایکبووە، بۆ خوێندن چووە فەرەنسا و لە نێو کۆمەڵەی ئاڤانگاردی (Tel Quel)دا بەخێرایی ناوبانگی پەیدا کرد.

هەندێک لە کتێبەکانی: (شۆڕش لە زمانی شیعریدا، ئارەزوو لە زماندا: نزیکبوونەوەیەکی نیشانەناسییانە لە ئەدەب و هونەر، دەسەڵاتەکانی دزێوی، لە سەرەتادا عەشق هەبوو: دەروونشیکاری و ئیمان، هەتاوی ڕەش، نەتەوەکانی و ناسیۆنالیزم، سامۆرای (ڕۆمان)، لە خۆمان غەریب.

*** شوناسی خۆت وەک ئەوروپییەک چۆن وەسفدەکەیت؟**

– خۆم بە کۆزمۆپۆلیتانی دەزانم. لە منداڵیدا بەختێکی باشم هەبوو، چونکە هەر لە ساڵانی سەرەتای تەمەنمدا فێری فەرەنسی بووم، کەسوکارەکەم ناردمییانە دایەنگەیەکی فەرەنسی لە سۆفیا، کە ڕاهیبەکانی دۆمینیکان بەڕێوەیان دەبرد، دایەنگەکە سەر بە کۆلێژی یەسوعییەت بوو لە قوستەنتینییە، بۆیە بەر لەوەی بە بولگاریی بخوێنم، خومدایە فێربوونی فەرەنسی، دواتر ئەو خانمانە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن، دادگاییکران و لە بولگاریا دوورخرانەتەوە و کارەکانیان سپێردرایە یەکێتیی

فەرەنسی، لەبەرئەمە هەر لەو کاتەدا لە پاڵ بولگاری فێری زمانی فەرەنسی زمانی بووم، بۆیە داغڵبوونم بە کولتوری فەرەنسی – تاڕادەیەک- شتێکی ئاسایی بوو. کاتێک بۆ تەواوکردنی ئاستی سێیەم (لیڤڵی سێیەم)ی خوێندنەکەم چوومە فەرەنسا، هەستمکرد تاڕادەیەک سەر بە کولتوری فەرەنسییم، بەڵام بۆ فەرەنسیەکان مەسەلەکە بەم جۆرە نەبوو، بۆیە ئەوان وێڕای پێشوازییە گەرمەکەیشیان، هەر وەک غەریبەیەک تەماشایان دەکردم.

ئاسانە کەسێک خۆی بە کۆزمۆپۆلیتانیست بزانێت، ئەگەر –هەر وەک من- لە وڵاتێکی چکۆلەی وەکو بولگاریاوە پێگەیشتبێت، هەر رێک بەو جۆرەی کە - بۆنموونە- ئەگەر بە دانیمارکی لەدایکبیت، نەک بە ئینگلیزی، ئاسانترە خۆت بە کەسێکی ئەوروپی بزانیت. پێداگری لەسەر ئەم خاڵە دەکەم، چونکە باوەڕم بەوەیە داهاتووی ئەوروپا پشت دەبەستێت بەم بیرۆکەی، رێزگرتنە لەنێوان نەتەوەکاندا، ئینجا تەبایی لەنێوانیاندا. من زۆر گرنگی بەم ئایدیایەی کۆزمۆپۆلیتانیبوون دەدەم، کە میراتی کولتوری کۆنی ستۆیسیزمی ئەوروپییە و دواتر لەلایەن بیرمەندە فەرەنسییەکانەوە، لە سەدەی هەژدەدا پەرەیپێدرا، هەروەها ئەو

ئایدیا کۆزمۆپۆلیتانییەیشم زۆر خۆشەوێ، کە بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی پشتیوانی لێدەکرد. خۆ ئەگەر دوای دابەشکارییە نەژادییەکانی ئەم دواییە، کە لە یوگسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا و یەکێتی سۆڤییەت و..هتد ڕوویدا، ئومێدێک لە ئەوروپادا هەبێت، ئەوا لەم ڕۆحە جیهانییەدایە. دەبێت لە سەرووی چەمکی نەتەوەکان و میراتی لەکارکەوتووەوە بجوڵێین، بەڵام بە بێ ئەوەی خاسییەتە تایبەتییەکانمان فەرامۆش بکەین.

*** با بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونە تایبەتییەکەی تۆ لەگەڵ ئەوەی کە پێیدەوترێت «ئەوروپای ڕۆژهەڵات»، ئێستا چۆن ئەم بەشە دوورەپەرێز و دابڕاوە لە کیشوەرەکە، چۆن وەسفدەکەیت؟**

– بە داخ نیم بۆ دابەشبوونی هەردوو ئەوروپاکە (ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەوروپای ڕۆژئاوا)، لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان هۆکاری تایبەت و کەسییانەیە، کە تۆزێک لەمەوپێش ئاماژەم بۆکرد، ئەویش ئەوەیە کە من چوومە نیو کولتوری فەرەنسییەوە، دووەمیان ئەوەیە کە من بژاردەیەکی عەقڵانیم هەڵبژاردووە، کورتەی بیرکردنەوە لەم بژاردەیە ئەوەیە، کە ئەسڵ و فەسڵ زەرور نییە،

چونکە ئەسڵ تەنیا کاردانەوەی هەستکردنە بە ئازارێک، کە دەشێت بگۆڕێت بۆ کینەیەکی زۆر و کوێرانە. ئەو کەسانەی کە بۆ ئەسل دەگەڕێنەوە، عادەتەن نازانن چۆن کینەی خۆیان هەرسبکەن، یان خۆیانی لێ پاکبکەنەوە. ئەوان برینداڕ و خەمۆکن، بەتایبەتیش هەر ئایدیالێک کە هەبووە لەدەستانداوە، نە ئاین ڕازییاندەکات و نە مارکسیزم و نە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی خودایی، کە دەشێت ببێتە ڕزگارکەریان، بۆیە دەبینین دەگۆڕێن و دەبن بە ئەسڵێکی فەرامۆشکراو. میتۆدی فێربوونی من بە تەواوەتی عەقڵییە و دژ بەم ئایدیای ئەسڵەیە.

**٭ ئایا شیاوە یان دادوەرانەیە کە بەم ڕێگەیە چاو لە حەقیقەتە ئاڵۆزەکەی ناسیۆنالیزم بپۆشین؟**

- زۆرباش دەرک بەوە دەکەم، کە ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چوارچێوەی نەتەوەکان و ڕەگەزەکاندا دەژین. من دژ بەم ئایدیا چەپگەراییەم کە چاو لە ئایدیای نەتەوە دەپۆشێت، هەروەها پێیشموایە ئایدیای نەتەوە تەمەنێکی درێژ دەژی، بەڵام دەبێت ئەمە هەڵبژاردە بێت، نەک پەرچەکردار و گەڕانەوە بۆ ئەسڵ. کاتێک مرۆڤ وەک هەڵبژاردەیەک لەگەڵ ئایدیای نەتەوەدا دەژی- بە واتای ئەوەیە بە ڕوونی لە خەوندا بیبینێت، دەرک

بەو هۆکارە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کولتورییانە بکات، کە وامان لێدەکەن سەر بە فەرەنسا و ئێرلەندا و بەریتانیای مەزن و...هتد بین، نەک ئنیتمای بۆ ئەم نەتەوانە هەبێت، تەنیا لەبەرئەوەی لە ڕێگەی جینەکانەوە پێیانەوە پەیوەستین-، ئا لەم دۆخەدا ئەو ئایدیایە دەشێت بژاردەیەکی باش بێت.

با بچینە سەر بەشی دووەمی پرسیارەکەت: ئەزموونی من لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، دەتوانێت لەمرۆدا چیم پێببەخشێت؟ پێموایە دوو شتی پێبەخشیووم: یەکەم، توانای ئەوەی پێداوم کە وەرزی زستان لە دەرەوە بەسەرببەم، تاوەکو لە بایەخی هەوڵدان و تەقەلا تێبگەم. ئێمە هێشتا منداڵ بووین کە دەرد و ئازاری زۆرمان بەدەست نەداری و ستەمی ئابورییەوە بینی (ئەگەرچی ئەوە کارەسات نەبوو، بەتایبەتیش لەو تەمەنەدا کە منی تێدا بووم)، بۆیە هەتا هێزمان تێدا بوو هەوڵماندا، بەڵام ئەوانەی کە بەرگەی ئەم بارە گرانەیان نەگرت و پەیوەست نەبوون بە هەوڵدانەوە و توانای تەحەمولکردنیان نەبوو، گەڕانەوە بۆ دواوە. ئەمە هێزی فێربوونی پێداین، بۆئەوەی پشوودرێژ بین و سەرنجمان چڕبکەینەوە و ئیلتیزاممان هەبێت. دووەم، من لە بولگاریا زانیم کولتور چەندە بە بایەخە، بولگاریا

ئەو وڵاتەیە کە ئەبجەدییەتی سلاڤی تێیدا پەیدابووە. سیریل و میتۆدیۆس دوو برای بولگاری بوون ،کە ئەم ئەبجەدییەتەیان بە جیهان داوە، هەر ئەم ئەبجەدییەشە کە ئێستا ڕوسەکان بەکاریدەهێنن. لە بولگاریا جەژنێک بۆ یادکردنەوەی ئەم داهێنانە هەیە -ڕەنگە لە هەموو دنیادا جەژنی دیکەی لەو جۆرە بوونی نەبێت. لە بیست و چواری ئایاری هەموو ساڵێکدا، منداڵان بە شەقامەکانی سۆفیادا دەڕۆن، هەر یەکێکیان پیتێکی بە سنگەوەیە، کەواتە ئێمە گەلێکین کە بەهۆی ئەبجەدییەتەوە ناسراوین.

**❊ ئایا حەرفە سیریلییەکان بە ئەسڵ بولگارین؟**

-بەڵی، قەشە سیریل ئەم ئەبجەدییەتەی بە ناوی خۆیەوە ناوناوە. هێشتاش مشتومڕ دەبارەی ئەسڵی سیریل بەردەوامە، کە ئایا بولگارییە یان یۆنانی، دایکی لە نەژادی سلاڤییە و زمانە سلاڤییەکانی زانیوە، کاتێک پاپا داوایکرد ئینجیل وەربگێڕدرێتە سەر زمانی سلاڤی، بۆئەوەی مژدە بە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بدات، ئەم ئەرکە سپێردرایە برایانی سیریل و میتۆدیۆس.

بۆیە لە بولگاریا ئەم ئاراستەیە بەرەو خۆناسین لەڕێگەی کولتورەوە بوونی هەیە، لە منداڵیمدا زۆر

به پەرۆشەوە لەنێو ئەم دۆخەدا ژیاوم، ئەمەیش هۆکارێکی پۆزەتیڤ بوو. پێموایە لە پێشتردا زۆربەی خەڵکی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بە تایبەتیش قوتابیان، فزولەت کولتوری و وابەستییەکی تووندیان بە کولتورەوە هەبوو، ئەمەیش ئەو شتەیە کە گەنجەکانی ڕۆژئاوای کیشوەرەکە بەهۆی رابواردنی کولتورەوە نەیانماوە (دەتوانیت لە هەر شوێنێک هەرچیت بوێ، بۆ رەفەی کتێبە تایبەتییەکانت، بیکڕیت)، هەروەها لەبەرئەوەی میدیا تامی کولتوری مەزنی کلاسیکی و کولتوری مەزنی مۆدێرنی وێرانکردووە. ماوەیەکی درێژە ئەوروپا گیرۆدەی هەڵوەشانەوەی کولتورییە.

زۆر نییە لە نووسینی ڕۆمانێک بوومەتەوە، کە ناومناوە «پیرەمێرد و گورگەکان»، کە تێیدا چیرۆکێکی دڕندانەی جیهانی مۆدێرن دەگێڕمەوە، کە دەشێت مرۆڤ لە ئێرلەندا و بەریتانیا و فەرەنسا، بە هەمان ئەو شێوەیەی لە «ئەوروپای ڕۆژهەڵات» هەیە، بیبینێت. مۆدەیەکی شێتی هەیە: تووندوتیژی دژ بە خەڵکی، لەنێوبردنی کولتور و لەنێوبردنی ڕێز، ئەمە لەم ڕۆژگارەدا، لەگەڵ داڕمانە دوابەدوایەکەکان لە ئەدەبی ساختەی کلاسیکیدا، خراپتریش دەبێت. هیچ شتێک نەماوەتەوە. بۆ

ڕووبەڕووبوونەوە و تێپەڕین لەم دۆخە تووشی سەختی و ناڕەحەتیی هاتووین. دوو کێشەی گەورە سەرهەڵدەدەن: ئابوری بازاڕ، پێویستبوون بۆ سەرەوژوورکردنەوەی ئەو سەرەلێژوونەوە پەنجا ساڵییەی بۆشایی کولتوری و ئەخلاقیی. ئیمەی بیرمەند کاری زۆرمان بە ئەستۆوەیە، -بۆ نموونە- وەک هاوکاریکردن لە ئاڵوگۆڕی کولتوری، لەسەر ئاستی مرۆیی، لەنێوان هەدوو بەشی کیشوەرەکەدا.

*** چۆن کۆزمۆپۆلیتانیبوونت وەک هاووڵاتییەکی فەرەنسی، و دڵسۆزیت بۆ نیشتمانە بنەڕەتییەکەت، لەگەڵ یەکتردا کۆدەکەیتەوە؟ پێتوانییە بوونی هەندێک جیاکاری لە ئەسڵی نەتەوەیی، یان جوگرافیدا پێویستن؟ ئەو بیرۆکەیەت خستەڕوو کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی نەخۆشانەیە، بەڵام ئایا پێتوانییە نکوڵیکردن لە پێویستیی مرۆڤ بۆ شوناسێکی نەتەوەیی دیاریکراویش بە هەمان شێوە نەخۆشانەیە؟**

– لە ڕوانگەی منەوە زێدەپەیوەستبوون بە نەتەوە بەلتیکی و سربییە سلۆڤاکییەکان و کرواتییەکانەوە، هەڵوێستێکی کۆنزەرڤەتیڤانە و خەمۆکانەیە. ئەگەر ڕێمبدەیت ئەم سەرنجە کورتەی دەروونشیکاریی

دەرببڕم، ئەوا دەڵێم ئەم نەتەوە پارچە پارچەبووانە نەتەوەگەلێکن کە ماوەیەکی زۆرە لە شوناسی خۆیاندا زەلیلکراون. مارکسیزمی سۆڤییەتی ئەم شوناسانەی لێکجیانەدەکردەوە، لەبەرئەوە ئێستا تەنیا دەتوانن دژ بە خەمۆکییەک کە فۆڕمی شێتانەی وەرگرتووە، پەرچەکردار بنوێنن – هەڵبەت ئەگەر بتوانم بەمجۆرە وەسفیبکەم. هەستکردنی ناهاوسەنگ بە ئەسڵەکان و بەها فۆلکلۆرییە فەرامۆشکراوەکان، دەشێت فۆڕمی توندوتیژانە بەخۆیانەوە بگرن، چونکە مرۆڤ دوژمنی دەوێت، جا لەبەرئەوەی کۆمۆنیزم ڕووخاوە و چیتر دوژمن نییە، ئەوا دەبێت ئەم دوژمنە «ئەویتر» بێت: کۆمەڵە نەژادییەکانی دیکە، نەتەوەکانی تر، قوربانییەکان...هتد. ڕەنگە ئەم نەخۆشییە زۆر بخایەنێت، دەشێت ئەم پاشماوانەی کە بەهایان مردووە ببنە ڕێگر، بگرە بە دڵنیاییەوە دەبنە لەمپەر لە بەردەم پەرەسەندنی ئابوری و شارستانێتی کە ئەم دەوڵەتانە پێویستیان پێیەتی.

مرۆڤ دەتوانێت پرۆسەکە خێراتر بکات، دەتوانێت هەوڵبدات نەهێڵێت لە وەستان و چەقبەستندا نغرۆ ببێت، دەتوانێت بە خێراتر پاڵی پێوە بنێت، لەم ئاستەدا زۆر کار هەیە، کە دەکرێت ئەنجامبدرێن، لەلایەک لە ڕێگەی کەنیسەکانەوە،

لەلایەکی دیکەیش لە ڕێگەی بیرمەندەکانەوە. لەبیرمە کەنیسەی کاتۆلیکی لە «ئەوروپای ڕۆژهەڵات» ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە شۆڕش دژ بە کۆمۆنیزمدا، لەمڕۆیشدا ڕۆڵی گەورەی هەیە کە بیگێڕێت بۆئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ تێپەڕین لە ناسیۆنالیزم،دەتوانێت ئایدیالێک بەم خەڵکانە بدات، کە بە گوێرەی بونیادە نەژدپەرستی یان ناسیۆنالیزمە لەکارکەوتووەکان نەبێت. بەم دواییانە کەنیسە بڵاوکراوەیەکی گشتی نووسییوە کە بەڵگەیە لەسەرئەوەی گرنگی بە ململانێ ئەخلاقییەکان دەدات دژ بە دیکتاتۆرییەت، نەک هەر ئەوەندە، بگرە دژ بە جۆرێک لە «ئەمریکاسیۆن» (بە ئەمریکاییکردن) یش. من زۆر لەم ئایدیا کۆزمۆپۆلیتانییەدا ڕۆچووم کە کەنیسەی مەسیحی وەک چارەسەری دەردی ئەو ناسیۆنالیزمانە کاری لەسەر دەکات، نایشبێت زۆر پەلە بکەین لە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە، بەڵکو دەبێت هەوڵبدەین تێیپەڕێنین.

*** وەک تۆ وتت، ئەگەر وا دابنێین کە کارەساتەکان بە تەنیا کارەساتی سیاسی نین، بەڵکو ئەخلاقی و ڕۆحییشن، ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە چارەسەرەکە دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆحی و ئەخلاقییشە؟**

– تەنانەت ناشێت کێشە ئابورییەکانیش بە بێ تازەکردنەوەی ئەخلاقی چارەسەربکرێن. خەیاڵی ئەوە بکە کە دۆخەکە چۆن دەبوو، ئەگەر خەڵکی بکەونە بەردەم بازاڕێکی ئابوریی کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی کێبەرکێی تاکەکەسییانە بونیاد نرابێت، بەڵام هەستکردنییان بە بەهای تاکگەرایی هێشتا زۆر لاواز و شلۆق بێت و ئاسان تێک بشکێنرێت، بۆئەوەی ئەم هەستکردنە بە تاکگەرایی و سەربەخۆیی و ئازادی بەهێز بکرێت، ئەوا تاکەکەس پێویستی بە پاڵپشتێکی گەورەی ئەخلاقییە، لەبەرئەم هۆکارە پێموایە ئەم دوو لایەنە: ئابوری و ئەخلاقی، پێکەوە پەیوەندیدارن. من شۆڕشی ئەخلاقی لە پێش هەموو شتێکەوە دادەنێم.

*** کەواتە تۆ پێشنیاری گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی هیومانیزم و تاکگەرایی دەکەیت، ئەم دوو ڕێبازە ڕزگاریبەخشەی کە لە سەدەی نۆزدەدا باڵادەستبوون —من بە تایبەتی بیر لە پێشنیارەکانی لۆک و هیوم و میل دەکەمەوە، ئەوان دوور لە ناوەڕۆکی سۆشیالیزم و کۆمەڵایەتیبوون، ئایدیای مافی تاکەکەسیان پەرەپێداوە؟ یاخود ئەو بابەتەی کە لەبارەیەوە دەدوێیت شتێکی دوورلە لە تاکگەرایی تەقلیدیە بە ئاراستەی شتێکی نوێی مافی تایبەتێتی تاکەکەسی، بە جۆرێک کە لەگەڵ هاوبەندیی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت؟**

- پێموایە تایبەتمەندێتی مافە، بەڵام وا پێناچێت ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا چوونەتە دەرەوەی کۆمۆنیزمەوە، کە لە ئایدیۆلۆژیای بەکۆمەڵەوە پەیدابووە، بتوانن ئەم تایبەتمەندێتییە بەدیبهێنن تەنیا بەوە نەبێت، کە فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی تاکگەرایی وەربگرن.

*** پێتوایە زەرورەتێک لە ئارادایە وامانلێبکات بچینە نێو لیبرالیزمەوە؟**

- ئەو لیبرالیزمە زێدەڕەوە یان ئەو لیبرالیزمەی کە جیاکرنەوە و ڕەخنەی تێدا لاوازە، نەخێر. ئەمەیش ئەو هۆکارەیە کە وام لێدەکات کە پێداگری لەسەر شوناسێکی تاکەکەسییانەی باشتر بکەم، وەک ئەو شوناسەی مرۆڤ لە ئاین یان لە بزووتنەوەی فەلسەفیی ڕۆشنگەریدا دەیبینێتەوە. لێرەدا کۆتەیشنێک دەهێنمەوە کە پێموایە ئامانجی مەسیحییەت ڕووندەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکی ئەوتۆیشی پێیەوە نەبێت، کۆتەیشنەکە هی «مۆنتسکیۆ»یە و دەڵێت: »ئەگەر بزانم شتێک هەیە کە سوودی بۆ من هەیە، بەڵام بۆ خێزانەکەم زیانمەندە، ئەوا لە عەقڵی خۆمی

دەردەکەم. ئەگەر زانیم بۆ خێزانەکەم سوودەمەندە، بەڵام زیانی بۆ نیشتمانەکەم هەیە ئەوا بە تاوانی دادەنێم. ئەگەر بزانم کەڵک بە ئەوروپا دەگەیەنێت، بەڵام مرۆڤایەتی ئازاردەدات، ئەوا ئەوەیش هەر بە تاوان دادەنێم«. ئەمە ئایدیایەکی قەشەنگە، چونکە دەرککردنی بە واتای تاک، کەس، خێران، نەتەوەی تێدایە. نەک تەنیا ئەمە، بەڵکو گریمانەی ئەوەیش دەکات کە کەسی تاک تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا پەرەدەستێنێت.

*** ئەمە ئەو شتەبوو کە دەتویست ناوی بنێیت کۆزمۆپۆلیتانی؟**

بەڵێ، چونکە دەشێت نەتەوە، تاکەکەس، خێزان وەک مەبەست یان ئۆبێکتی گواستنەوەیی (تێپەڕین) پێناسە بکەین، وەک بڵێی کۆمەڵێک ساتەوەختن لە هاوبەندییەکی پێویست، بەڵام بەسیش نین. ئەمە ئەو لۆژیکی پەڕینەوەیە کە مۆنتسکیۆ، بەو جۆرەی کە لە کۆتەیشنەکەی پێشتردا دەردەکەوێت، پەرەیپێداوە. پێیشموایە دەبێت ئەمە —بۆ نموونە- لە تەواوی قوتابخانە فەرەنسییەکاندا بخوێنرێت، چونکە ڕوونییە کە هەموو فەرەنسییەکان ئەم لۆژیکە جێبەجێدەکەن یان نا، ئەوان لەمە دوورن، ئینجا کاتێک وەک غەریبەیەک لە فەرەنسا دەژیت، بەر دۆخی دژوار

دەکەویت، سەختە وەک غەریبەیەک لەوێ بیت، بۆیە دەبێت رووبەڕووی ئەم دۆخە ببینەوە، لەسەرووی هەموویشیەوە، دەبێت هەوڵبدەین ئەم بابەتە لەگەڵ هاوڕێکانماندا لە ڕۆژهـەڵات دابەشبکەین، ئەوەیش بۆئەوەی جیکاری بکەین لەنێوان ئنتیمای نەژادی و نەتەوەییدا، لەو ریگەیەوە کە هانیانبدەین بۆ وەلاناني چەقبەستوویی و قەتیسبوون لەم ئاستەدا، هەروەها بۆئـەوەی بۆ پێشەوە بـەرەو ئاسۆی بەرفراوانتر بجوڵێین.

*** پێتوایە ئاین ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینێت لـەوەدا، کە دوورتر لە تاقم و کەڵتە دیاریکراوەکان بڕوات و لە پرۆژەی دامەزراندنی جیهانیبوونێکی هاوبەشی دیاریکراودا بەشداریبکات؟**

– لە هەندێ ئایندا تێڕوانینێکی هۆمۆژین هەیە، کە ئەگەر بێتوو بەشداریی لە گریمانەکانی تاکەکانیدا نەکەیت، واتلێدەکەن وەک غەریبەیەک دەربکەویت، ئەمەیش واتای ئەوەیە کە ئاینە یەکتاپەرستییەکانمان هـەوڵـیـانـداوە بـۆچـوونـێک دەربـــارەی ئـەویتـر پەرەپێبدەن. دەبێت سوود لەم ڕوانگەیە وەربگرین و هەرچی تێیدا بە کەڵکە بۆخۆمانی بچنینەوە، ئەمەیش بەرهەمی بیرکردنەوەی ڕۆژئاواییە، دەبێت ئەوەیش بقۆزینەوە و بخەینەگەڕ، کە بزووتنەوەی

ڕۆشنگەری هەوڵیدا بەدەستیبهێنێت، ئەوەی لەمڕۆدا پێویستمانە دووبارە پەرەدانەوەیە بە هەموو ئەم شتانە. ئەمە واتای چییە؟ بۆ نموونە کاتێک غەریبەیەک لە دەرگای ماڵەکەم دەدات، پێویستە—وەک ئینجیل دەڵێت- گریمانەی ئەوە بکەم کە دەشێت ئەوە خودا خۆی بێت، –ئەمە ئاماژەیە بۆ قەداسەت و تایبەتمەندیی ئەویتر. ئەمە، وەک ئەوەی یەکەمین حاجییەکانی سەدەی یەکەمی مەسیحییەت هەتا سەردەمی قەشە ئاگۆستین فێرماندەکەن، مانایەکی تریشی هەیە کە واتای گەشت و، هەڵگرتنی پەیامی مەسیحە بۆ ئەوانی تر و پێشوازیکردن لە غەریبە هاتووەکان وەک ئەوەی حەجکەرن، هەموو ئەمانە دەمانبەن بەرەو جۆریک لە پێکهاتەی هاوبەند و تەبا لەنێوان کۆمەڵە نەژادییەکاندا. ئایدیای کاریتاس و خۆشەویستی مەسیحییەت، کە بەهۆیەوە شێوازی داڕزان لە مێژووی ترسناکی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواییدا دەبینین، لەمڕۆدا هێز بە کەنیسە مەسیحییەکان دەبەخشن. دەتوانین سەیری پەرەسەندنەکەی بکەین و سەرنجی لێ بدەین، بۆ نموونە لە ئایدیای یارمەیتدانی کاتۆلیکیدا، یان لە شێوازەکانی دیکەی کاردا کە مەسیحییەکان لە فەرەنسا بۆ غەریبەکان ڕێکیانخستووە: فێرکردنی خوێندنەوە بۆ کرێکارە کۆچبەرەکان

و خێزانەکانیان، دابینکردنی هاوکاری مـادی، .... هتد. من باوەڕم بەوەیە بە زۆری پشت بەم جۆرە دیاردانە ببەسترێت لە کولتوری ئاینیدا، چونکە لە چاودێریی و هاوکارییە میللیەکانەوە بەختەوەری پەخشدەکاتەوەو دەتوانێت پێشبینی مەترسییەکانی هەر ئاراستەیەکی لادەری ناسیۆنالیستی بکات.

*** لە حاڵەتێکدا کە ئاینەکان ئەم کارەیان ئەنجامدا، ئایا هیچ کارێکی تر دەمێنێتەوە کە بیکەن؟**

– بەڵێ، لەپاڵ ئەم کـارەدا زۆر شتی دیکە هـەیـە، کـە دەتـوانـن لـەسـەر ئاستی تاکەکەس ئەنجامیبدەن، ئەویش پەرەدانە بەم رەهەندەی تایبەتمەندێتی تـاکـەکـەسـی. ئایدیاکانمان لە ئـاسـمـانـەوە بـۆ دانـابـەزن، ئێمە میراتێکمان هەیە و دەبێت پشتی پێ ببەستین، ئەگەرنا دەبینە بوونەوەرانێکی ئەبستراکت. لە سەدەی هـەژدەوە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە تێگەیشتنماندا بۆ تایبەتمەندێتی مرۆیی ڕوویداوە، زۆر کاریش هەیە کە دەروونشیکاریی دەتوانێت بیکات، واتە هەمان ئەو شتەی کە بەردەوام پێداگری لەسەر دەکەم سورم لەسەر ئەوەی، لە کاری ڕۆژانەمدا پراکتیزەی بکەم.

*** پێتوایه ئەم کارەی کە لەنێو کایەی تایبەتی دەروونناسیدایە، ناکرێت لە لایەن ئاین و سیاسەتەوە بە شێوەیەکی دروست و ڕاست ئەنجامبدرێت، یاخود کارێکی تایبەتە بە دەروونشیکاری- کاری ڕۆحە؟**

نامەویت مژدەی دەروونشیکاری بدەم. بەلای دەروونشیکارەکانەوە، ئەو کەسەی کە شیکاریی بۆ دەکرێت دەبێت ئارەزووی تایبەت بەخۆی بۆ ئەم کارە پیشانبدات، لەبەرئەمە من ئەو ڕێنماییە بە خوێنەرەکانت نادەم کە دەستبکەن بە شیکاری، بەڵام پێموایە دەروونشیکاری فۆڕمێکی مۆدێرنە، کە دەشێت کەلەپووری یەکگرتنی یەهوودی و مەسیحی و زانینی ڕۆشنگەرانە لە سوبێکت و تاکگەراییمان لەبەرچاو بگرێت، بەڵام دەیشتوانین فۆڕمی دیکەی فێرکردن بدۆزینەوە، کە لەم تاکگەراییەیش زیاترە، فۆڕمی ئەوتۆ کە لە تێرامانی تاکەکەسییەوە درێژدەبێتەوە هەتا هونەر و خوێندنەوە و میوزیک و شێوەکاری.

*** ئایا دەکرێت ئەمە لە ڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەویتردا بەدیبێنین؟**

بەلای منەوە، پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا زۆر زەرورییە. هونەرەکان وەک جۆرێک

لە فۆڕمەکانی ڕۆشنکردنەوە زۆر پێویستن، بەڵام هەندێجار بەسنین. هەر بەم بۆنەیەوە، دەکرێت هەندێکات وا لە کەسێک بکەیت بە تاکگەرایی خۆی ڕەزامەند بێت و پێی بپەسەند بێت، لە هەمان ئەو کاتەیشدا ئەم کارە بکەیت، کە تێیدا دەتوانیت لە بری ئەوەی وای لێبکەیت زاڵبێت بەسەر نیگەرانیدا، بە داخران فریووی بدەیت و قەتیسی بکەیت، کەواتە بەڵێ، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ پەرەدان بەم تاکگەراییە، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

*** لە کۆتاییدا دەمەوێت لێت بپرسم: هەستدەکەیت لەمڕۆدا چ شتێک دەبێتە ڕۆڵی پرۆژەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی؟ من بیر لە خەونی ڤۆڵتێر و مۆنتسکیۆ دەکەمەوە، کە وەک کۆمارێکی جیهانی خەونیان بە ئەوروپای گەورەوە بینیووە، چونکە یەکەم کەس بوون تێڕوانینی خۆیان دەربڕیوە. ئێمە دابەشبوونی ئەوروپامان بۆ نەتەوە کێبەرکێکارەکان لەگەڵ یەکتردا بینی، ئەمە جگە لە دوو جەنگی جیهانی لە یەک سەدەدا، کە ئاکامێکی ڕاستەوخۆی ئەم دوژمنکارییەیان نواندەوە. دوای ئەم دوو جەنگە جیهانییە، بە دیاریکراوی دوای ئاوشڤیتز (Auschwitz) ، دەتوانین لەمڕۆدا پێشنیاریی چی بکەین وەک پرۆژەیەکی زیندوو و ڕەوا بۆ ئەوروپای یەکگرتوو؟**

- دەبێت بە جدییەتەوە لەم تووندوتیژیەی ئارەزووکردنی شوناس بڕوانین. بۆ ساتێک، ئەگەر کەسێک وەها دەرک بە خۆی بکات، کە لە ئەسڵێکەوە هاتووە، ئەوا دەشێت وا هەستبکات پێویستی بەوەیشە کە ستایشبکرێت و بەخۆیەوە بنازێت، بەڵام دەبێت تووندوتیژیی پشت ئەم ئارەزووەمان لەبیر نەچێت، ئەو تووندوتیژییەی کە دەشێت بەسەر مرۆڤ خۆی و ئەوانیتریشدا هەڵبگەڕێتەوە و جەنگ لەنێوان براکاندا بەرپابکات، بۆیە ئێمە پێویستمان بە دەرککردنی ڕەهەندەکانی پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکاندا، وردەکار و بەدیقەتبین. دوای بەرپابوونی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری، ئایدیای نەتەوە -بۆماوەیەکی درێژ- بە ئایدیایەکی وەها کۆنەپەرستانە و دواکەوتوو دادەنرا، کە مرۆڤ دەتوانێت وەلای بنێت و بە بێ ئەو ئایدیایە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ. پێموایە -لایەنیکەم لەسەر ئاستی ئابوری- ئایدیای نەتەوە هەر دەمێنێتەوە، لایەنیکەم بۆ ماوەی سەدەیەکی دیکەیش لەگەڵماندایە. ئەوەندە بەسنییە، کە ڕەهەندە ئابورییەکانی دەرک بکەین: دەبێت ئەو تووندوتیژییە دەروونییە پێوانەبکەین کە وا لە پەیوەستبوون بەم ئایدیاوە. ئەم تووندوتیژییە هەندێجار لە ڕێگەی هەندێک لە ئاینەکانەوە مومارەسەدەکرێت، بەڵام —

لەلای ئاینەکان- فۆڕمێکی دیکەی پەیوەستبوون بە ئەسڵەوە وەردەگرێت. بزووتنەوە فەندەمێنتاڵیستەکان —ئوسوڵییەکان- کە لە مرۆدا لە هەموو بوارەکاندا سەردەردێنن و زەقدەبنەوە، ناتوانین تەنیا بە پێشنیاری برایەتی باش، لەبەریەک هەڵیانبوەشێنین. دەبێت ڕووبەڕووی زۆر سەختی و ناڕەحەتی ببینەوە. ئێمە بەرەوڕوو و لەبەرامبەر ئارەزووی مەرگدا وەستاوین. پێموایە لە دوای کەوتنی دیواری بەرلین زیاتر لێی نزیک بووینەوە. کاتێک ئەمە ڕوویدا، هەر بەربەستێک دەیتوانی کەوتنی ئەم ئارەزووی مەرگەمان لێ بشارێتەوە، بەربەستە ئایدیۆلۆژییە پرۆمیسیۆسییە نوێیەکان، وەکو مارکسیزم، کە لە ئێستادا شتێکی ئەوتۆی لێنەماوەتەوە، هەروەها ئاینە کۆنەکان، ئەگەرچی هێشتایش بەهێزن و دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژتر بمێننەوە، بەڵام لە ژێر پرسیاردان. هیچ شتێک ناتوانێت ئەم ئارەزووی مەرگە بسڕێتەوە و بشارێتەوە. ئێمە بە تەنیا ڕووبەڕوو لەگەڵیدا ماوینەتەوە، ئەو وەڵامەی کە دەشێت لە ڕوانگەی منەوە قەناعەتهێنەرتر بێت و تۆزێک ڕازیمانبکات فۆڕمەکانی ڕۆشنکردنەوەو تیرامانە، کە هونەر و دەروونشیکاریی دەیڕەخسێنن.

ئامرازەکانی راگەیاندن و میدیا، ئەم ئارەزووی مەرگە پەخشدەکەنەوە. بڕوانە ئەو فیلمانەی کە

خەڵکی دوای ڕۆژێکی درێژ و ناڕەحەت حەزدەکەن تەماشاییبکەن: فیلمە ترسناک و ئیمۆشناڵەکان، بەڵام جگە لەم جۆرەیان ئیدی ئەوانیتر وەک کۆمەڵێک بەرهەمی وەرزکەر و بێزەوق دادەنرێن. ئێمە شەیدای ئەم توندوتیژییەین، لەبەرئەوە کاری ئەخلاقیی مەزن، کە تایبەتە بە کێشەی شوناس، ئەم ئەزموونە کاتییە لەگەڵ مەرگ و توندوتیژی و کینەدا دەچەسپێنێت. فۆرمە ناسیۆنالیستییەکان، هەروەکو بزووتنەوە فەندەمێنتاڵەکان، تەنیا کۆمەڵێک شاشەن لەبەردەم ئەم توندوتیژییەدا، شاشەگەلێکی تەنک و ڕوون و فریوودەر، چونکە تەنیا ئەو کینەیە دەشارنەوە و بۆ ئەوانیتر، بۆ دراوسێ، بۆ کۆمەڵە نەژادییە کێبەرکێکارەکانی دەنێرن. کاری گەورە کە دەبێت مەدەنییەتەکەمان ئەنجامی بدات هەوڵدانە بۆ کوشتنی ئەم کینەیە، بە بێ پەنابردن بۆ توانا و هێزە باڵاکان.

*(پاریس، 1991)*

# دەروونیشکاری و زمان

## گفتوگۆ لەگەڵ «ژولیا کریستیڤا»

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

*** تۆ وەک مامۆستای زمان، وەک نووسەرێکیش کە بابەتی ئەو کتێبانەی بڵاویدەکەیتەوە، پێیەکیان لەنێو فەلسەفەدایە و پێیەکەی دیکەیان لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا، چی وای لێکردیت کە دەستبکەیت بە ڕاهێنان لەسەر دەروونشیکاری؟**

- پێموانییە کەس ببیتە دەروونشیکار، ئەگەر بێتوو هەندێک پاڵنەریی نهێنیی تایبەت بە خۆی نەبێت... کۆمەڵێک دەردیسەری کە تێیاندا دەژی، هەندێک ئازار کە ناتوانێت دەریانببڕێت. لەگەڵ ئەو دەروونشیکارەدا قسەمکرد کە دەربارەی ڕواڵەتێک لە ڕواڵەتی شتەکان مامەڵەم لەگەڵ دەکرد، ئەمڕۆیش دەتوانم دەربارەی ئەم پاڵنەرانە تایبەتییانەی کارەکەم قسەبکەم.

دەمەویست ئەو حاڵەتانە بپشکنم کە سنوورەکانی زمانیان تێدایە، ئەو ساتەوەختانەی کە چیتر زمان دەوەستێت -بۆ نموونە- دەبێتە جۆرێک لە پەشۆکان، یان ئەو ساتەوەختانەی کە هێشتا زمان تێیاندا بوونی نییە، وەک ئەو کاتەی کە منداڵ، لە تەمەنێکی کەمدا، مەشق لەسەر فێربوونی زمان دەکات. بەلای منەوە مەحاڵە لەم دوو حاڵەتەدا مرۆڤ خۆی لە پشتی وەسفێکەوە بشارێتەوە کە گوایە بابەتی و میانڕەوە، چونکە هەڵبژاردنی ئەم دوو نموونەیە هەر لە پێشەوە گریمانەی بوونی

چەشنێکی دیاریکراو پەیوەندیگیری لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دەکات کە لەگەڵت دەدوێن.

تەئویلکردن و لێکدانەوەی قسەی خەڵکی، هەر پێشتر گریمانەی ئەوە دەکات کە کار بۆ لێکجووتکردنەوەی تێگەیشتنی خۆت لەگەڵ واتای ئەو قسانەدا دەکەیت، کە ئەوان دەیڵێن. گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بابەتگەرایی لە وەسفکردنی زمان و سنوورەکانی زماندا ئیمکانی نییە و ئێمە بە شێوەیەکی جێگیر و بەردەوام ئەو شتە ئەنجامدەدەین، کە دەروونشیکار پێیدەڵێت «وەرچەرخان» (transfer). بۆم دەرکەوت ئەگەر خۆیشم بە ئەزموونی دەروونشیکاریدا تێپەڕنەبم، ئەوا دەرهەق بە پراکتیزەکردنی ئەم گۆڕانە (وەرچەرخانە)، دەستپاک و ئەمانەتپارێز نابم.

*** بەشێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوەکەت لە بواری دەروونشیکاریدا، پەیوەستە بەو پرۆسەیەوە کە تێیدا تاک زمان وەردەگرێت. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە چییە؟**

- دەستەواژەی «پرۆسە«م لەو کاتەدا بەکارهێنا کە کارم لەسەر دەقەکانی ئەنتوان ئارتۆ دەکرد. ئارتۆ لە ئەدەبی مۆدێرنی فەرەنسیدا نوسەرێکی نیگەرانکەر

و شپرزەکەری سیستەمە. هۆکاری ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە ئەزموونێکی سەیری شێتیدا تێپەڕیووە، لەلایەکی دیکەیشەوە بەو هۆیەیە کە بە قووڵی بیری لەو مۆسیقایە کردۆتەوە کە لە زماندا هەیە. هەر کەسێک کە دەقەکانی ئارتۆ بخوێنێتەوە بە زوویی دەرک بەوە دەکات کە شوناسەکان هیچیان جێگیرنین: شوناسی نیشانە زمانییەکان، شوناسی واتـا، بگرە وەک دەرەنـجامـی ئـەوەیـش شوناسی قسەکەر خۆیشی. جا بۆئەوەی بابەتی چەسپاوی و جێگیری لە واتا و بکەر (کە واتا بەرهەمدەهێنێت) دابماڵم، بیرم لەوە کردەوە، کە دەستەواژەی «بکەر لە پرۆسەدا»، گوزارشتێکی گونجاوە. «پرۆسە« بەو واتایەی کە دەستەواژەی پرۆسە پشتیوانیی لێدەکات و لـە هەمانکاتدا بـەو واتـایـەیش کـە داوا (دەعـوا) ی دادگایی ساغیدەکاتەوە، ئەگەر بێتوو بکەرەکە دادگایی بکرێت، چونکە شوناسەکانمان لەم ژیانەدا بەبەردەوامی ملکەچی پرسیار دەبن و دەکەونە ژێر پرسیارەوە، ئینجا دادگایی دەکرێن و هەمیشەیش حوکم لە دژیان دەردەکرێت.

دەمویست ئەو زمانە بپشکنم کە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕۆشـن، ئـەم حـاڵـەتـانـەی ناجێگیری و

نائارامی، لە پەیوەندیگیریی باودا دەردەخەن –کە پەیوەندیگیرییەکی ڕێکوپێکە و دەخرێتە نێو ڕاهێنان و دەستەمۆکردنەوە– لەکاتێکدا کار بۆ چەپاندنی ئەم حاڵەتە ناجێگیرانەی هەڵچوونی وروژێنەرانە دەکەین، هەروەها حاڵەتەکانی پەشۆکان لە خولقاندن و داهێنان و ئازاریشدا. دەمویست ئەم ساتانە دەربخەم، کە نائارامی پێکدەهێنن و تێیاندا پێویستمان بە زمان، یان نیشانەکانی زمان، یان سوبێکتی بکەر هەیە، تاوەکو ببنە ئوبێکتی «پرۆسەی» گۆڕانەکە. دەتوانین ئەم ئایدیایە بەدەستبهێنین و بەکاریبهێنین، نەک تەنیا بۆ پشکنینی دەقەکانی ئارتۆ، بەڵکو بۆ وەسفکردنی هەر «ڕووداو»ێک کە تێیدا بە ئاراستەی بەزاندنی پێوەرەکاندا دەجوڵێین.

*** لە کتێبەکەتدا دەربارەی ئەم پرۆسەیە، یەکێک لەو جیاکارییانەی کە تۆ کردووتە، جیاکارییە لەنێوان ئەو دوو شتەدا کە ناوتناون «سیمیۆتیکی» (Semiotic) و «ڕەمزی». ئەمەت بۆ ئەوە کردووە، تاوەکو ئەو پەرەسەندنەی پێ ڕوونبکەیتەوە کە منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتای گەشەکردنیدا پێیدا تێپەڕدەبێت، تێپەڕین لە کەسێکەوە کە هێشتا ڕەگەزی خۆی ناناسێت، بۆ سوبێکتێکی قسەکەر. ئایا دەتوانیت ئەم جیاکارییەمان بۆ ڕوونبکەیتەوە؟**

- بۆئەوەی لەم حاڵەتەی ناجێگیری و نائارامی بکوڵینەوە –واتە ئەو ڕاستییەی کە واتا تەنیا بونیادێک یان پرۆسەیەک نییە، یان ئەو ڕاستییەی کە بکەر تەنیا یەکەیەک نییە، بەڵکو ئەم یەکەیە هەمیشە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە–، وەک بابەتێک بۆ چارەسەرکردن گریمانەی ئەم دوو حاڵەت، یان دوو مەرجەی بەدەستهێنانی واتام کرد، کە ناومنان «سیمیۆتیکی» و «ڕەمزی». ئەوەی پێیدەڵێم «سیمیۆتیکی» دەمانگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتەکانی پێش–زمان لە منداڵیدا، کاتێک منداڵ، ئەو دەنگانە دووبارە دەکاتەوە و دەیانداتەوە کە دەیانبیستێت، یان لەو کاتەی کە منداڵ کاردەکات بۆ گۆکردنی ڕیتمەکان و سازاندنی ڕەگەزەکان alliterations یان بەرز و نزمییەکان، لەمەیشدا هەوڵدەدات تەقلیدبکاتەوە، یان تەقلیدی ئەو شتانە بکاتەوە کە لە دەوروبەرەکەی بوونیان هەیە. لەم حاڵەتەدا منداڵ نیشانە زمانییە پێویستەکانی نییە، ئینجا واتایەک بوونی نییە، کە وشەی «واتا» بە کردەیی واتاکەی بدات. تەنیا دوای ڕۆڵی ئاوێنەکان، یان دوای ئەزموونی خەسان لە گرێی ئۆدیپدا، تاک توانای ئەوەی دەبێت ببیتە خاوەنی نیشانە زمانییەکان و وشەکان بەو جۆرە گۆ بکات کە بۆی وەسفکراوە. من ئەم قۆناغەیان ناو دەنێم «ڕەمزی».

*** هەر بە ڕاست، لە ڕۆڵی ئاوێنەکان و گرێی ئۆدیپدا چی ڕوودەدات؟**

- هاوشوناوسی و لێکجووتی لە شوناسدا ڕوودەدات. ئەوەی ناویدەنێم «سیمۆتیکی» حاڵەتێکە لە شیکاریی کە تێیدا چەشنەکان دەردەکەون، بەڵام هیچ شوناسێکی جێگیریان نییە. ئەوانە چەشنگەلێکی ناروون و زوو گۆڕاو و کاتیین. ئەو پرۆسانەی لێرەدا ڕوودەدەن ئەوانەن کە فرۆید ناویان دەنێت پرۆسە «بەراییەکان» (سەرەتاییەکان)، واتە پرۆسەکانی گۆران. نموونەمان بۆ ئەمە ئەو دەنگانەیە، کە منداڵان دەریدەکەن، قسە ناڕوونەکانیان و گڕوگاڵەکانیانە کە سەرجەمیان وێنەی دەنگیین دەبارەی ناجێگیریی لە جەستەیاندا. جەستەی منداڵ دابەشبووە بەسەر پارچەگەلێکدا کە پڕیەتی لە ئارەزووی سێکسی، دەتوانین ئەو شوێنانەیان تاڕادەیەکی زۆر بووروژێنین، یان بە پێچەوانەوە، ئەو شوێنانە بێهەست و بێباکن لە حاڵەتی گۆڕانی بەردەوام و وروژان، یان لە حاڵەتی لەناوچوون و کوژانەوەدان، بە بێ ئەوەی شوناسێکی جێگیر بوونی هەبێت.

«شوناسی جێگیر» ڕەنگە تەنیا دروستکراوێک، هەڵبەستراوێک بێت، ڕەنگە تەنیا وهمێک بێت. کام

بنیادەم «شوناسی جێگیری» هەیە؟ هەندێک هەنگاو هەن کە بەرەو ئەم جێگیرییەمان دەبەن، یەکێک لەو هەنگاوانە کە دەروونشیکاری فەرەنسی «ژاک لاکان» دەریخستووە، ئەو لێکجووتییە ئاوێنەییەیە کە ئەو ناوی ناوە «قۆناغی ئاوێنەکان». لەم قۆناغەدا منداڵ دەتوانێت وێنەی خۆی لە ئاوێنەکاندا ببینێتەوە وەک ئەوەی وێنەی تایبەتی خۆیەتی. ئەمە یەکەم هاوشوناسییە کە جەستەی هیولایی بەشبەش و پارچەپارچە پێیدادەڕوات. ئەمە شتێکی توندوتیژ و دڵڕەقە و لەهەمانکاتدا دڵخۆشکەر و شادیبەخشیشە. ئەم لێکجووتییە لە حاڵەتی هەژموونی وێنەی دایکدا ڕوودەدات، کە نزیکترە لە منداڵەوە و ڕێگەی پێدەدات لە هەمانکاتدا نزیک بێت و دووریش بێت.

من ڕوخسارێک دەبینم، جۆرێک لە جیابوونەوەی یەکەم ڕوودەدات، ئینجا دەرککردن بە فۆرمی یەکەمی فۆرمەکانی شوناس. ئەم شوناسە هەر ناجێگیرە، چونکە هەندێکات شوناسی خۆم دەناسمەوە وەک شوناسی تایبەت بە خۆم، هەندێجاریش لەگەڵ شوناسی دایکمدا لێم تێکدەچن. ئەم ناجێگیرییە نەرگسییە، ئەم گومانە (؟)، هێشتایش هەر دەمێنێتەوە و وام لێدەکەن لە خۆم بپرسم: «من کێم؟ ئایا ئەوە منم یان کەسێکی

ترە؟» تێکەڵبوونی وێنەی سوبیکت و وێنەی دایک وەک یەکەم «ئەویتر» (کە بەر منداڵ دەکەوێت) هەر دەمێنێتەوە و لەنێوناچێت.

بۆئەوەی بتوانین لەم تێکەڵبوون و سەرلێشێوانە و لەم جیانەکردنەوەیە دەربچین، ئەوا چەشنە کلاسیکییەکەی پەرەسەندن بەرەو ئەوەمان دەبات، کە ئارەزوو بۆ دایک و کردەی لەدەستچوونی( دایک) کە ئاکامی دەسەڵاتی باوکانەیە، لەنێو سێگۆشەی ئۆدیپیدا، ڕووبەڕوو ببنەوە. لەم دۆخە ئایدیاڵییەدا، ئەم بابەتە لە دەرەنجامدا دەبێتە مایەی جێگیربوونی سوبێکت، لێرەیشەوە کەسەکە دەتوانێت ئەو ڕستانە دەرببڕێت، کە بە گوێرەی ڕێساکان و بە گوێرەی یاساکان کاردەکەن، هەروەها دەتوانێت چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە، واتە دەتوانێت حوکمبدات. ئەم دۆخە جۆرێک وەرگرتنی ڕەمزی دەنوێنێتەوە، کە هەر لە پێشەوە گرێدراوی ئەزموونی دەروونییە کە لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ ئەویتردا، دەیبات بەرەو جێگیربوون.

**❊ یەکێک لەو وێنانەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە سیمیۆتیکییە بە دایکەوە بەکارتهێناوە، وێنەی «وێلاش»ە، ئایا دەتوانیت ئەم وێنەیەمان بۆ شرۆڤەبکەیت؟**

– من باوەڕموایە کە ئەم شێوازە سیمیۆتیکییە فەرامۆشکراوەی کە ئاماژەت پێدا، بەو پێیەی ئاماژە بە قسەی بێ سەروبەر و تێنەگەیشتراوی منداڵ دەکات و منیش بۆ ئەوە بەکارمهێناوە، تاوەکو پێناسەکە ڕوونتربێت، شێوازێکی هەرە درێژخایەنە لە زەمەندا، کە یادەوەریمان دەربارەی ئەو پەیوەندییەی بە جەستەی دایکەوە گرێمان دەداتەوە، دەپارێزێت، یادەروەی دەربارەی هەموو پشتبەستنەکانمان بە جەستەی دایکانە و ناسەربەخۆییمان لەو جەستەیە، لەم حالەتەیشدا جۆرێک لە شەهوەتی سوبێکتیڤ پەیدادەبێت کە ئەستەمە لە ئەزموونی دایک جیایبکەینەوە . ئێمە گوزارشتە دەنگی و هێماییەکان لەم ئەزموونەدا دەچەپێنین و بە کاریگەری ئەو شتانەی دواتری وەریان دەگرین دەیانشارینەوە، لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی بەدیهاتنی سەربەخۆیی سوبێکت.

سەرەڕای ئەوەیش، ڕەنگە ڕێگەی جیاواز بۆ کەپتکردنی ئەم ئەزموونە هەبێت. ڕەنگە جۆرێکی سەرەنجڕاکێشی کەپت هەبێت کە دوای ئەوەی ڕوودەدات، ئیدی لەسەر لم باڵەخانە دروستبکەین، چونکە لەو کاتەدا بنچینەکان خاپوورکراون، مەبەستم ئەوەیە سەرکوتکراون و چەپێنراون،

یان ڕەنگە هەوڵبدرێت بۆ گۆڕینی ئەم چاڵە، ئەم دەفرە و بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێک کە لە دەرەوەی پانتایی ڕەمزی بێت. بە دەربڕینێکی دیکە، پرۆسەی خەساندنی ئۆدیپی دواتر دێت، دوای قۆناغی ئاوێنە. (وشەی «وێڵاش» (Chora) لە زمانی یۆنانیدا بە واتای دەفر دێت، ئەوەیش ئاماژەیە بە بیرۆکەکەی وینیکۆت دەبـارەی «سـکـپـڕی»: دایـک و منداڵ پەیوەستن بە بەندێکی هەمیشەییەوە، بە جۆرێک کە هـەر یەکێکیان بەویتریانەوە بەوستراوەتەوە، دەروازەیەکی دوولایەنە هەیە تێیدا منداڵ پەیوەستە دایـکـەوە، بـەڵام دایکیش پەیوەستە بە منداڵەوە). لەم بابەتەدا دەتوانین توانای خولقاندن و داهێنان ببینین، تەنانەت داهێنانی زانستی بەرەنجامی توانای بەزاندنی پێوەرەکان و بەردەوامیدانە بەم پرۆسەیە هەتا بەدەستهێنانی بەختەوەری و چێژ. ئەمانەیش گوزارشتگەلێکن کە ئاماژە بە ئەزموونێکی کۆنینەی دوورە زەمـەن دەکـەن، کە پەیوەستە بە بابەتێکی دایکانەی پێشوەختەوە.

*** لای تۆ واتـاکانی خولقاندنی ئەدەبی چییە؟ ئایا ژنان، بە ئەزموونی هێزەکی (پۆتێنشییەڵ) و کردەیی (ئەکچواڵ) لەگەڵ دیکایەتیدا، نیشانەیەکی تایبەتییان هەیە، کە هی قۆناغی سیمیۆتیکی بێت؟**

– ئەوەی لەم ئەزموونە وێلاشییە سیمیۆتیکییەی زمـانـدا ڕوون و ئاشـکرایـە ئـەوەیـە کـە شیعر بەرهەمدێنێت. دەکرێت ئەم قۆناغە بە سەرچاوەی هەوڵی ستایلیستیکی و سەرچاوەی ڕاستکردنەوەی نـەزمـی ئاسایی و ئاستنزم، هـەروەهـا نـەزمـی لۆژیکی دابنێین، لەڕێگەی کردەکانی شێواندن و بەلاڕێدابردنە زمانییەکانەوە وەکو خوازە و تیلنیشان و هێنانەناوەوەی ڕەگەزی میوزیکی.

بـەڵام دەرهـەق بە ژنـان، مەسەلەکە ئاڵۆزترە. لەلایەکەوە ژمارەیەکی زۆری ژنان –جا بونیادی حاڵەتە تایبەتییەکانیان هەرچییەک بێت– ڕووبەڕووی حـاڵـەتـەکـانـی بـەزیـن (احـبـاط) و هیستریا، یان حاڵەتەکانی داڵغەلێدان دەبنەوە. ئەوان گلەیی لەوە دەکەن، کە ئەزموونیان لەگەڵ زماندا وایانلێدەکات وا هەست بکەن، کە زمان لاوەکییە، ساردوسڕە، نـامـۆیـە بـە ژیـانـیـان، نـامـۆیـە بـە هەستەکانیان، نامۆیە بە ئازارەکانیان و ئارەزووەکانیان، وەک بڵێی زمان جەستەیەکی بێگیانە و بێگانەیە پێیان. کاتێکیش کاریگەریی ئەمە کـەم دەکـەنـەوە، ئەوا عـادەتـەن ئـەو هـەسـتـەیـان لا دروسـتـدەبـێـت کە زمـان، وەک ڕاهێنانی لۆژیکی، بۆ ئـەوان جێگای پـرسـیـارە. دەکـرێـت ئـەم گلەییە بـە دوو جۆر

تەفسیربکرێت: ڕەنگە ئەوە ڕەتبکەنەوە کە خۆیان بدەنە دەست پرۆسەی پەیوەندیگیری، کە پێویستی بە قوربانییە لە هەموو لایەنە بەشدارەکانەوە، هەم لەلایەن پیاوان و هەم لەلایەن ژنانیشەوە، ئەم رەتکردنەوەیە لەلایەن شێوازێکی دیاریکراوی ڕۆمانسیی بزووتنەوە فێمێنیستییەکانەوە وەک کردەیەکی شۆڕشگێڕانە وەسفکراوە، بەڵام ئەم تەفسیرە بۆ هەموو دۆخەکان دروستنییە، چونکە دەشێت ئەم ڕەتکردنەوەیە هەوڵێک بێت بۆ هەڵهاتن لە کۆمەڵگە و پەیوەندیگیری، ئینجا پەنابردنە بەر جۆرێک لە ئەزموونی روحی، کە رەنگە ببێتە مایەی بەسەرخۆدا داخران و (ناوەکیبوونەوە) و جۆرێک لە نەرگسییەت. من پەیوەندیگیریی لۆژیکی ڕەتدەکەمەوە، پەیوەندیگیرییەک کە بە من نامۆیە ، ئینجا دواتر دەکشێمەوە بۆ ئەزموونە کۆنینە فەرامۆشکراوەکەم، کە تێیدا خوازیاری دڵخۆشییەکی سۆزدارییانەم لەنێو جەستەی دایکانەدا. من ئەمە بە جۆرێک لە تەحەدی شۆڕشگێڕانە دادەنێم.

لەلایەکی دیکەیشەوە پێموایە دەبێت حەقیقەتی بوونی جۆرێکی دیاریکراوی ئازار ببینین، کە ئەم گلەیی و سکاڵایە دەریدەخات. ئەم بابەتە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە سەرنجی ئەوە

بدەین لە کۆدی کۆمەڵایەتیدا، لە پەیوەندیگیریی کۆمەڵایەتیدا، بنچینەی ئەو شوناسانەی وا قۆناغی سیمیۆتیکی لە قۆناغەکانی زمان دروستیکردووە، دەچەپێنرێت و فڕێ دەدرێتە بازنەی ئاڵۆسکان و شلەژانەوە، حەقیقەتی گوێ لێ نەگرتنیشی و بایەخ پێنەدانی بەشێوەیەکی تایبەت (ئەمەیش دەبێتە مایەی کوشتنی پەیوەندییە دایکانە و ئەسڵییەکە، کە هەموو سوبێکتێکی بکەر بە دایکەوە دەبەستێتەوە)، تووشی بەزینمان دەکات، تووشی هەستی نامۆییمان دەکات. چەندین پیاو و ژن هەیە، کە تووشی ئەم جۆرە ئەزموونە بوون. من وەک دەروونشیکارێک کە دەیەوێت بەگژ ئەم بەزین و داڕووخانەدا بچێتەوە، لە کاری خۆمدا بە دوای دوو شتدا دەگەڕێم، لەلایەکەوە ئەگەڕێم بەدوای بەتاڵبوونە لە هێزی کینە، کە ناتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات، ناتوانێت خۆی دەرببڕێت (بە زۆری بەزین (إحباط) ئاکامی کینەیەکە، کە هێشتا خاڵی نەکراوەتەوە).

لە هەمانکاتیشدا بەدوای ئەو گۆڕانکارییە زمانییانەدا دەگەڕێم، کە تایبەتن بە پەیوەندیگیریی فەرامۆشکراو لەگەڵ جەستەی دایکانەدا، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بیر کراوە. تۆ لێم دەپرسیت

ئەم جۆرە دەستەواژانە لە کوێوە دێنین؟ ئێمە ئەم دەستەواژانە لە واتای ئەو قسانەوە ناهێنین، کە نەخۆشەکان دەیڵێن، چونکە عادەتەن واتای قسەکانیان ئاسایی نییە و شێوازێکی باو نییە و هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆیان بە بابەتەکەوە نییە. ئێمە دەتوانین ئەم دەستەواژانە لە پلە و ئاستی دەنگ، لە خێرایی قسەکردنەوە، یان لە نزمی دەنگ و وەرزیی لە دەنگدا، یان لە هەندێک ڕەگەزی میوزیکییەوە لە بەکارهێنانی زمانیدا، وەربگرین، هەروەها دەتوانین لە هەندێک جۆری سازان و پێکەوە گونجاندنەوە بەدەستیان بهێنین، ئەمەیش واتای ئەوەیە کە مرۆڤ، هەروەک «ئەلیس لە وڵاتی سەیوسەمەرەکاندا»، گوزارشتەکانی پارچەپارچە بکات و بەدوای «وشە هەڵکۆڵراوەکان»دا بگەڕێت ، ئا ئەمەیش واتای ڕاستەقینەی ئارەزووە بیمارەکەیە، لەو جێیەدا کە ئەم پەیوەندییە فەرامۆشکراوە لەگەڵ دایکدا، بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێت. ئەم مەسەلەیە زەرووررییە، بۆئەوەی بتوانین سەرلەنوێ ئەم نەخۆشخانە ئامادە بکەینەوە و بۆ هەموو تاکەکەسێک، بە تایبەتییش بۆ ژنان، خاڵی دەستپێک دروستبکەین.

*** ئایا دەکرێت ژنان زمان و نوسینی تایبەت بەخۆیان هەبێت؟**

– لەبارەی ئەم خاڵەوە دڵنیا نیم، چونکە ئەوەی کە وەک «نووسینی ژنانە« جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتەکانییەوە خۆی لە «نوسینی پیاوانە« جیادەکاتەوە. بۆ نموونە دەتوانین دەربارەی بایەخدان بە منداڵ و دایکایەتی بە جۆرێک بدوێین، کە پیاوان نەتوانین بەو جۆرە قسە لە بارەیەوە بکەن، چونکە هەردوو لایەنەکە هەمان ئەزموونی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و خێزانییان نییە.

دەربارەی ستایلیش – ئەو دینامیکییەتە کردەییانەی زمان، ئەو گەڕانەوەیە بۆ قۆناغی سیمیۆتیکی، گوزارشتکردن لە پەیوەندیی فەرامۆشکراو بە دایکەوە لە زماندا، ئا ئەمانە مۆنۆپۆلی ژنان نین. کتێبەکانی پیاوانێکی وەکو جەیمس جوێس و ستیڤان مالارمێ و ئەنتوان ئارتۆ، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی بابەتەکانەوە، بەڵام دەکرێت ئێمە لە داهێنانی ئێستاتیکیدا چەندین شوێن و پێگە داگیربکەین. هەر داهێنەرێک بە ناچاریی لە ڕێگەی

لێکجووتی لەگەڵ بواری دایکانەدا دەجووڵێت، ئەمەیش ئەو هۆکارەیە کە وا دەکات، سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی دینامیکییەتی سیمیۆتیکی، لە هەموو کردەیەکی خولقاندندا، شتێکی گرنگ بێت.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پیاوان و ژنان بە هەمان شێواز و بە یەک ڕێگە لەگەڵ ئەو دایکە کۆنینە فەرامۆشکراوەی ناوەوەیاندا، لێکجووت و هاوشوناس دەبن؟ لە ڕاستیدا لە ڕووی فۆرماڵەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم، بەڵام لە لایەنی دەروونییەوە پێموایە مەسەلەکە بۆ ژنان سەختترە، چونکە ژن ڕووبەڕووی شتێک دەبێتەوە، کە ناتوانێت خۆیی لێ جیابکاتەوە، ئەو شتێکی هاوشیوەی خۆی دەبینێت. ئێمە لەم دۆخەدا دوو ژنین، بەڵام لای پیاوان دایک هەر وەک ئەویتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە دۆخی پیاواندا لێکجووتی و هاوشوناسی لەگەڵ دایکدا چێژێکی قەدەغەکراوی لادەرانەیە، بەڵام لە دۆخی ژناندا پرۆسەکە هەندێک مەترسیی پەشێوی لەخۆدەگرێت. ڕەنگە مەسەلەکە بگاتە شوێنێت کە خۆم لەدەستبدەم، شوناسەکەم بدۆڕێنم.

ڕەنگە ئەم دۆخە ڕاڤەی ئەوەمان بۆ بکات، کە بۆچی بۆ ژنان ئەستەمە لەم دۆزەخە، لەم کەوتنە، ڕزگار ببن، ئۆرفیۆس توانی کاری خۆی جێبەجێبکات، بەڵام یۆریدا نەیتوانی.

*** داخۆ ئەمە ڕاڤەی ئەوەیش دەکات، کە بەشێکی زۆری کاری تۆ لە ئەدەبدا لەسەر ئەو کتێبە چڕ بۆتەوە وا باست کرد؟**

– حاڵی حازر من کار لەسەر «مالیخولیا» دەکەم، دەقەکانی مارگرێت دوراس وەک نموونەی نووسینی مۆدێرن، کە واتای ئازار بەدەستەوە دەدەن، بەکاردەهێنم. مارگرێت دوراس لە دەقەکانیدا تێمای ئازار دەکاتە تێمایەکی بەردەوام. ئەو زیاتر گرنگی بە وەسفکردنی تێمای ئازار دەدات، نەک بە لێکۆڵینەوەی ستایلیستیکی و زمانەوانی. لە هەر کوێدا تازەبوونەوەی ستایلیستیکی هەبێت، ئەوا فۆرم داخوراو و شکستە و نوقسان دەبێت. ڕستە ناتەواوەکانی دوراس، لەو گەمە ئاگرینانەی کە لە بەرهەمەکانی جوێسدا لە چێژی دەنگی و تۆنەکاندا هەستی پێدەکەین، زیاتر کار بۆ وەرگێڕان (تەرجەمەکردن)ی ئازارەکان دەکات، بەڵام لە کارەکانی دۆراسدا گوزارشتکردن لە ئازار خۆیشی ئازاربەخشە.

*** بەشی هەرە زۆری دوا بەرهەمت تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان مالیخولیا و بەزین (أحباط) و داهێنان. چۆن بوو ئەم گۆشەی لێکۆڵینەوەیە هاتە نێو کارەکەتەوە؟**

- ئەمە لەو سەرنجە دەروونشیکارییەوە دەستیپێکرد، کە هەر بە ڕاستی بەزین نەخۆشی سەردەمەکەمانە. خەڵکانی زیاتر و زیاتر هەن کە داد لە دەست بەزین و داڕووخانی کەسایەتی دەکەن، ئێمە لە دەروونشیکاریدا تێبینیی ئەوە دەکەین، کە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە وەک تووشبوو بە هیستریا و خەڵەفان و شتی لەم بابەتە دێن بۆلامان، نیشانەکانی بەزینیان هەیە، کە بۆیان بۆتە حاڵەتە نەخۆشییەکان. ئەمە زۆر گرنگە، چونکە کێشەکە دەکەوێتە ئەو پنتەوە، کە کەوتۆتە نێوان لێکۆڵینەوەی بایۆلۆژی و لێکۆڵینەوەی دەروونییەوە.

بەر لە ساڵانێک دەروونشیکاری خۆی لە بەرامبەر زماننناسیدا بینییەوە. لە ئێستایشدا تەحەدایەکی نوێ هەیە، ئەویش بایۆلۆژیای دەمارناسییە. زۆر دەرمان هەن کە کێشەی بەزین چارەسەردەکەن، ئەم دەرمانانە توانا و کاریگەریی تایبەتیان هەیە لە چارەسەرکردنی نیشانەکاندا، بەڵام من وەک دەروونشیکارێک

پێموانییه بە بەکارهێنانی حەب و دەرمان ئازاری دەروونی کەمبکرێتەوەو بەزین چارەسەربکرێت، چونکە هێشتایش ئەسڵی کێشەکە هەر دەمێنێتەوە.

بەڵام دەرهەق بە کردەی داهێنانی ئەدەبی و ئێستاتیکی (کە ئەمە بۆ من گرنگە)، دەڵێم کاری داهێنەرانە لە ڕێگەی ئەزموونی هەستکردن بە بەزینەوە دەستپێدەکات و هەر بەنێو ئەمەیشدا تێدەپەڕێت، چونکە بە بێ ئەم ئەزموونە ناتوانین دەربارەی جێگیربوونی واتا یان ئاساییبوونی گوزارشت، پرس و باس دابمەزرێنین. دەبێت جاروبار نوسەر بە دۆخی لەدەستچووندا بڕوات – لەدەستچوونی پەیوەندییەکان، لەدەستچوونی واتا- بۆئەوەی بتوانێت بنووسێت.

وێڕای ئەوە، شتێک لە پارادۆکسی لێکدژانە لە کاری ئەو نووسەرەدا هەیە کە بە سەختترین و کاریگەرترین ئەزموونی بەزیندا دەڕوات، بەڵام لە هەمانکاتدا توانای ئەوەی هەیە لەم ئەزموونە دەربازببێت. بۆ نموونە نووسەر دەتوانێت باسی بەزینی خۆیمان بۆ بکات، لە ڕاستیدا ئەمەیش سەرکەوتنە بەسەر بەزیندا. دەقەکانی مارگرێت دوراس تاوتوێی ئازارەکان، ئەزموونی غەمگینی، مەرگ، خۆکوژی دەکەن، دەقەکانی دۆستۆیڤسکیش بە هەمان شێوە، بەڵام

دەقەکانی جیرار دو نێرڤال ، وێڕای هەموو ئاماژەکانی بۆ کەلەپوری کولتووری، ئەوەمان پیشاندەدەن کە تا چ ڕادەیـەک غەمگینی و ئازارەکان دەکرێت لە تێما ئەدەبییەکاندا بەرجەستە ببن.

بەڵام تەنانەت کاتێکیش کە مەسەلەکە پەیوەستە بە نووسینی شادیگێڕ و گەشبینانەیشەوە، ئەوا لە سەربوردەی نوسەرەوە دەزانین، کە ئەمە هەمیشە گریمانەی ئـەوە دەکـات جۆرێک لە بەکارهێنانی دژبەرانە بوونی هەیە: ئەمە ڕوخساری درەوشاوە دەنوێنێتەوە لە خۆری مالیخولیادا. لەو ڕێگەیەوە دەتـوانـیـن لـە نەخۆشیی بـەزیـن ڕزگـاربـبـیـن کە ناوەرۆکە نەرێنییەکانی هەڵبگەڕێنینەوە، ئەوەیش لە ڕێگەی گۆڕینی ئەم ناوەرۆکانەوە بە ڕێگەیەکی پۆزەتیڤ. ئەمە لە پێکەنینی ئەو لیبۆکە دەچێت کە غەمێکی قووڵ دەردەبڕێت. لەم ڕوانگەیەوە بواری خەیاڵکراو دەپشکنم، وەک شتێک کە بە زەرورەت سروشتێکی پـەیـوەسـت بـە مالیخولیای هەیە، هەروەها لە هەمانکاتدا وەک ململانێیش لەگەڵ ئەم مالیخولیایەدا لێیدەکۆڵمەوە.

بــوونـــەوەرە خـەیـاڵـیـیـەکـان چـارەسـەرێـکـی کاریگەری بەزینن، ئەگەر بتوانین ئەمە بکەین، ئەوا دەتوانین ئەم بوونەوەرە خەیاڵییانە دابهێنین.

# زمانی بینراو

ژولیا کریستیڤا
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

ئەگەر سروشتی فۆتۆگرافیا و سینەما بە زۆری لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆژییەوە قسەیان لێکرابێت، ئەوا ئەو میتۆدەی –کە وەک زمان سەیری ئەم دوو کایەیە دەکات- میتۆدێکی زۆر نوێیە. لەم بارەیەوە، دەتوانین سەرنج لە جیاوازی شێوازی بونیادی فۆتۆگرافیا و شێوازی بونیادی سینەما بۆ بەدەستهێنان و گرتنی واقیع بدەین. بەم جۆرە بۆچوونی «ڕۆلان بارت» دەربارەی زەمەنیبوونی فۆتۆگرافیا کاتیگۆریایەکی نوێی «شوێن/کات»ە: «[فۆتۆگرافیا] بە دروستکردنی پانتاییەکی ڕاستەوخۆ و زەمەنێکی پێشتر، قاڵبی خۆی وەردەگرێت»، «پێکەوەبەستنێکی نالۆژیکی «ئێرە و «ئەوەی کە بووە« [یان ئەوەی کە ڕوویداوە]». فۆتۆگرافیا واقیعێکی پێشترمان دەخاتە بەردەم، تەنانەت کاتێکیش وامانلێدەکات هەست بەوە بکەین لە بابەتی فۆتۆکاندا ئایدیالیزمێک هەیە، ئەوا وەک وەهمێکی پەتی هەستی پێناکات: فۆتۆ دۆکیۆمێنتی واقیعە و «ئێمە لەبەردەمیداین».

بە پێچەوانەی ئەمەوە، سینەما دەیەوێت سوبێکت بکەوێتە نێو ئەو شتەوە کە دەیبینێت. خۆی وەک کایەیەک پیشاننادات کە دەیەوێت واقیعێکی ڕابردوو بهێنێتەوە، بەڵکو وەک خەیاڵێک کە سوبێکت تێیدا

دەژی. هەندێک نووسەر ئەم مۆرکەی سینەما، کە وەک واقیعێکی خەیاڵی بەر ئێمە دەکەوێت، دەگێڕنەوە بۆ توانای سینەما لە نواندنەوەی جوڵە و زمان و گێڕانەوەدا و..هتد.

لەلایەکیتریشەوە، هەر لە سەرەتاوە دەرهێنەرەکان خۆیان لە ڕەخنەی فینۆمینۆلۆژیی بە دوورگرتووە، و لە گۆشەیەکی دیکەوە بایەخیان بە خەسڵەتەکانی سینەما داوە و، پێشبڕکێی هەڵگۆزینی یاساکانی سینەمایان کردووە. لەوانە: ئایزنشتاین و ڤێرتۆڤ. بۆ نموونە ئێمە لە وانە سەرەتاییەکان دەربارەی فۆڕم و دەلالەت قەرزداری ئایزنشتاینین، کە لەوێدا گرنگی مۆنتاژ دەسەلمێنێت لە بەرهەمهێنانی سینەماییدا، پاشانیش لە هەموو بەرهەمهێنانێکی «دەلالەتدار»دا.

سینەما بە ڕێگایەکی «ئۆبێکتیڤ» و سروشتی و بەردەوام واقیعێکی دیاریکراو ناگوازێتەوە، بەڵکو برگەکان بەش بەش دەکات و ئاستەکان لێکجودادەکاتەوە، ئینجا لە ڕێگەی مۆنتاژێکی نوێوە سەرلەنوێ پێکیان دەهێنێتەوە. سینەما دووبارە شتەکان بەرهەمناهێنێتەوە، بەڵکو دایاندەڕێژێتەوە و ڕێکیان دەخاتەوە و ئاراستەیان دەکات. ئەم ڕەگەزانە مانای خۆیان تەنیا لە بونیادێکی نوێدا

وەردەگرن کە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە دروستدەکرێت. ئەم بنەمای پێکهێنانەوەیە، یان باشتر بڵێین ئەم بنەمایەی لێکبەستنەوەی ڕەگەزە لێکجیاکان، جا چ لێکچووبن یان لێکدژ، دەلالەتێک دروستدەکات کە لەو ڕەگەزانە خۆیاندا نییە و ئەمەیش ئەو بنەمایەیە کە ئایزنشتاین لە نووسینی هێرۆگلیفیدا دۆزیویەتییەوە. هەڵبەت ئەم پیاوە بەوە ناسراوە بایەخێکی زۆری بە هونەری ڕۆژهەڵاتی داوە و زمانی یابانیی زانیوە...

بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، دەبێت فیلم دەقێکی هێرۆگلیفیی بێت، تێیدا ڕەگەزی دوورەپەرێز واتایەکی لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆنتێکستەکە نەبێت و بگرە بەشداربێت لە پێکهێنانی سیاقەکەدا، هەروەها لە پەیوەستیدا بێت لەگەڵ پێگەی خۆی لە بونیادەکەدا. لەم بوارەدا با باس لەو وێنە جیاوازانەی سێ پەیکەری شێرەکە بکەین لە فیلمی «کەشتی جەنگیی پۆتمکین»دا. ئەم وێنانە بە پێی ئاستە سەربەخۆ و یەک لەدوای یەکە ڕیزکراوەکان، لێکجیان، ئەم وێنانە گوتراوێکی فیلمکارییانە دەنوێننەوە کە تێیدا «واتا» پەیوەستە بە نواندنەوەی هێزی شێر لە شۆڕشی بەلشەڤیدا.

بەم جۆرە، هەر لە سەرەتاکانییەوە سینەما، وەک زمانێک لەخۆی تێگەیشتووە کە بەدوای پێکهاتەی تایبەت بە خۆیدا دەگەڕێت، پاشان دەکرێت بڵێین، ئەم گەڕانە بەدوای ڕێساکانی گوتنی فیلمکارانەدا، بە تایبەت لەو کاتەدا زۆر زەق و بەبایەخ بوو کە سینەما قسەی تێدا نەبوو، واتە هێشتا سینەمای بێدەنگ بوو: لەو کاتەدا سینەما، کە بێدەنگ بوو، بەدوای زمانێکدا دەگەڕا، کە بونیادێکی جیاوازی لە بونیادی قسەکردن هەبێت.

ئاراستەیەکی تر هەیە دژی مۆنتاژە، خواستی بەلای گێڕانەوەیەکی سینەماییدایە کە بەشبەشکردن و پێکهێنانەوەی ئاستەکانی تێدا نەبێت، هەر ئاستێک تێیدا بڕگەیەک بێت، جوڵەی ئازادی کامێرا بێت، وەک بڵێی فیلم دەستبەرداری دەرخستنی پێکهاتە زمانییەکەی خۆی دەبێت (گواستنەوە لە پێشەوە، گواستنەوە لە پشتەوە، پانۆرامای ئاسۆیی، پانۆرامای شاقوڵی و..هتد)، بۆئەوەی بە هەر زمانێک هەبووە، بێتە گۆ و بدوێت. ئەمەیش ئەو شتەیە کە لای ئەنتۆنینی و فیسکۆنتی و کەسانێکیتری وەک «ئارسۆن» و «ژان لوک گۆدار»، دەیبینینەوە. ڕەنگە ئەم دوو شێوازەی باسمان کرد وەکو یەک جێی پەسەند بن.

ئـەم تێبینییە خێرایانە ئـەوە دەردەخــەن، کە ناکرێت پێمانوابێت سینەما زمانێکی قسەکردنە (لسان) کە تەنیا لەسەر ڕەگەز و یەکە و یاساکانی خـۆی دروسـتـکـراوە، بەڵکو بـەر لـە هـەر شتێک زمانە (لـغـة) . پێشتر قسە دەربــارەی جیاوازی نێوان ئەو بۆچوونەی کە سینەما دەکاتە زمانی قسەکردن (لسان) بۆ گواستنەوەی قسە و ئەوەی دەیکاتە زمـان [وەک خاوەنی بونیاد]، کـراوە. لە ئێستایشدا زۆر توێژینەوە هەیە کە تەرخانکراوە بۆ ڕێسا ناوەکییەکانی زمانی سینەمایی. بگرە هەندێک توێژینەوە هەن کە چوارچێوەی فیلم لە مانا بەرتەسکەکەیدا تێدەپەڕێنن و، گرنگی بە زمانی شریتە نیگارکراوەکان [یان وێنەی جوڵاو] دەدەن. ئـەم بەدوایەکداهاتنەی نیگارەکان، کە بێگومان لاسایی ڕیزبەندیی وێنە سینەماییەکان دەکاتەوە، جێگیریی وێنەی فۆتۆگرافی و بێجوڵەیی نیگارەکان تێدەپەڕێنێت، بۆئەوەی زەمەن و جوڵە لە گێرانەوەدا ئاوێزانی یەکتربکات.

وێنە [یان وێنەی فۆتۆگرافی] گەر دوورەپەرێز و و تاکوتەنیا بێت دەبێتە گـوتـراوێـک، کاتێکیش لەگەڵ وێنەیتر، یان لەپاڵ کۆمەڵە وێنەیەکی دیکەدا دانرابێت دەبێتە گێڕانەوە. لێرەدا دەتوانین کایەیەکی

نوێی لێکۆڵینەوە دیاریبکەین: پەیوەندیی نێوان زمانی سینەمایی و شریتە نیگارکراوەکان لەلایەک و، دەقی زارەکی (قسەی کردەیی)، کە هاوشێوەی ئەم زمانەیە و وەریدەگێڕێت و گەرەنتۆریەتی، لەلایەکیتر.

